
# ئەو کاتەی ئاسۆیەك لە بەردەم "زمان"دا ئەکرێتەوە زمانیش هەڵئەفڕێت و...

## گفتوگۆیەك لەگەڵ "شێرکۆ بێکەس"ی شاعیردا، سەبارەت بە پرسە ڕۆشنبیرییەکان و پرسی تریش

مەڵبەند ـ لەندەن

*پ. باری ئێستای ڕۆشنبیریی کوردی بەگشتی و بەتایبەتیش ڕەوشی شیعری کوردی، کە بەڕێزتان ڕۆڵێکی گرنگتان لە نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا بینیوە و تائێستاش لەگەڵ نووسەرانی دیکەدا لە ئەفراندن و بەردەوامیداندان بەو نوێکردنەوەیە، چۆن ئەبینیت؟*

و. ڕەوشی گەشەکردن و پێشکەوتن و هەموو نوێکردنەوەیەک لە بوارەکانی شیعر و ئەدەبدا سەرجەم و بەگشتی پەیوەندییەکی دینامیکییان بە ڕەوشی سەردەمەکە و بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و مەودای ئەو ئازادییەوە هەیە کە فەزای داهێنان و ئەفراندنن.
لە قەفەزدا فڕین نییە، بەڵام ئەو کاتەی ئاسۆیەک لە بەردەم «زمان»دا ئەکرێتەوە زمانیش هەڵئەفڕێت و خەیاڵیش ئەبێتە "ئەستێرەی جریوەدار". هەڵبەت ئەم لێکدانەوەیەم تەنها بۆ ئەو شاعیر و نووسەرانەیە کە هەڵبژاردەی زەمانی خۆیانن، تاکی سنووربەزێنن، یان بە واتایەکی تر ئەو ژمارە کەم و دەگمەنانەن کە توانیویانە خەرمانی ئەفراندنی خۆیان هەبێت. وەک ئەبینین لە ئێستادا ڕۆژانە دەیان شیعر بڵاو ئەبنەوە، بەڵام تەمەنی زۆربەی زۆریان لەو ڕۆژە تێپەڕ ناکات کە تیایدا بڵاو ئەبنەوە. دوێنێش هەروا بووە و سبەینێش هەروا ئەبێت. لە ڕۆژگاری «نالی»دا کەم مەلا و فەقێی مزگەوت هەبوون شیعر نەنووسن، بەڵام کەفەژیلکە بوون و بیر چوونەتەوە. لە ئێستادا بارودۆخی ڕۆشنبیریی کوردی بە گشتی لە جموجووڵ و بزووتنەوەیەکدایە کە بە لای منەوە ئومێدبەخشە بۆ ئەوەی بەرهەمە جوانەکان زیاتر بن و ژانرە ئەدەبییە جیاجیاکان لە نەشونماکردندا بن، بەڵام ئەم گەشەکردنە هێشتا هەر خاو ئەڕوات و جموجووڵ و بزووتنەوەکە سست و کەمخوێنە، چونکە وزەی ڕەخنەی فیکری و ئەدەبیمان لە ئاستێکی نزم و بێهێزدایە. ئێمە ناتوانین



**شێرکۆ بێکەس**

باس لە ڕۆشنبیرییەکی گەشەکردوو بکەین، ئەگەر جووڵانەوەیەکی ڕەخنەیی ڕۆشنبیریی گەشەکردوومان نەبێت. هەر لەبەرئەوەیشە زۆرجار بەرهەمە باش و خراپەکان تێکەڵی یەکتر ئەبن و لە یەکتر جوێ ناکرێتەوە، چونکە خوێندنەوەی ڕەخنەگرانەمان بە واتای لێکۆڵینەوە و توێژینەوە هێشتا لە سەرەتادایە و لە چەند هەوڵێکی جیدی بەولاوە هەوارێکی چۆڵ و خاڵی بەدی ئەکەین. ئەگەر نا، کامانەن ئەو توێژینەوە ئەدەبییە جیاجیانەی لە بارەی کارە ئەدەبییە گرنگەکانمانەوە نووسراون؟! لە ڕووی چەندەوە لە ئەمڕۆدا کارە ئەدەبی و هونەرییەکان زۆرن بەڵام نموونە دەگمەن و باڵاکان کەمن، ئەمە نەک هەر لە شیعردا بەڵکو لە تەواوی ژانرە ئەدەبییە جیاجیاکانیشدا. تۆ بڕوانە دنیای شیعر لە بەشی هەرەزۆری بەرهەمەکاندا، خۆدووبارەکردنەوە لەنێوان شاعیراندا زەق و دیارە، یان بە جۆرێکی تر، ئەفراندن سنووردارە. تێپەڕین و لێزیادکردن و دۆزینەوەی نەبینراو و نەبیستراوەکان هەر یەکجار دەگمەنن. شاعیرگەلێکی زۆر هەن و بەڵام وەک کۆپی یەکتر بن وان. من بۆ خۆم زۆرجار ناتوانم خوێندنەوەی ئەو شیعرانە تەواو بکەم، چونکە نە مانا و نە ڕیتم و نە وێنە و نە خەیاڵی قووڵ و نە خاڵی سەرسامکەریان تێدا بەدی ناکەم. تۆپەڵە قسەن. یان وشەی ڕۆکراون، یەکێک لە کێشە هەرە دیارەکانی ناو ئەدەبی ئێمە ئەوەیە زۆرجار نووسەر خۆیشی نازانێت چی ئەڵێت! هەڵبەت ئەو کەسانەی ڕۆڵیان لە نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا بینیوە بە پەنجەی دەست ئەژمێردرێن، بەڵام ئەو هەڵبژاردەیە هەموویان پێکەوە و هەر یەکە و لە ئاستێکەوە نوێکردنەوەیان ڕەنگین کردووە، واتە ئێمە بۆ هیچ قۆناغێک ناتوانین ئەفراندنەکان تەنها بە شاعیرێکەوە یان دووانەوە ببەستینەوە. من بۆ خۆم لەگەڵ ئەوەدا نیم بڵێین ئەمە قۆناغی «گۆران»ە یان قۆناغی «مەولەوی»یە یان هی «نالی»یە، کە ئەبێ ئەم ناوانە ڕۆڵی دیار و لەبەرچاویان بووبێت، یان وەک هەندێ لوتکە دیارتر بن، بەڵام لەڕاستیدا بۆ نموونە قۆناغی گۆران قۆناغی ئیبراهیم ئەحمەد و عەلادین سوجادی و شاکیر فەتاح و هەموو شاعیر و نووسەرە دیارەکانی گۆڤاری «گەلاوێژ»ە. بەم جۆرە پێکهاتەی هەر قۆناغێک لە ئەنجامی هەموو «موبدیعەکانی» ئەو قۆناغەوە دێت. کتومت وەک زنجیرە چیایەک چۆن لە یەک لوتکە زنجیرەیەک دروست نابێت، ئەدەبی سەردەمیش هەروەهایە. ڕاستە لە ئێستادا نەخشەی شیعری تازەی کوردی گەورە و بەرفراوان بووە. بەڵام درەوشانەوە هەر لە نموونە جوان و کەمەکاندایە و نهێنیی داهێنان لە هەموو دەور و زەمانێکدا هەر لەناو ژمارە زۆرەکاندا نەبووە.
نوختەیەکی تر پەیوەندی بە مەسەلەی ئەفراندنەوە ئەوەیە کە کەم شاعیرمان هەن هونەرەکەی خۆیان درێژە پێدابێت و وەک

پێویست دەوڵەمەندیان کردبێت. مەبەستم ئەوەیە بڵێم ئێمە شاعیری ئەزموونێکی دیار و شێوازێکی دیارمان کەمە. ئێمە شاعیری درەوشانەوەی ساتەوەخت و تەمەنکورتمان زۆرترە. کوژانەوەکان لە هەڵبووەکان زۆرترن. لە جێی خۆدا چەقین و خۆدووبارەکردنەوە زۆرتر ئەبینین وەک لە بەردەوامبوون و خۆنوێکردنەوە. تۆ تەماشا بەشی زۆری شاعیران بە تەنها یەک وێستگە یان یەک باخچە یان یەک ئاوازیان هەیە. جیهانی شیعر لای ئێمە هەر تەواو بچووک و تەنگەبەرە، چونکە ڕوانینەکان بۆ ژیان کورت و درشت بین، شاعیری «بێوێنە» دەگمەنن. من نامەوێت دەربارەی داهێنان و ئەزموونی خۆم، بەردەوامبوونم، قسەی خۆم بکەم بە سەردێڕ و شایەتی خۆم. با بەرهەمەکان خۆیان بدوێن و کەسانی تر لەو بارەیەوە قسە بکەن. ئەمەیان زیندووتر ئەبینم وەک لەوەی خۆم بانگەشە بۆ داهێنانی خۆم بکەم!

*پ. هەندێک پێیان وایە، کە چ لە ڕووی ناوەڕۆک و چ لە ڕووی شێوەوە، باڵاترین بەرهەمی ئەدەبیی کوردی تا ئێستاش، چ لە بواری شیعر و چ لە بەشەکانی دیکەی ئەدەبیاتدا، ئەو بەرهەمانەن کە لەلایەن نووسەرانی هەڵگری ئاڵای نوێکردنەوەی ئەدەبیاتی کوردی ــ مەبەست لەو نووسەرانەیە کە حەفتاکاندا دەرکەوتن ــ و پاشانیش نووسەرانی پاش ئەوانەوە نووسراون و ئەنووسرێن! لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی بەڕێزتان بۆ ئەمە چییە؟*

و. گومان لەوەدا نییە، بزووتنەوەی نوێخوازی ئەدەبی حەفتاکان لە باشووری کوردستاندا زەمینەیەکی یەکجار بە بڕشتی بۆ شیعر و چیرۆک بە دوای خۆیدا هێنا. لەو چەند ساڵەدا کانیاوەکان تەقینەوە و چەندین بەهرەی پرشنگدار و جوان هاتنە کایەوە و زمانی کوردی گۆڕانێکی لەبەرچاوی بەسەردا هات و بۆ یەکەم جار بوو دیالۆگی ئەدەبی و کۆڕ و کۆبوونەوە ئەدەبییەکان بەو شێوە گەرموگوڕە ئامادەبوونیان هەبێت. جگە لەوەی سەرەتای جۆرێک لە ڕەخنەی ئەدەبی پەیدا بوو. لە شەستەکاندا ئەدەبی کوردی لە بەستەڵەکێک ئەچوو، هەتاوی حەفتاکان ئەو شەختەبەندەی کردەوە.
بەهەرحاڵ حەفتاکان وێستگەیەکی گرنگی کرانەوە و داهێنان بوو، ئەم ڕاپەڕینە ڕووناکبیرییە سەرجەمی بوارەکانی هونەر و شانۆیشی گرتەوە. کەش و ئاووهەوایەکی لەباری سیاسی و جۆرێک لە ئازادی ڕێخۆشکەرەی ئەم سەرهەڵدانە تازەیە بوون. بەڵام ئەبێت هێندەی ئەو قەوارەی داهێنانانە خۆیان قسە بکەین و یەکجار زیادی پێوە نەنێین وەک ئەوەی بڵێین: نموونەی هەرە باڵا بوون و هەتا ئێستایش، نا، ئەو بەرهەمانە بەشێکیان نموونەی جوانی سەردەمی خۆیان بوون، دواترین ئەم نوێکردنەوانە



نوێکردنەوەی جوانی تریان بە دوادا هاتووە بەتایبەتی لە لایەن ئەو شاعیر و نووسەرانەوە کە لە هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکاندا دەرکەوتن و لە حەفتاکاندا هێشتا بەهرەیان بەتەواوی نەڕسکا بوو. ئەمە جگە لەوەی چەند شاعیر و نووسەری لەوانەی، لە حەفتاکاندا، لە پێشەنگی ئەو بزووتنەوەیەدا بوون، لە ساڵانی دواتریشدا بە هەمان گوڕ و تین و داهێنانەوە بەردەوام بوون و هەتا ئێستایش بەخشندەن. لەبەرئەوە ناکرێت خۆمان تووشی جۆرێک لە "دەمارگیریی ئەدەبی بکەین و لەبەر هەر هۆیەک بێت تەواوی نەخشەی داهێنانەکان لە حەفتاکانەوە هەتا ئێستا لە دید و بۆچوونێکدا قەتیس بکەین و بەرهەمە جوان و باڵاکانی ساڵانی دواتر و ئێستا بخەینە لاوە و بەهاکانیان نەبینین. من پێموایە ئەم جۆرە لێکدانەوانە نامەنتقین و نادروست و لە جۆرێک "تەحەزوبی ئەدەبی ئەچن. ئەگینا وەک لە حەفتاکاندا بەرهەمی باڵا و جوان هەبوو، دوای حەفتاکان و هەتا ئێستایش ئەو "نموونە باڵایانە" بەردەوامن! بەکورتی هەر ڕۆژگارە و خاوەنی ئەدەبی باڵای خۆیەتی. لە هەموو زەمانێکدا نووسینە ناشیرینەکان لە نووسینە جوانەکان زۆرتر بوون. لە حەفتاکانیشدا ئەو شیعر و چیرۆکە کۆڵەوارانە کەم نەبوون کە دیسان هەر بە ناوی نوێخوازی و تازەگەرییەوە بڵاو ئەبوونەوە و بەڵام لە دوای یەک جار خوێندنەوە ڕۆحیان دەرئەچوو!


*پ. هەندێکیش پێیان وایە، کە بەشی هەرەزۆری ئەو بەرهەمانەی بانگاشەی "نوێکردنەوە!" یان بۆ کراوە لە چەند هەوڵێکی "شەرمن!" زیاتر تێپەڕ نابن و تەنانەت بە بەراوردێکی بەپەلەش لەگەڵ ئەو هەوڵانەدا کە بۆ نوێکردنەوەی ئەدەبیات لە وڵاتەکانی دەوروبەری خۆیشماندا دراون، هیچیان نەخستۆتە سەر پێشکەوتن و باڵاتربوونی ئەدەبیاتی کوردی ! ئەی ئەمیان چۆن؟*

و. ئەمەیشیان هەر قسەفڕێدانە و بنەمایەکی نییە! لە ئەزموونەکانی تازەگەریی ئەدەبیی هەموو دنیادا لە سەدان شاعیر و چیرۆکنووسدا چەند بەهرەیەکی گەورە دەرکەوتوون و وەک سەرئەنجامیش هەر هەڵبژاردەیەکی کەمیان ماونەتەوە. ئەمە لە زۆر بواری دیکەی ژیانیشدا هەر وایە. هەر کەسێک چووە ناو ئاوەوە مەلەوان نییە. با زۆر دوور نەڕۆین، لە ئەزموونەکانی تازەگەریی شیعری عەرەبیدا لە ناوەڕاستی چلەکانەوە هەتا ئەمڕۆ سەدان شاعیر هاتوون و چوون و بە سەدان دیوانی شیعری تازە ساڵانە کەوتوونەتە بازاڕەوە بەڵام لەو ڕۆژگارەوە هەتا ئەمڕۆ، ئەو بەرهەم و ناوانەی توانیویانە گوزارشت لەو تازەگەری و نوێخوازییە بکەن و باڵائاوێنە بن بۆ ئەفراندن و تێپەڕاندن لە کۆمەڵە ناوێک زیاتر نین. لای ئێمەیش هەروا بوو و لە جیهانیشدا هەروایە. ئەدەبی باڵای ناو هەر کولتوورێک ئەدەبی باڵای دنیایشە. بەجیهانیبوونی ئەدەب لەماڵی ئەو زمانەوە دێت کە بەرهەمەکەی پێ نووسراوە. نوێکردنەوە یەک کاڵای نییە، بۆ ئەوەی بە باڵای هەموو سەردەمێکی ببڕین. شیعر و ئەدەبی جوان و باڵا بە کۆنی و تازەیی نییە، چوارینەکانی خەیام تا ئێستایش هەر تازەن و کەچی شیعری وایش هەیە ئەمڕۆ ئەنووسرێت و بەڵام هەر لە ئەمڕۆیشدا ئەمرێت. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا لای ئێمە و لە ناوچەی دەوروبەریشدا لە سەدا نەوەدوپێنجی ئەو شیعرانەی بڵاو ئەبنەوە «مۆری تازەیان» لە خۆ گرتووە، بە واتایەکی تر بە پێودانگی شیعری عەروزی کلاسیکی نانووسرێن، کەچی هەر لەناو بەشێکی ئەم شیعرانەدا بیری کۆنتر لە هەزار ساڵ لەمەوبەر ئەبینین! ئەوەی ڕاستیش بێت هەتا مەودای ڕووناکبیری لە هەر زمانێکدا بەرینتر و گەشتر بێت مەوداکانی ئەفراندنی ئەدەبییش بەخشندەترن. ئێمە ناتوانین لەم ڕووەوە بەراورد لەنێوان زمانی ئینگلیزی و کوردیدا بکەین یان لەنێوان فرەلایەنیی ئەفراندن لەنێوان زمانی ئیسپانی و زمانی عەرەبیدا. لە کولتووری ئێمەدا هەتا ئێستایش باڵای شیعر لە باڵای ژانرەکانی تر بەرزترە، بۆیە ئەتوانم بەدڵنیاییەوە ئەوە بڵێم لە نموونە جوانەکانی ئەم هونەرەدا، ئێمە خاوەنی کۆمەڵێک لەو تێکستانەین کە شان لە شانی نموونە باڵاکانی دنیا ئەدەن!

*پ. تائێستاش، شیعری کورت، بە بەراورد لەگەڵ سەرجەمی بەرهەمەکانتاندا بەشێکی زۆری بەرهەمی شیعریی بەڕێزتان پێک ئەهێنێت، بەڵام بەتایبەت دوابەدوای بڵاوکردنەوەی "دەربەندی پەپوولە" دیاردەیەکی دیکە بەتەواوی بە نووسینەکانی بەڕێزتانەوە ئەبینرێت، ئەویش ڕووکردنە دنیای شیعری درێژ، یان بە واتایەکی دیکە "ڕۆمانەشیعر"ە! ڕاڤە و لێکدانەوەی بەڕێزتان بۆ سەرهەڵدان و بەردەوامبوونی ئەم دیاردەیە چییە و بۆ؟*

و. تا ساڵی ١٩٩٠ کورتەشیعر یان شیعری نیمچەدرێژ بەشی زۆری بەرهەمەکانمیان پێک ئەهێنا، بەڵام لە دوای نووسینی «دەربەندی پەپوولە»وە، ئەو پێکهاتەیە گۆڕدرا و زیاتر ڕووی کردە نووسینی شیعری زۆر درێژ، یان داستانەشیعر. بەڵام ئەم وەرچەرخانە کتوپڕ نەبوو. تۆ ئەگەر سەرنج بدەیت تەنانەت لە دیوانەکانی سەرەتایشدا، ئەو هەناسەدرێژانە بەدی ئەکەیت. قەسیدەی «کۆچ» کە لە ناوەڕاستی حەفتاکاندا و ڕێک لە حوزەیرانی ١٩٧٥دا لە بەغدادی نووسیومە، ئەو کاتەی دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول بۆ ڕۆژئاوای عیراق دوور خرابوومەوە، درێژترین قەسیدەی تازەی کوردی بوو کە تا ئەو کاتە نووسرابێت و دواتر لەگەڵ قەسیدەی «گۆرانیی بەفر و منداڵیم»دا و لە ساڵی ١٩٨٠دا بە نێوی «دوو سرووودی کێوی»یەوە بڵاو بووەوە. قەسیدەی «کۆچ» نەک هەر لە ڕووی درێژییەوە بەڵکو وەک قەسیدەیەکی درامایی لە ئەزموونی خۆمدا وەرچەرخانێکی شیعری دیارە کە تا ئێستایش ڕەخنەی ئێمە ئاوڕێکی جیدی لێ نەداوەتەوە. هەر لە سەرەتای هەشتاکانیشدا بوو کە دیوانی «ڕووبار»م بڵاو کردەوە، ئەم بەرهەمەیش چەندین چیرۆکەشیعری درێژی لە خۆ گرتبوو کە دیارترینیان داستانەشیعری «مامەیارە» و «بەردەقارەمان» بوون. ئەوەی لێرەدا مەبەستمە بیڵێم نووسینی ئەو شیعرەدرێژانە وەک باکگراوندێک ڕێیان بۆ نووسینی داستان یان ڕۆمانەشیعرەکانی دواییم خۆش کرد. خۆم لە ئەزموونی ئەدەبیی خۆمدا نەمتوانیوە لە یەک وێستگەی شیعریدا ئۆقرە بگرم، هەمیشە جێگۆڕکێم لەنێو شێوازە جیاجیاکاندا کردووە. ئەمەیش بەو مانایە نییە من لە هەموو ئەو هەوڵ و جێگۆڕین و گەشتانەدا توانام و دەسەڵاتم چون یەک بووبێت، نا، ئەوەندەی هەڵچوونم هەبووە داچوونیشم کەم نەبوون. ئەم گواستنەوانە لە ڕوانگەیەکەوە بۆ ڕوانگە و ئاقارێکی تر، هەمیشە وزەیەکی تازەیان پێ بەخشیوم. وەک چۆن بینینی هەموو شارێکی تازە یان شوێنێکی نەبینراو وا لە مرۆڤ ئەکات بینینەکانی ڕەنگینتر بن یان ئاسۆی خەیاڵی بەردەوام لە تازەبوونەوەدا بن، ئەو جێگۆڕکێ و گواستنەوانەیش لە کورتەشیعرەوە بۆ شیعری درێژ و شانۆی شیعر و چیرۆکەشیعر و ڕۆمانەشیعر بۆ ئەزموونی من بەو جۆرە بوون. ئەوەی ڕاستی بێت، کورتەشیعر، لە برووسکە و یان لە شەوقی فلاش و لێدانی زەنگێک ئەچێت. یەک وێنەیە و یەک هەڵوێست و حاڵەت و بینین ئەگرێتە خۆ. شیعری کتوپڕە و سەرسامکەر. هەوێنی شیعرە. ئیمزاکردنێکی شیعرییە بەو زمانەی لە کورتترین دەربڕیندا زۆرترین مانا بدات بە دەستەوە. شیعری بیرۆکەیە. دیوانی «کازیوە»، ١٩٧٨، ئەزموونێک بووە بۆ ئەو جۆرە کورتەشیعرانە. من لەم ئەزموونەیشدا هەموو هەوڵەکانم لە ئاستی خواستی خۆمدا نەبوون، تیایاندا بووە بێ شەوق و کز و سیس بوون و ئەو خەون و پرسیارانەیان لا دروست نەکردم کە بیرم لێ ئەکردنەوە، بەڵام وەک ئاکام گوڵجاڕێکیان تێدا بوو کە پەسەندیان بکەم و دڵم پێیان خۆش بێت. شیعری درێژ، ڕووباری زمانە، خۆلێدان لەم ڕووبارە جۆرێک لە سەرچڵی ئەوێت. ئەمە جگە لە دەسەڵاتێک کە ئەزموونی دوورودرێژ، خەیاڵی فراوان، گەمەکردن لەناو زماندا، تووڵانیی هەناسە، وزەی چیرۆک و ڕۆمان، بەکورتی پەیبردن بە هونەری دراما، کە خاسیەتە هەرە دیارەکانی ئەم بەرهەمە درێژانەن. شپرزەیی زۆر و خەمە درێژ و قووڵەکان، فرەدەنگی و فرەڕەنگی شیعری درێژیان لێ ئەکەوێتەوە. ژیانی ئێمە و میللەتەکەمان بەردەوام ژیانی پڕ لە کارەساتی قووڵ و نەپساوە بووە. زنجیرەیەک لە مێژووی سەرگەردانی و نامۆیی و کۆچ و ژانی یەک لە دوای یەک بووە، زریانێک لە ئازار کە خۆشکردنەوەی بۆ نەبووە، ئەشێت یەکێک لە هۆیەکانی نووسینی ئەم کارە درێژانە بۆ ئەو مێژووە بگەڕێتەوە، چون زەوییەکی تینوو هەندێک شیعریش درەنگ تێراو ئەبن. بۆ نموونە تراژیدیایەکی وەک «ئەنفال» بە گرتەی تاقەوێنەیەک یان دیمەنێک یان یەک هەڵوێستەی شیعری سەبووری نایەت. ئەم درێژبوونەوانە لە درێژیی ئەو فرمێسکانەوە هاتوون، لە درێژیی ئەو لقوپۆپی ئازارانەوە و لە ڕەگی قووڵی ئەو بەسەرهات و مەرگەساتانەوە سەرچاوە ئەگرن و دواتر بەرەوخوار ئەبنەوە. لە لایەکی تریشەوە من بۆ خۆم هەر لە زووەوە یەکێک بووم لەو کەسانەی شەیدای خوێندنەوەی ڕۆمان بووم، پێموایە ئەم شەیدابوونەیش کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر ئەوە بووە کە هەناسەی شیعرنووسینم درێژ بکاتەوە، بەڵام بەو زمانی مەجازەی کە درامای شیعری پێکهاتەی سەرەکی بێت. ڕاستە شیعری جوان بە کورتی و درێژی نییە، بەڵام دنیای شیعر و ئەدەب، هەموو ئەو ژانرە گەورە و بچووک و ڕێگا کورت و درێژانەی تێدایە، هەموو ئەو ڕەنگە جیاوازانەی لە خۆ گرتووە.

من هەوڵم داوە تەواوی ئەو ڕێگایانە تاقی بکەمەوە. ئەڵێم تاقیکردنەوە، بەڵام ئیتر باس لە چۆنیەتیی بڕینیان ناکەم و ڕەنگە ئەمەیان گفتوگۆیەکی تری بووێت. لە کۆتایی ئەم وەڵامەدا، ئەگەر بتوانم قسەکانم کورت بکەمەوە ئەڵێم: جیهانی شیعر و داهێنان فرەلایەن و فرەڕەنگ و فرەدەنگە، بە تەنها یەک ماڵی ئەفراندنی نییە بۆ ئەوەی هەر لەوێدا بژیت. من عاشقی جوانییەکی نەبووم، بەڵکو عاشقی هەموو جوانییەکانی لە کانییەکەوە بۆ زەریایەک و لە تاقەدرەختێکەوە بۆ دارستانەکانی و بۆ کەناری دوورودرێژی ڕووبارەکانی و لە خەمەکانی خودی خۆمەوە بۆ خەمی هەمووان و بەو جۆرە من عاشقێکی شپرزە و گەڕیدەی ناو ئەم دنیایە بووم و بەردەوام گەڕاوم. ویستومە تازەتر ببینم و تازەتر بدۆزمەوە، جاری وا بووە نائومێد بووم و جاری وایش بووە پڕ بووم لە هیوا. من لەناو



زماندا شەونخونیم زۆر کردووە بۆ ئەوەی لە نزیکەوە پێکەنینی گوڵێکی یان گریانی وشەیەکی ببینم، بەم جۆرە لە هەناسەی کورتەوە بۆ درێژە لە کوێدا پرشنگی ئەفراندنێکم بە دی کردبێت سوجدەم بۆ بردووە. ئەوەندەی توانیبێتم هەوڵم داوە بە تەنها لە خۆم بچم بە هەموو جوانی و ناشیرینییەکانمەوە ئەوەم کە هەم. لەم ئەزموونە دوورودرێژەیشدا دڵنیام ئەوەی دوای خۆم ئەمێنێتەوە هەر هەڵبژاردەیەکی جوانی ناو ئەو هەموو وشانە ئەبن و ئەوانی تر بای بیرچوونەوە ئەیانبات! بۆچی هەڵبژاردەیەک لە هەناسەی کورت و درێژ کەمن، بۆ ئەوەی پاشەڕۆژ ئاماژەیان بۆ بکات؟


*پ. جارجارە گفتوگۆ و هەندێک جاریش گفتوگۆی توندوتیژ، کە دیارە زۆربەی زۆری ئەو گفتوگۆیانەش هیچ مەبەستێکی دیکەیان لە پشتەوە نییە لە پاراستن و بەرەوپێشەوەچوونی زمانەکەمان زیاتر، لە ڕاگەیاندنە کوردییەکاندا لەبارەی زمان و شێوەی نووسین و داڕشتن و ڕێنووسێکی یەکگرتووی کوردی و شتی دیکەی پێوەست بە زمانەوە ئەبینرێن! بەڕێزتان کە ماوەیەکی کەم نییە بەرپرس و سەرپەرشتیاری دەستگایەکی پێشەنگی بڵاوکردنەوەی کوردیین ــ مەبەستمان دەستگای چاپ و بڵاوکردنەوەی «سەردەم»ە ــ چ بیروڕایەکتان لەم بارەوە هەیە و دەستگاکەتان تا چ ڕادەیەک ئاوڕی لەم گفتوگۆیانە داوەتەوە و بە هێندی گرتوون!؟ بەتایبەت کە ئێستا دیاردەی*

*کەمتەرخەمی و "بەهێندنەگرتنی کێشەکانی زمان و چارەسەرکردنیان!" دیاردەیەکە بەتەواوی بە بوارەکانی ڕاگەیاندنی کوردییەوە ئەبینرێت!*

و. ئەمە ڕاستە و زمانی کوردی بە دەست زۆربەی زۆری ڕاگەیاندنەکانەوە بەردەوام ئەناڵێنێت وەک لەژێر ئەشکەنجەیەکی بەردەوامدا بێت. ڕۆژانە، لە کەناڵەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەکاندا سەروگوێلاکی خڵتانی خوێن ئەکرێت و هاوارهاوارێتی و ئاوڕی لێ نادرێتەوە، بەڵام کێشەکە بەلای منەوە چارەسەرەکەی لەوەدا نییە ئەم دەستگا چی ئەکات و کۆڕی زانیاریی کورد چی ئەڵێت و فلان گۆڤار و ڕۆژنامە کام ڕێنووس پەسەند ئەکات و یان ناکات. نا، کێشەکە لە بنەڕەتدا بۆ چارەسەرکردن ئەکەوێتەوە لای دەسەڵاتی سیاسی و قەوارەی سەربەخۆی کورد خۆی. با کەمێک ئەم ڕاوبۆچوونەی خۆم ڕوون بکەمەوە: وەک ئەزانن ئێمە بەگشتی بە دوو شێوە زمانی سەرەکی ئەنووسین و ئەخوێنینەوە. بڕیاردان لەسەر شێوەیەکیان مەسەلەیەکی ئاڵۆزە و هەر تەواو گرێدراوی دواڕۆژ و چارەنووسی سیاسیی کوردە، واتە قەوارەی سەربەخۆی کورد لە دواڕۆژدا ئەتوانێت ئەم مەسەلەیە یەکالا بکاتەوە ئەگەر بوونی دوو شێوەزمان و دوو سێ جۆرە حەرف بە کێشەی گەورەی نەتەوەیی لە قەڵەم بدات! بۆیە ئەڵێم: "دەسەڵاتی قەوارەی سەربەخۆ"، چونکە تا "دەوڵەت" مەسەلەی چارەسەرکردنی "زمان" بە "نان و بژێویی خەڵکەوە" نەبەستێتەوە، تا لە باخچەی ساوایانەوە بوونی یەک شێوە زمانی ستاندارد بە ڕێنووسێکی دیارەوە ڕەنگڕێژ نەکرێت و بناغەی بۆ دانەنرێت و قانوون لە پشتییەوە نەبێت، بەم جۆرەی ئەمڕۆ کەس گوێ لە کەس ناگرێت و جێگیر نابێت. بەلای منەوە ئەگەر بارودۆخی سیاسی و ئازادی باشووری کوردستان سەقامگیر بێت، یەکێک لە ئەرکە هەرەگەورەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەیە بە جیدی ئاوڕ لەم مەسەلە چارەنووسسازە بداتەوە و بەرنامەی بۆ دابڕێژێت و کاری بۆ بکات، چونکە وەک ئەیبینین لە ئێستادا هەر لە بواری ڕێنووسدا بە دەیان شێوەی جیاجیا لە ئارادایە و تەنانەت هەر گۆڤار و ڕۆژنامە و ناوەندێک یان دەستگایەک ڕێنووسی خۆی هەیە و ئەمەیش جۆرێک لە پاشاگەردانی و بەرەڵایی لەناو زمانی کوردیدا دروست کردووە. ئەم جڵەوە بەرەڵایە، بە تەنها دەسەڵاتی دەوڵەت ئەتوانێت بیگرێتەوە و لە ئێستادا بڕیاری هیچ ناوەند و زانکۆ و دەستگایەک لە دوای سنووری ئیداریی خۆی زیاتر بڕ ناکات و هەر لایەک ڕێنووس و شێوەی خۆی لا تەواو و پەسەندە و ئەوانی تری بەلاوە هەڵە و نادروستە. هەڵبەت بۆ ئەم چارەسەرکردن و یەکلاییکردنەوەیە ئێمە پێویستمان بەوەیە چەندین کۆڕ و کۆبوونەوە و کۆنگرەی زمانەوانی بگرین و پسپۆڕان و شارەزایان و مامۆستایانی زمان و توانا ئەکادیمیاییەکان بەشداری تێدا بکەن و بڕیار و پێشنیاری خۆیان بخەنە بەردەم لایەنە بەرپرسەکانی دەوڵەت و دەوڵەتیش جێبەجێیان بکات.

*پ. ئەگەر نەختێک لە دنیای نووسین دوور بکەوینەوە و بپرسین: "بینین و تێڕوانینی بەڕێزتان بۆ ڕەوشی ڕۆشنبیریی کوردی بەگشتی لە بوارەکانی دیکەدا، بۆ نموونە هونەری شێوەکاری، سینەما، مۆسیقا، شانۆ و بوارەکانی دیکە چییە؟" باری بەرەوپێشچوون و نەچوونیان چۆن ئەبینیت؟*

و. من پەیوەندییەکی ڕۆحی و نزیکم لەگەڵ هونەرەکانی تر و بەتایبەتی هونەری شێوەکاریدا هەیە و چەندین وێنەکێشی دیار و بەتوانایان لە هاوڕێ نزیکەکانمن. سەرەتا ئەمەوێت ئەوە بڵێم لەم سەردەمەی ئەمڕۆدا سنووری نێوان هونەرە جوانەکان و شیعر و ئەدەب بەتەواوی کاڵ بووەتەوە، ئەمەیش بەو مانایەی تا ڕادەیەکی لەبەرچاو بوون بە تانوپۆی یەکتری و یەک لە سەرچاوەی یەکتر وەرئەگرن و ڕەنگ و دەنگ و وشە ئەتوانن یەک یەکتری تەواو بکەن و کاری دەگمەن و بێهاوتای هونەری پێشکەش ئەو ڕۆژگارە بکەن. ئەگەر ئەمڕۆ مۆسیقا بە پلەی یەکەم هونەری بیستن و گوێچکە بێت، دیارە هونەری شێوەکاری بە پلەی یەکەم هونەری "بینین"ـە، تۆ لەسەر شانۆیت و شیعر ئەخوێنیتەوە و موزیک پێبەپێ لەگەڵتدا ئەڕوات و لە هەمان کاتیشدا هونەری شێوەکاری هەر ئەوکاتە یان پێشتر فەزای شیعرەکەی بۆ کردووی بە پەلکەڕەنگینەیەکی وێنە و بەم جۆرە جووڵە و بیستن و بینین و ڕەنگ لە جەستەوە بۆ ڕۆحی ئەو هونەرانە ئەڕژێنە ناو یەکترەوە. سەبارەت بە وەڵامدانەوەی پرسیارەکەیشتان من پێموایە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا هونەری شێوەکاریی ئێمە لە ڕێگەی «کۆمەڵێ وێنەکێشی بەتوانا»وە گەیشتۆتە ئاستێکی بەرزی «داهێنان»، ئەویش بە هەردوو جەمسەری دەرەوەی وڵات و ناوەوەی وڵات، بەتایبەت لە پانزە ساڵی ڕابوردووەوە، وەختێ «وێنەکێشان» لە ڕەهەندێکی تەنگەبەرەوە کەوتە ناو «پرۆژە» گەورەکانی وێنەکێشانەوە. ئەو پرۆژانەی سنووری نەخشەیەکی دیاریان بڕی و بەرەو هەموو دنیا کەوتنە ڕێ و لەلایەن هونەرمەندانی دنیاوە پێشوازییان لێکرا. هونەرمەندە گەورەکانی دەرەوەی وڵات، ئەوانەی عاشقی ڕاستەقینەی هونەرەکەی خۆیان بوون، توانیان سوودێکی زۆر لە ڕەوتی پێشکەوتووی هونەری شێوەکاریی تازە و مۆدێرنی دنیا وەربگرن و ئەزموونی خۆیانی پێ دەوڵەمەند و ڕەنگین بکەن. ئاخر چی لەوە خۆشترە ئەو هەڵبژاردە هونەرمەندە لە ژاپۆنەوە بۆ لەندەن و پاریس و تەنانەت تا ئەمریکای لاتین گەورەڕەخنەگرانی هونەرێکی شێوەکاری و ناوەندە هونەرییە دیارەکان ئاماژەیان پێ بکەن و کارەکانیان بەرز بنرخێنن. پرۆژەکانیان لە شێوەی کاروانی وێنەدا



دنیای پێشکەوتوو بگەڕێت و گوڵباران بکرێن. بەهەرحاڵ من پێموایە شیعر و هونەری شێوەکاری بە بەراورد لەگەڵ شانۆ و گۆرانی و مۆسیقادا لە ئاستێکی هونەری بەرزتردان. دیارە ئەمە بەو مانایە نییە، کە لە شانۆ و گۆرانی و مۆسیقادا بەهرەی جوان و دیارمان نییە، بەڵام ڕەوتی بەرەوپێشچوونیان خاوترە. ئەشێت ئەمەیش بۆ گەلێ هۆی بنچینەیی و لاوەکی بگەڕێتەوە کە باسکردنیان پەیوەندی بەم پرسیارەتانەوە نییە. شانۆی کوردی، مەبەستم لە باشووری کوردستانە، لە دوای ڕاپەڕینەوە تا ئەمڕۆ، واتە نزیکەی پانزە ساڵێکە، بەگشتی ساردوسڕی پێوە دیارە، سەیرە ئەگەر بڵێم بە بەراورد لەگەڵ جووڵەی حەفتاکان و بزووتنەوەی هەشتاکاندا وەک گەڕابێتەوە دواوە وایە. من بۆ خۆم لەو نمایشە شانۆییانەدا کە لە چەند ساڵی دواییدا بینومن، تەنها «چەند کارێکیان» کە بەشی هەرە کەمی ئەو کارانە بوون، سەرنجیان ڕاکێشاوم، یان توانیومە، تا کۆتایی بە دیاریانەوە دابنیشم. بەلای منەوە یەکێک لەو هۆیە گەورانەی ئەم بارودۆخەی دروست کردووە ئەوەیە: لای بەشی زۆری شانۆکاران، عەشق و سووتان بۆ «مەسەلەیەک یان هونەری شانۆ» لە داچووندایە و کەم بۆتەوە. ئەو کاتەی هونەرمەند «مەسەلەیەکی نەبێت» شانۆیشی نابێت، جا ئیتر ئەو مەسەلەیە هەرچییەک بێت. بەشی زۆری نمایشەکان لە گەمەیەکی سەرەڕۆیانە ئەچن. لاساییکردنەوەیەکی کوێرانەن بۆ ئەو دەقانەی لەڕێی خوێندنەوەی سەرپێییەوە هاتون. شانۆ

درامایە، کە دراما نەبوو، هەڵچوون و داچوون و لوتکە و شۆڕبوونەوە نەبوو، تەوەرێ نەبوو، شانۆ دروست نابێت. لە بەشی زۆری ئەو نمایشانەی کوردستاندا پیاو خەوی لێ ئەکەوێت، یان لەبری ئەوەی خەیاڵت لەسەر تەختەی شانۆ و لای ئەکتەرەکان بێت، لای دەرەوەیە. ئەو نمایشانە لە ڕۆحی شیعر و دراماوە دوورن. پەلاماری بەردی گەورە ئەدەن و پێیان هەڵناگیرێت. ڕەنگە هۆیەکی تر لەو هۆیانەی کوورەی شانۆی بەم جۆرە سارد کردبێتەوە پەیوەندی بەو بۆشاییەوە هەبێت کە «کۆمەڵێ» شانۆکاری بەتوانا لە دوای خۆیانەوە بە جێیان هێشتبێت دوای ئەوەی ڕوویان کردە دەرەوەی کوردستان، چونکە تۆ ناتوانیت بە ساڵ و دوو ساڵ ئەکتەری بەئەزموون و یان دەرهێنەری بەتوانا بخوڵقێنیت. زۆریشی ئەوێت تا جێگەی ئەو بەهرە و توانا دیارانە پڕ ئەکەیتەوە. هەڵبەت ئەزانم کە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کوردستانیش کەم تا زۆر لەم ساردبوونەوەیەدا ڕۆڵی خۆیان هەیە. شانۆ ململانێ و ڕەخنەییشە، شانۆی شەرمن و بێ جورئەت، شانۆیەک ئازایانە نەیەتە ناو کێشەکانەوە، ڕۆحی سنووربەزاندنی کۆمەڵایەتی و سیاسی تێدا نەبێت، شانۆی شاباشکردن بێت، یان ڕازیکردنی بینەران ئامانجی بێت و نەیەوێت خۆی لە قەرەی دابونەریتە چەقیوەکان بدات و سووژنئاژنیان نەکات، ناتوانێت ناوەوەی مرۆڤ ڕاچڵەکێنێت. پێویستە شانۆ بۆ ڕاپەڕینی ڕۆح بێت بەو مانایەی گوتارەکەی پەردەهەڵماڵین بێت لەسەر هەموو کارە دزێو و ناشیرینەکان و لەوەیش زیاتر خۆی لە قەرەی مەسەلە ترسناکەکان بدات. ئەو مەسەلانەی کە دەسەڵات ئەیەوێت پەردەپۆشیان بکات! هونەری سینەما لای ئێمە تازە بە تازە، مەبەستم باشووری کوردستانە، لە گاگۆڵکێدایە و هێشتا پێی نەگرتووە. بەڵام لەلایەن کۆمەڵێک سینەماکارەوە ئەو خەمە بۆتە خولیایەکی گەورە و ئەیانەوێت بە هێز و گوڕێکی تازەوە بێنە مەیدانی کارەوە، بەڵام بەداخەوە ئەوەندەی من ئاگادار بم ئەم خەم و خولیایە لەلایەن دەسەڵاتی سیاسی و حکوومییەوە هێشتا ئاوڕی جیدی بۆ پشتگیریکردن و داکۆکیکردن لێ نەدراوەتەوە. ئەمە جگە لەوەی لەم سەرەتایەدا پیاوی نەشیاو لەو شوێنانەدا دائەنێن و پیاوە شیاوەکان پشتگوێ ئەخرێن! چونکە نەک هەر لەم بوارەدا، لە بەشی زۆری کارە هونەری و ڕۆشنبیرییەکانی کوردستاندا، هێشتا عەقڵی زاڵ، هەر عەقڵی هۆز و حیزب و پێناسەی ئایدیۆلۆژیایی و خزمایەتی و ناسیاوی و تێکەڵییە. بەکورتی ئێمە ناتوانین باس لە پێشکەوتن و ڕووناکبیرییەکی گەشەکردوو بکەین تا ئەو عەقڵانە لە ئارادا بن. بەر لە ئاوەدانکردنەوەی وڵات، ئێمە پێویستمان بە ئاوەدانکردنەوەی عەقڵ و بیر و هۆش هەیە. مەترسیی کەلاوە و کاولاشەکانی ئەو جۆرە عەقڵانە زۆر لە مەترسیی کەلاوەکانی دی ترسناکترن!

پ. *ئەی ئەو پەتا کوشندەیەی تووشی "گۆرانیی کوردی!" بووە؟* مەبەستم ئەوەیە بڵێم: *"هۆکاری ئەو دوورکەوتنەوە لە گۆرانیی کوردیی خۆمانە چییە و ئەم لاساییکردنەوە کوێرانەیەی گۆرانیی وڵاتە دراوسێیەکان بەتایبەت هی تورک و ئەوجا فارس و عەرەب بۆ!"* ڕۆڵ و بەرپرسیارێتیی دەستگا و بەڕێوەبەرایەتییەکانی کوردستان *چین!؟ ئەی ڕۆڵی ڕۆشنبیرانی کورد لە ئاگادارکردنەوە و ئاگاداریدان سەبارەت بەم* دیاردە *ناوازەیە؟* مەترسییەکانی *داهاتووی چی ئەبن؟*

و. هیچ هونەرێک ئەوەندەی گۆرانی و مۆسیقا کاریگەریی خێرا و ڕاستەوخۆیان، لەسەر تاک و کۆمەڵ نییە و وا بەزوویش ناگەنە نێو دڵی خەڵکی، جا ئەو کاریگەرییە بە باری پۆزەتیڤدا بشکێتەوە یان پێچەوانەکەی. بەر لەوەیش بێمە سەر وەڵامدانەوەی پرسیارەکەتان، ئەبێت ئاگامان لەو ڕاستییە بێت کە جیهانی ئەم ڕۆژگارەی تایبەت بە مۆسیقا و گۆرانی، جیهانی تەنانەت بیست ساڵ لەمەوبەر نییە! کاریگەریی جیهانگیری لە گۆرانی و مۆسیقادا لە شێوەی برووسکەدا سنوورەکان ئەبڕێت و پێش گەلێک لایەنی دیکەی کولتووری تێکەڵاو بە هەست و نەستی میللەتان ئەبێت. بۆیە بەلای منەوە دیاردەی ئەم «کاریگەرییە» نەک لاساییکردنەوەیە، یەکێکە لە دیاردەکانی سەردەمی عەولەمە و جیهانگیری. کولتووری ئێمە لە گۆرانی و مۆسیقادا ئەوەندە لە تخووبەکانی دنیای فۆلکلۆر دوور نەکەوتۆتەوە، ئەو دنیایەش لە ئەمڕۆدا ناتوانێت چێژ و هەست و نەست و ئارەزووی نەوەی ئەمڕۆ تێر بکات، تەنانەت بە بەراورد لەگەڵ گۆرانی و مۆسیقای دەوروبەریشدا، ئێمە لە کۆتایی کاروانەکەدائین! ئەوەی بەلای منەوە گرنگە پێشکەشکردنی هونەری بەرزی مۆسیقا و گۆرانییە بەو جۆرەی نە خەسڵەتەکانی گۆرانیی کوردی ون بکات و نە لە جیهانی ئەمڕۆ دوور بکەوێتەوە و نە بشبێتە کۆیلەی فۆلکلۆر! چونکە ئەوەی ڕاستی بێت نەک کولتووری سنوورداری مۆسیقا و گۆرانیی کوردی، بەڵکو کولتوورە هەرەدەوڵەمەندەکانی ناو ئەم دنیایەیش ناتوانن خۆیان لەو کاریگەریی جیهانگیرییە دوور بخەنەوە و بەتەنها پشت بە کولتووری خۆیان ببەستن، ئەمە لە کاتێکدا بمانەوێت باس لە دنیای نوێخوازی و تازەگەری بکەین ناکرێت خۆمان لەو کاریگەرییانە بە دوور بگرین، چونکە بمانەوێت و نەمانەوێت ئەو شەپۆلانە دێنە ناو ماڵەکانمانەوە و لەگەڵ خۆیاندا ئەمانبەن و تەنانەت چێژ و ئارەزوویشمان ئەگۆڕن. هەڵبەت جیاوازییەکی زۆر لەنێوان کاریگەری و لاساییکردنەوەدا هەیە. کاریگەری ئەتکاتە وزەیەکی زیندووی هەمیشە عەوداڵ بە شوێن تازەگەریدا، بەڵام لاساییکردنەوە دواجار ئەتکاتە «مەیموون» و هیچی تر! بێگومان ئێمەیش لەو مەیموونانەمان هەن. بەڵام ئەبێت ئاگامان لەوە بێت، هەندێک هەوڵی نوێخوازانە تێکەڵ بەو دیاردەی مەیموونکارییانە نەکەین. ئەمە جگە لەوەی لە دنیای گۆرانی و مۆسیقادا چێژ و ئارەزوو و تێگەیشتنی نەوەیەک لەگەڵ نەوەیەکی تردا جیایە و ناکرێت بۆ نموونە من حەزی خۆم بکەمە پێوانە بۆ حەزی گەنجێکی ئەم ڕۆژگارە. بۆ وێنە وەختێک من گوێ لە دەنگی «دیلان» ئەگرم، ڕۆحم لەگەڵیدا هەر ئەوە نییە قرچەقرچ نەسووتێت! بەڵام کوڕەکەم، یان کچەکەم، ئەشێت هەر پێشیان خۆش نەبێت! ئەمە جیاوازیی کولتووریی نەوەکانە. ئاخر خۆ لاساییکردنەوەی خۆیشمان هەر خەوشە، وەختێک من گوێم لە گۆرانیبێژێک ئەبێت لاسایی «حەسەن زیرەک» یان «مەزهەری خالقی» ئەکاتەوە، هەر هێندەی ئەوە پێم ناخۆشە و سەر و دڵم ئەگرێت کە لاسایی گۆرانیبێژێکی فارس یان عەرەب یان تورک بکاتەوە! لاساییکردنەوە هەر لاساییکردنەوەیە، چونکە سەرئەنجام شتێکی تازەمان پێ نابەخشێت. ئێمە گۆرانیبێژی دەنگخۆشمان کەم نیین، بەڵام گۆرانیبێژی هونەرمەندی لێزان و خاوەن «ئەدای» بالامان کەمە. ئاوازدانەری باشمان کەمە. نیوەی زیاتری گۆرانیی کوردی دووبارەکردنەوەی ڕابوردووە. گۆرانیی ڕوو لە پاشەڕۆژمان کەمە. ئاسۆی گۆرانی لای ئێمە لە بنمیچێکی نزم ئەچێت و شیعری گۆرانییمان لە ئاخ و ئۆفی غەزەل تێ نەپەڕیوە و بەتەنها سۆزەکانی دڵداری و دەنگی پیاوی لە خۆ گرتووە. گۆرانیی ئێمە باڵی کورتە و ناگاتە بەرزاییەکانی ژیان و پەیوەندییە ئینسانییەکانی تر نابینێت، هەر لەبەرئەوەیشە یەک جۆر تام و چێژ هەست پێ ئەکەین و بەو جۆرە دووبارە ئەبینەوە. تۆ ئەگەر سەرنج بدەیت، گۆرانییە جوانەکانی دنیا سنوورێکیان نییە، نە وەک ئاواز و نە وەک شیعریش و لە هەموو شوێنێکدان. بۆ کێشەکانی ئازاری مرۆڤایەتی، بۆ سروشت و ژینگە و، بۆ منداڵ و بۆ برسییەکان و بۆ نەخۆشەکان و بۆ زیندانییەکان و زۆر مەسەلەی تریش ئەوترێن. ئەمەوێت بڵێم: دنیای گۆرانیی ئێمە بەشی هەرە زۆری بە دەوری جەستەی «ژن»دا ئەسووڕێتەوە و بەس. ئەمەیش کارێکی کردووە یەکجار سنووردار بێت. ساڵانە بە دەیان خوێندکار لە پەیمانگا و ئامۆژگاکانی کوردستان و لە بەشەکانی شانۆ و وێنە و مۆسیقا دەرئەچن و لەدواییدا بزر ئەبن و ئەبنە مامۆستایەکی ئاسایی لە قوتابخانەکاندا و لەناو سەدان خوێندکاری ئەو بەشانەدا، تاک و تەرایەک

ئەبینیت هونەرمەند بن و جێدەستییان دیار بێت. قسە زۆرە و جارێ ئەمەندە بەسە!

پ. *ئەگەرچی نەختێک لە بواری ڕۆشنبیرییش دوور ئەکەوینەوە بەڵام، ئێستا کورد، لە کایە سیاسییەکان و دنیای سیاسەتدا، لە سای ئەو گۆڕانکارییانەی لە ناوچەکەدا ڕوویانداوە و ڕوو ئەدەن خۆی لەبەر دەروازەی هەنگاونان بەرەو خۆپاراستن و خۆدۆزینەوەیەکی دیکەدا ئەبینێت و لە هەر کاتێکی ڕابوردوو زیاتر لە هەوڵی ئەوەدایە کە "هەوڵە سیاسییەکانی خۆی!" یەک بخاتەوە، تا جێورێیەکی سیاسی لە ناوچەکەدا بۆ خۆی بکاتەوە و دەسەڵاتی سیاسیی خۆی بچەسپێنێت! تێڕوانینتان بۆ داهاتوو لەم بارەیەوە!؟ هیوا و ئامانج و مەترسییەکانی ئەم هەنگاونانە چین؟*

و. بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، من قسەکانم بەتەنها دەربارەی باشووری کوردستان ئەبێت و لاموایە تۆیش هەر ئەوەت مەبەست بێت. دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ و ئەو گۆڕانکارییانەی لە ناوچەکەدا ڕوویاندا، دوای دروستبوونی پەرلەمان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان «مێژوویەکی تازە» بۆ ئێمە هاتە کایەوە. ئەم مێژووە بە هەموو ناتەواوی و خەوش و ئازار و هەڵە و خەتاکانی دەسەڵاتی سیاسی و دەورانی شەڕی ناوخۆ و چیرۆکە تراژیدیاییەکانیەوە، هێشتا هەر ئاسۆیەکی ڕووناکتری بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی حوکمڕانی بەعسدا لەبەر دەمدا کردینەوە. ئەو ئاسۆ ڕووناکە «ئازادییەکی» لەگەڵ خۆیدا هێنا کە تا ئەو کاتە کورد بە خۆیەوە نەدیبوو. ڕۆژگار و دەور و زەمان لەگەڵ ئێمەدا بوو، بەڵام بەداخەوە کورد خۆی لەگەڵ خۆیدا نەبوو! ئەو سیانزە چواردە ساڵەی ڕابوردوو بەشێکی زۆری خاکی کورد و گەلی کوردستان، سەرفراز بوون و دوور لە سەربازی داگیرکەر. ئەمە بەلای منەوە وەرچەرخانێکی گەورەی سیاسی بوو کە لە ئێستادا ئەزانین بەهای ئەو سەرفرازبوونە بەر لە ڕووخانی بەعس چەند گەورە بووە، کورد بە چەندین ساڵ بەرلەوەی ڕژێمی دیکتاتۆر بڕوخێت، ئەم بە چەندین شار و شارۆچکەی خۆیدا بەو ئازادییە گەیشتبوو. تۆ وا دابنێ ئەگەر ئەو دەرفەتە گەورەیە بۆ ئێمە نەڕەخسایە و لەگەڵ ڕوخانی ڕژێمدا ئێمەیش ڕزگارمان بووایە، ئێستا کوردستان چۆن ئەبوو؟! ئەم پێشەکییە بۆ ئەوە بوو بڵێم: بەشێکی لەبەرچاوی هێز و گوڕ و تینی ئێمە لە ئێستادا بۆ ئەو ئازادییەی پێشتری ئێمە ئەگەڕێتەوە. بەکوری «ئەمری واقیعێ» دروست بوو کە ئێمە ئەمڕۆ لە شەڕی دەستووردا سوودی باشمان لێ وەرگرتووە. خۆ ئەگەر ئەو ساڵانەی شەڕی ناوخۆ و خۆکوژیی خۆمان



نەبوونایە، ماڵی خۆمان یەکخستایە، بێگومان بە وزە و هێزێکی گەورەترەوە ئەچووینە ناو ئەو کایە سیاسییانەوە.

لە دروستبوونی دەوڵەتی ساختەی عیراقەوە کورد قوربانی بووە و ئەو نەخشەیش لە تابووت زیاتر شتێکی تری نەداوە بە ئێمە. گەورەترین درۆی تەمەن هەشتاوسێ ساڵیە دوای لکاندنی کوردستان بە عیراقەوە تا ئەمڕۆ دروشمی ناواخن بەتاڵ و پووتی "برایەتیی کورد و عەرەب" بووە. لە فەیسەڵی یەکەمەوە تا سەدام، کورد هەر بە چاوی کۆیلە و خزمەتکار تەماشا کراوە. هەموو ڕووداوەکانی دوای ڕوخانی سەدامیش ئاشکراتر ئەوەیان دەرخست کە زاراوە و وشەگەلێکی وەک دیموکراسی و مافی مرۆڤ و مافی چارەنووس و مافی ژن و یەکسانی و شارستانی لە عەقڵی عەرەبی سوننە و شیعەی عیراقەوە هەزاران فرسەخ دوورن. تاک و تەرایەکی مرۆڤدۆست و ڕووناکبیری عەرەبی لێ دەربچێت، ئیتر بەشی هەرەزۆر بەچکەی سەدامن و ئەگەر بۆیشیان بلوێت لەو خراپترمان بەسەر دێنن. هەموو ئەو عەقڵە تاریکانە پێیانوایە ئێمە لە ئەزەلەوە عیراقی بووین، پێیانوایە ئەوان ئەبێت هەر ئاغا بن و ئێمەیش مسکێن. بۆیە وەک سەرئەنجام ئەگەر لە پاشەڕۆژێکی دوورتریشدا بێت ژیانی ئێمە و ئەوان پێکەوە مەحاڵە! بەڵام لەگەڵ هەموو ئەم ڕاستییانەیشدا «واقعێکی تاڵ» هەیە کەوتۆتە ئەودیوی خەون و خواستەکانەوە و لە وزەی کورد خۆیدا نییە، بتوانێت بەتەنیا، بەسەریدا زاڵ بێت، ئەویش واقیعی تاڵی مانەوەیە لەناو چوارچێوە ساختەکەی دەوڵەتی عیراقدا، دیارە بە دابینکردنی کەمترین مافی خۆیەوە کە لە ئێستادا حوکمی فیدرالییە. بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ

دەست بخەینە سەر گەورەترین کۆسپ لە ڕێی سەربەخۆیی کوردستاندا و لەم ڕۆژگارەدا، بە بڕوای من سیاسەتی ئەم ساتەوەختەی ئەمریکایە. ئێمە ئەبێت ئەوە بزانین ، لەشکر و هێزی ئەوان بووە ڕژێمە دیکتاتۆرەکەی عیراقی لەناوبردووە، نەک ئۆپۆزیسیۆنی عیراق. بەم جۆرە ئەوە ئەمریکایە بڕیاری چارەنووسە سیاسییەکان ئەدات، بە چارەنووسی کوردیشەوە لەم بەشەدا . دیسانەوە ئەوەی زۆر ڕوون و ئاشکرایە تا ئەم دەقیقەیە ئەمریکا فایلێکی تایبەتی نییە بە ناوی فایلی کوردستان و مەسەلەی کوردەوە، ئەوەی هەیەتی «فایلی عیراق» و کوردیش چەند لاپەڕەیەکی لەم فایلەدا هەیە و بەس. بەهەرحاڵ بەرنامەی سیاسیی ئەمریکا لەناو چوارچێوە ساختەکەی نەخشەی عیراقدا بە کوردستانیشەوە وا داڕێژراوە. بەکورتی لە ئێستادا ئەمەیە کۆسپی گەورەی بەردەمی جیانەبوونەوەی کوردستان لە عیراق، ئەوەندەی من تێی گەیشتبم! بەڵام ئەمە مانای وا نییە ئێمە واز لە ستراتیژی جیابوونەوە و کیانی سەربەخۆی خۆمان بهێنین، یان ئەوەی لە ئەمڕۆدا بۆمان نەکرێت، هیوای سبەینێشمان لا نەهێڵێت.

ئەگەر بێمە سەر تەوەرێکی گرنگی تر، دیارە باسکردنە لە دەستووری هەمیشەیی عیراق، کە لە ئێستادا بۆتە جێی باسوخواسێکی چڕوپڕ و بەربڵاو. ئەم دەستوورە چی تێدایە بۆ کورد و مافەکانی؟! ئەوەی ڕاستی بێت من لە ڕوانگەی ئەو «ئەمری واقیع»ـەوە تەماشای ئەم مەسەلەیە ئەکەم کە کوردی بەناچاری بەستۆتەوە بە دەوڵەتی عیراقەوە، یان لە چاوی ئەو بەرنامە سیاسییەوە کە سەرکردایەتیی سیاسیی کورد کاری بۆ ئەکات و بۆتە ئەجندەی سیاسیی ئەوان و خۆی لە مافی فیدرالیدا ئەبینێتەوە.

ئەو کاتەی مێزی دانوساندن و گفتوگۆ، مێزی عیراق، بێت؛ بەو هەموو پێکهاتە سەیر و سەمەرەیەوە کە لە خۆی گرتووە، تا ئەو ڕادەیەی دوای سەدامیش تۆ وا هەست بکەیت کۆمەڵێک سەدامی ترت بەرامبەر دانیشتووە. گوێت لەو قسانە بێت کە هەمان قسە و بیروبۆچوونی «عبدالسلام عارف» و عروبچییەکانی جارانە، عەقڵی تاریکی مەزهەبچییەکانی شیعە و سوننە بەشی زۆری سەرنشینەکانی ئەو مێزەیان پێک هێنابێت و نەک مافی بەرامبەری و یەکسانییان پێ قوبووڵ بێت، بەڵکو تەوقەکردنشیان لەگەڵ ژندا پێ حەرام بێت و ئابڵووقەی ناوی «فیدراڵی» بدەن، هەندێکیشیان بیانەوێت هەر لەسەر ئەو مێزە لەتوکوتی بکەن! زۆربەی زۆریشیان بەناچاری وشەی «کوردستان»یان لە دەم بێتە دەرەوە. سەبارەت بەو مێژوو

خوێناوییەی کورد و ئەنفالکردنی میللەتێک هەتا ئێستا ویژدانیان نەجووڵابێت، مێزێک کە ڕاستەوخۆ تۆ هەست بەوە بکەیت بەشێکیان نەک وەک برا و دۆستی کورد بەڵکو وەک داگیرکەر و دوژمن و نۆکەر تەماشات ئەکەن. کۆمەڵێک عەقڵی ناو شەقامی داخراو بە سەدان قفڵ ڕووت تێ ئەکەن و لەبەر بوونی یەک وشە سەدان جار ئەتهێنن و ئەتبەن. لەسەر مێزێک و لەگەڵ سەرانێکدا کە لە یەکەم ڕۆژی سوێندخواردنی ناو پەرلەمانەوە بەئاشکرا فێڵیان لێ کردبێت، من پێموایە لەسەر مێزێکی وا، ئەوەی شاندی کوردی لە بەغدا کردویێتی و لەو بارودۆخەدا جۆرێکە لە سەرکەوتنی سیاسی. ئاخر ناکرێت بە باش نەڵێین باش و بە خراپیش نەڵێین خراپ و تەنها هەر بیروبۆچوون و حەز و ئارەزووی خۆمان بکەین بە پێوانەی دەرەوەی خۆیشمان. ڕاستە ئەگەر ئێمە بەتەنها خۆمان ئەو دەستوورەمان بنووسیایە، دنیا لە شوێنێکی تر ئەبوو. بەڵام ئەمە ئەو مێزە نووسیوێتی کە تۆ چەند کورسییەکی بوویت و بەس. من ئا لێرەوەیە کە باس لە لایەنی پۆزەتیڤی ئەو شەڕی دەستووره ئەکەم کە شاندی کورد لە بەغدا کردیان و بە ڕێژەیەکی ئەگەر «زۆرباش»یش نەبووبێت، بە «باش» لێی هاتبێتە دەرەوە، دیارە بۆ قۆناغێک کە هەرگیز دواقۆناغ نابێت.

ئێستا پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا لەسەر مێزێکی لەو جۆرە و بەو پێکهاتە عەجباتیانەی دەوری و بەو سیاسەتە مەعلومەوە کە ئەمریکا لەم ڕۆژگارەدا نەخشەی بۆ کێشاوە و «عیراق» ئامانجێتی، زیاتر ئەکرا؟! بڕوا ناکەم. بەڵام هەر لە ڕوانگەی ئەم نووسینەوەی دەستوورەوە، من بۆ خۆم، کۆمەڵێک تێبینی و ڕەخنە و پێشنیارم هەیە کە لەم خاڵانەی خوارەوەدا ڕیزبەندیان ئەکەم:

١ـ لە بارەی کەرکووک و خانەقین و ناوچە دابڕاوەکانی ترەوە لە کوردستان و جێبەجێکردنی ماددەی پەنجاوهەشت: لە ئێستا بەدواوە ئەو ناوچانە ئەبنە جێی پەلاماری زیاتری تیرۆریستان و پلانی عروبچییەکان، بۆیە پێویستە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە پشتبەستن بە هێزی پێشمەرگە پلانی بەرەنگاربوونەوەی خۆی هەبێت.

٢ـ بەڵێنی بەغدا، جێی بڕوای زۆر نییە. ئەویش سەبارەت بەو دووسەدملیۆن دۆلارەی بۆ کەرکووکی تەرخان کردووە! بۆیە پێویستە حکوومەتی هەرێمی کوردستان و خەڵکی کوردستان هەر لە ئێستاوە سنووقێکی کۆکردنەوەی مالی بۆ ئەو مەبەستی باربووە دابنێن.

٣ـ پێموایە لە دیباجەی دەستوورەکەدا، وەختێک باس لە شارستانیەتی «وادی الرافدین» و حامورابی کراوە، ئەکرا شاندی کوردی لە بارەی یەکەمین شۆڕشی کشتوکاڵییەوە بۆ چاندنی گەنم و جۆ ئاماژە بۆ چەرموک و ناوچەی چەمچەماڵ بکات و ڕستەیەکی خۆی بخاتە ئەو دیباجەیەوە.

٤ـ ئەبوو لەو بڕگەیەدا کە ئاماژە بە هێزی پاسەوان دراوە، شاندی کوردی دەست لە وشەی «پێشمەرگە» هەڵنەگرێت، چونکە ئەمە جگە لەوەی مێژوویەکی دووروودرێژی سەروەریمانە. لە هەمان کاتدا بووە بە زاراوەیەکی جیهانی و لە قامووسی دنیادایە. ئەمە ناکرێت بەراورد بکرێت بە دوو وشەی لێکدراوی وەک «قوات بدر»، چونکە ئێمە هێزەکانی خۆمان ناو نەناوە «قوات جبل» یان «قوات بارزان». ناوی «پێشمەرگە» وەک وشەی ئاو و نان و خاکی لێهاتووە. ئەمە سەرەڕای ئەو مێژووە دووروودرێژەی پێشمەرگە هەیەتی بە بەراورد لەگەڵ «قوات بدر»دا کە پێموایە سەردەمی دروستبوونی بۆ شەڕی ئێران و عیراق ئەگەڕێتەوە.

٥ـ ئاوارە و دەربەدەرەکانی شاری کەرکووک وەختێک گەڕانەوەیان بۆ زێدی خۆیان ئاسان ئەبێت، کە هەموو پێداویستییەکی ژیان و نیشتەجێبوون و کارکردنیان بۆ دابین بکرێت، چونکە مەسەلەکە بەتەنها لە هاندان و پێدانی سروودە نیشتمانییەکان و خوێندنەوەی شیعری حەماسیدا نییە! ئەوەتا بەشێکی زۆری ئەوانەی گەڕاونەتەوە، لە کەلاوەدا ئەژین و نە ئاو و نە کارەبا و نە هیچ شتێکیان نییە. بارودۆخێکی وا نالەبار، هەرگیز هانی ئەوانی تر نادات بۆ ئەوەی پەرۆش بن بۆ گەڕانەوە. لەم ڕووەوە ئێمە چیمان کردووە؟!

٦ـ ڕەنگە زیادەڕۆیی نەکەم ئەگەر بڵێم: هەر لە شاری بەغدا و دەوروبەریدا جگە لە شارەکانی خوارووی عیراق، زیاد لە ملیۆنێک کورد ئەژین. پرسیارەکە ئەوەیە: حکوومەتی هەرێمی کوردستان، یان سەرکردایەتیی سیاسیی کورد چی کردووە بۆ ئەوەی سوود لەم وزە گەورەیەی کورد وەربگرێت بۆ ڕاپرسی و هەڵبژاردنەکان؟!

٧ـ نووسینەوەی دەستووری هەرێمی کوردستان و پەسەندکردنی لەلایەن پەرلەمانی کوردستان و ڕاپرسییەکی گشتیی گەلی کوردستاندا بووە بە ئەرکێکی گەورە و بەپەلەی ئەم قۆناغەی ئەمڕۆمان. ئێمە بێ ئەو دەستوورە و بێ یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکە و یەکخستنەوەی ماڵی کورد خۆی، ئەبینە وڵاتێکی بێ دەست و قاچ! ئەو دەستوورەی بێ پێچ و پەنا مەسەلەی مافی چارەنووسی گەلی کوردستان و جوگرافیا و سنووری کوردستان ڕەنگڕێژ بکات!

٨ـ پێویستە ئەو دیاردەی گەندەڵی و مشەخۆرییەی کە زۆربەی زۆری ئیدارەکانی کوردستانی گرتۆتەوە و چون شەپڵە لە جەستەی ئێمەی داوە، بنەبڕ بکرێت. تۆ ناتوانیت پاشەڕۆژێکی ئاسوودە بۆ خەڵکی کوردستان مسۆگەر بکەیت، لە کاتێکدا بە جیدی کار بۆ قەلاچۆکردنی ئەم گەندەڵییە نەکرێت و بە ئاشکرایش قانوون و دادگا لێیان نەپرسێتەوە!

٩ـ وەک چەندین جار ئاماژەی پێکراوە، پێویستە حکوومەتی هەرێمی کوردستان و سەرکردایەتیی سیاسیی کورد لە هەموو بڕیارێکی چارەنووسسازدا لە ڕێگەی ڕاپرسییەوە بگەڕێتەوە بۆ لای خەڵکی کوردستان و دەرگای ژوورە داخراوەکان بکەنەوە.

لە کۆتاییدا دیسانەوە ئەمەوێت جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە: هەموو تاقیکردنەوەکانی ڕابوردوو، بە ئاشکراتریش دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس، ئەو حەقیقەتە نکوڵیلێنەکراوەیان دووبارە و سەدبارە کردەوە کە زۆربەی زۆری عەرەبە شیعە و سوننەکانی عیراق و هەروەها تەواوی وڵاتانی عەرەبیش، ئەگەر دەسەڵاتێکیان هەبێت بچووکترین مافیش بە کورد ڕەوا نابینن، نەک مافی چارەنووس و فیدرالی! گیروگرفت و کێشەی هەرەگەورەی کورد ئەوەیە، ئێمە تووشمان بووە بە تووشی ئەو عەقڵە تاریک و کۆنخواز و شۆڤێنیستی و مەزهەبچییانەوە کە لە هەزار و شەش سەد ساڵەوە تا ئەمڕۆ ڕووناکییەکی لەبەرچاو نەکەوتۆتە عەقڵیانەوە! بۆیە پێویستە بەر لە هەر شت ئێمە پشت بە ئیرادە و یەکگرتوویی خۆمان ببەستین، یەکڕیزی و یەکدەنگی و یەکئیرادەیی ئەم دوایییەی نوێنەرانی کورد لە بەغدا و لەسەر ئەو مێزە بەگیروگازەی هەندێک بەچکەسەدام و بەچکەخەڵخاڵی و عروبچی و ڕەگەزپەرستیشی لە دەوری خۆی کۆ کردبووە، جێگەی ڕێزلێنانە، لەگەڵ هەموو ئەو باری سەرنج و ڕەخنە و تێبینییانەشدا کە من بەش بە حاڵی خۆم بەرامبەر بە ئەجندەی سیاسیی ئەوان هەمبووە!، ببوورە وەڵامی ئەم پرسیارەم دووروودرژ بوو، ئەزانم هەندێک درێژدادڕییم کردووە! بەڵام وەختێک باس لە چارەنووسە گەورەکە ئەکەین، من کەشتییەکم لە گەرداوێکدا دێتە پێش چاو کە هەموو گوڵ و باڵندە و ڕەنگ و دەنگە جوانەکانی شیعر و هونەریشی لەناو خۆیدا هەڵگرتووە، بۆیە لە هەڵوێستێکی وادا شپرزەیی و قسەکردنیش هەندێ جار لەنگەری خۆیان لە دەست ئەدەن!

**وێنەکان: جەمال پێنجوێنی**

# یادگارییەکان قادر دیلان دەدوێنن

**هەرێم جاف**

لە هاوینی ساڵی ١٩٩٥دا لە پراگ چاوم بە مامۆستا قادر دیلان کەوت. ئەودەمە گۆڕانی سیستەمی ڕامیاریی و ئابووریی وڵات تازە ژیانی دانیشتووانی چیکی گۆڕیبوو. دیلانیش وەک هاووڵاتییەکی ئەوێ لەو گۆڕانە بێبەش نەبوو. ئەو چەند ساڵێک بوو ماڵنشین کرابوو. لە کەناری شاردا بەتەنیا لە فلاتێکی کرێدا دەژیا.

ماڵنشینی بۆ دیلان بە واتای پشوودان و قۆزتنەوە بۆ کاری هونەری نەبوو، بەپێچەوانەوە مووچەی ماڵنشینییەکەی کەمتر لە شەش هەزار کرۆن بوو، ٢٠٠ دۆلاری ئەمریکایی. زیاد لە نیوەی ئەم ڕێژەیەی بۆ کرێی ماڵەکەی تەرخان دەکرد. لەبەر ئەم دۆخە و بۆ ڕاگرتنی کۆڵەکەی ژیان، لە (تێکستیل) کە ئەمباری بازرگانێکی کورد بوو دەستی بە کار کرد. لەپاش نەمانی ئەم کارەش لە چێشتخانەی هەمان کەسدا کەوتەوە کارکردن.

دیار بوو کە هەر لەو ڕۆژەوەی کوردستانی بە جێ هێشتبوو، پریاسکەیەک لە هیوا و خۆشەویستی بۆ هونەر، گەل و نیشتمانەکەی توند بە بەندی دڵییەوە گرێدابوو، بۆیە کاتێک کە دەتدواند ڕازی هێڤییەکانی هێدی هێدی بۆ دەردەبڕیت.

سادەیی، گیانسووکیی و دەروونبەرزی کۆمەڵێک پێناسە بوون بۆ کەسێک کە بیویستایە لە کەسایەتیی دیلان بگات. لە وەڵامی پرسیارێکمدا وتی: "تەماشا دەکەم دانیشتووانی کوردستان خۆشیان دەوێم، بەڵام من هەستم دەکرد کە شایەنی ئەو خۆشەویستییە نیم. لە پەنجاکاندا تیپێکمان دامەزراند بە ناوی دیلان، من خۆشیم لەم ناوە نەدەهات، بۆیە گۆڕیمان بە تیپی مەولەوی."

لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا بوو کە ئەم پارچە میوزیکانەم نووسی: "سکاڵا، گەلاوێژ، فریشتە، مەولەوی. هەر ئەم خولیایەش وای لێکردم کە بڕیاری هاتن بۆ ئەوروپا بدەم." تێکەڵکردنی میوزیکی باخ و کوردی کارێکی دیکەی ئەو بوو. "لەم کارەدا ١٢٠ میوزیکژەن بەشدارییان تێدا کرد."

"پارچەسەمفۆنیای چیرۆکی ژیانم: لێرەدا هەر لە یەکەم نۆتەوە هەستەکانم دێنە دوان. ئەم بەرهەمەم لە ڕادیۆی پراگ، مۆسکۆ، لەندەن و گەلێک شوێنی دیکە بڵاوکرایەوە."



**نۆتە بە خەتی مامۆستا قادر دیلان**

"لە ڕادیۆی پراگ زیاتر لە بیست ساڵ، هەموو ڕۆژێکی یەکشەممە بۆ ماوەی کاتژمێرێک، میوزیکم بۆ چیرۆکی منداڵان دەنووسی. لەم کارەمدا تێدەکۆشیم بۆ ئەوەی ئاوازی میوزیکی کوردی بە گوێچکەی منداڵانی چیکۆسلۆڤاکیا ئاشنا بکەم. گەلێک جار نامەی دەستخۆشییم لای بیسەرانەوە پێدەگەیشت."

دیلان، کچ و کوڕێکی هەیە. لە وەڵامی پرسیێکدا وتی: "ڕۆژنامە چیکییەکان نووسییان: ئارام کوڕێکی کوردە و بە چیکی گۆرانی دەڵێت، دەستی ڕاستی ئارام دیلان دەگمەنە لەسەر گیتار."

"من ئارامی کوڕم فێر کرد، پێکەوە پرۆژەیەکی شەش مانگیمان بە دەستەوەیە، دەمەوێت ئاوازی بۆ چوار پێنج گۆرانیی کوردی بۆ بنووسم بۆ ئەوەی بە کوردی بیانڵێت، ئەگەر ژیان ڕێگەم بدات و نەمرم.!

لێرەدا دەستی بە پێکەنین کرد.

دیلان لە ژیانی قوتابێتیدا هەڵکەوتوو بووە و توانیوێتی خوێندن لە بواری هونەرەکەیدا تەواو بکات. بە ڕەنجی خۆی لەناو کۆمەڵگای چیکیدا سەربەرزانە ژیاوە. هێندەی توانیوێتی گەشەی بە هونەری گەلەکەی داوە. وڵاتە سۆسیالیستەکان لەو چاخەدا لەبەر بەرژەوەندییان ئەوەندە بواریان بە چالاکیی فەرهەنگیی نەتەوە ژێردەستەکان نەداوە، بەتایبەتی بە فەرهەنگی گەلێکی ژێردەستی وەکو کورد. لە دوای ڕمانی دەستەڵاتی سۆسیالیزم لە چیکۆسلۆڤاکیادا، ئیدی ئابووری بووە مەرجی بنەڕەتی هەموو ژیان و هونەریشی بە خۆیەوە دەستەمۆ کرد و خستییە بازاڕەوە. دیلان ئا لێرەدا بووە کە کەسایەتییەکەی لەگەڵ ئەو ژیانە ڕووت و کۆمەڵە بە ئابووری کراوەدا هەڵینەکردووە.

لە ژیانیدا سەر بە هیچ پارتییەکی ڕامیاریی کوردی نەبووە، بەڵام هەمیشە یەکێتیی ڕیزەکانی کورد ئاواتی بووە. "سروودی دەنگی ڕاپەڕینم تێکەڵ بە ئاوازی ئەوروپایی کرد و دام بە گرووپی سەمفۆنیی پراگ، زۆریان لا پەسەند بوو. ئەم ئاوازەم مەبەست بوو، چونکە بانگی یەکێتی و یەکبوونی لە کورد دەکرد."

دیلان دەیویست لە کوردستان بژی،



مامۆستا قادر دیلان و هەرێم جاف

بەڵام ئەم ویستەی بۆ نەهاتە دی. گەرەکی بوو بە مەرگیش بێت هەر بە خاکی نیشتمانەکەی شاد بێتەوە. لەئاکامدا، نە توانی لە کوردستان بژی و نە بە مەرگیش بۆی کرا پێی شاد بێتەوە! لای گەلانی دیکە گۆڕستانیش سەرمایەیە، هەڵە نابێت ئەگەر ئەم سەرمایەش بۆ کورد بپارێزرێت.

لە دوای ڕەنجبێوەریی هیواکانی ژیانی، تۆ بڵێیت بەرهەمەکانی بە ئاواتی خۆیان بگەن؟! گەلۆ باوەڕ بکرێت بەو ڕۆژەی کە نووسینەکانی لە هێڵی کێشراوەوە دەکرێنە دەنگ؟!

دڵنیابین کە ڕۆژێک دادێت، پەڕە بە پەڕەی نووسینەکانی و نۆتە بە نۆتەی کارەکانی لە مۆزەگای هونەری کوردیدا لە فەوتان دەپارێزرێن! هیوامان بەوە هەبێت کە ڕۆژێک دادێت ئیتر ڕامیاری بەتەنیا تاقە مێژووی نەتەوە نابێت!

لە وەڵامی پرسیارێکدا وتی: "میوزیکم زۆرە بە نووسین، من بۆ دەبێت دەست بۆ کەسێک، دەستگایەکی کوردی ڕاکێشم. پێویستە پارێزەرانی کولتووری کوردی پەی بەم پێداویستییانە ببەن، بۆ ئەوەی بزانن ئایا ئەم کارانە پێویستن بخرێنە بەردەمی گەلی کورد. ئەمە کارێکی گەورەیە و بۆ تۆمارکردنیان سەرمایەی دەوێت. من نابێت بچم سواڵ بکەم."

(چیکییەکی کورد) چاوپێکەوتنێکە کە مامۆستا قادر دیلان بە زمانی چیکی لەگەڵ مانگنامەی «زاپیسنیک»دا ئەنجامی داوە. مێژووی ئەم نووسینە لەوانەیە بگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩٢. دیلان بە دەستنووسی خۆی کورتی کردۆتەوە و کردویەتی بە کوردی. بۆ ڕێزلێنان لە مامۆستا، بە چاک زانرا، دەستکاریی ڕێنووس و نووسینەوەکەی نەکرێت و وەک خۆی بڵاو بکرێتەوە.

مخابن مێژووی وێنە ڕەش و سپییەکان نەزانراون.

*سەرچاوەکان:*

١ـ *کاسێتێکی تۆمارکراو بە دەنگی قادر دیلان، ١٩٩٥، هەرێم جاف.*

٢ـ *قادر دیلان ئاوازسازێکی بەتوانا و خەرمانێک نۆتە، ژینی نوێ، ١٩٩٥، هەرێم جاف.*

٣ـ *وێنە ڕەش و سپییەکان، لای دوکتۆر مەریوان عەلی مەجیلان پارێزراون.*

٤ـ *چیکییەکی کورد، دەستنووسی قادر دیلان، لای دوکتۆر مەریوان عەلی مەجیلان پارێزراوە.*


٥ـ *وێنەکانی نەخۆشخانەکە لەلایەن دوکتۆر دانا حەفیدەوە گیراون.*

٦ـ *وێنەی نۆتەکان و گۆڕستان، هەرێم جاف.*

میوانی ئەم ژمارەیەمان

# چیکییەکی کورد
# قادر دیلان






گۆڤار: **پێشەکی**

نووسەری چیکی ناسراو ـ کارڵ چاپێک ـ لە کاتی خۆیدا چیرۆکێکی نوسی بە ناوی (کوردستانی دڕ LEGENDA O DIVO-KEM KURDISTANU). ئەو لیتراتورە دەها ساڵە لە هەموو کونجێکی جیهانا ـ ناوچەیی کوردستانی ـ لێ دەرکەی، جۆرە وێنەیەکە بۆ ئەو ناوچە پڕ گیروگرفتە بەتینە.

لە هەمان کات دا دەبێ ئەوە لە بیر نەچێ کە نوسەرانو ادیبان وە هەموو جیهان لەگەڵ ڕێزیان بۆ ئەو نوسەرە بەناوبانگە دەزانن کە لە ژیانیدا کوردستانی نەدیوە.

تا ئەمرۆ جیهان چاوەڕوانی ئەوە دەکات بەقووڵی بنوارێتە گیانی کورد بە چاوێکی هونەرایەتیەوە. ئەگەر جارێ با بڵێین لەبارەی موسیقاوە ئەو هیوایە جێ بەجێ ببێ، لەم لایەنەوە بەتەواوی ناوی ـ قادر دیلان ـ بەرز دەبێتەوە، لەگەڵ ئەویشا ناوی چیکوسلوڤاکیا.

لە ساڵی ١٩٥٢دا شاری سلێمانی (پایتەختیی کورد ئەوسا لە عیراق)ی بە جێ هێشت ڕووی کردە بغداد بۆ خوێندن لە کولیجی ایکونومی. ئەو لاوە کە ئەوسا کلارینێت ژەن بوو توانی تاقی کردنەوە بباتەوە لە ڕادیۆی بغداد بەشی کوردی وە ببێتە ئەندامی تیپی کوردی.

بۆ ڕوون کردنەوە، کورد لە کاتی قەراڵ فیصلی دووهەم دا بەم جورە (دیسکریمنات) (عەزڵ و دەست بە سەر نەبوو کە لە کاتی ڕژیمی بەعسدا دەبی بمێنێ.

پاش ماوەیەک وەکو (کومپۆزیتور) (اوازدانەر) دەرکەوت. ناوی قادر دیلان دانی پیانرا نەک هەر لە لایەن کوردەکانەوە، بەڵکو ئەو ناوە لە عیراقدا ناسراوە تا ئەمرۆ لەلایەن ئەوانەوە کە موسیقایان خۆش دەوێ.

ئەی تۆ چی دەڵێیت لەم بارەیەوە؟

وەڵام: ڕاستە زۆر دەستیان ئەهێنا بەسەر شانما، چەپڵەیان بۆ لێ ئەدام و خۆشیان دەویستم. بەڵام خۆم دەرکم بەوە کردبوو لەبەرئەوەی ثقافەتیی موسیقیم کەم بوو، گەیشتبوومە ئەوەی کە ئەوەی لەو بارەیەوە هەمە کەمە. بۆیە بڕیارم دا کە ڕوو بکەمە ئەوروپا بۆ خوێندنی موسیقا بۆ کەڵک دان بە موسیقای کورد.

گۆڤار: لە ساڵی ١٩٦٢دا هاتە پراگ. ساڵێک لە شاریچکەی (میمۆن) زوبانیان فێرکرد. دوای ئەوە خوێندنی (کومپوزیشن) نوسینی اواز وە الەتی فلوت لە اکادیمیەی موسیقی.

وەڵام: بەڵێ وایە. لە ساڵی ١٩٦٣دا انقلابی ڕەشی بەعس ڕویدا، دیاربوو گەڕانەوە ئەوکاتە بەلایەن کەمەوە یا زیندان بوو یا دەم کوتی. لە چیکوسولڤاکیا خوێندنم تەواوکرد و مامەوە، دەستم کرد بە ایش وەکو ڕیداکتور لە ڕادیوی چیکوسلوڤاکیا بۆ ماوەی ٢٢-٢٣ ساڵ، ساڵێ لەمەوبەر لە مووچەخۆری کەوتم (تەقاویت) کرام.

گۆڤار: لەنێوان مانگی یازدە و دوازدەی ساڵی ١٩٨٩دا منوتۆ گرەوێکمان کرد، ئەویش ئەوە بو کە ایا ئەم گۆڤارە ـ زاپیسنیک ـ لە ژمارەی (٢)ی ساڵی ١٩٩٠دا (دوای کوتایی تەمی سوور) بۆ یەکەم جار دانی بەوەدا نا کە مسئولیەتی مردنی هەزارەها منداڵ و ژن و پیری کورد لە شاری هەڵەبجە بە چەکی کیمیاوی لە ١٦، ١٧ی نەورۆزی ساڵی ١٩٩٨دا دەکەویتە سەر شانی ڕژیمی صدام حسین.

تۆ گومانت هەبوو لەوەی کە ئەم هەواڵە دەکەویتە بەرچاوی خویندەواران؟ هەواڵەکە بڵاوبوەو تو... گرەوەکەت دوڕان.

وەڵام: زۆر ڕاستە، گومانەکەم لە شوێنی خۆی بوو چونکە ئەم ڕۆ لە چیکوسلوڤاکیا باش زانراوە کە کاربەدەستانی ئەوساتان الی کاری ایکونۆمیان لە هەمووشت زیاتر لا گرنگ تر

بوو. بەو نرخەش کە زۆر جار تێشیان گەیاندرابو کە بەربەریەتی و دڕەندەیی ڕژیمی عیراق گەیشتوتە چی ڕادەیەک بەرامبەر بەوانەی کە ڕایان لەوان جیاوازە، وە بەتایبەتی بەرامبەر بە کورد ـ بێ دەنگی لایەکە بەڵام دفاع لە دڕەندەیی ـ لایەکی زۆر جیاوازە.
پێش مانگی یازدەیساڵی ١٩٨٩، جارەها داوامان لە چەند اورگانیکی ئەوسای ئیوە کرد کە باش تر ئەوەیە کە بە هیچ جۆرێ باسی گیروگرفتی کورد نەکەن لە ڕوژنامە و ڕادیو تلفزیون دا، نەک کە معلوماتی درۆ و تحریفی وە دەلەسە بڵاوبکرێتەوە. بەڵام بەداخەوە ئەو دەلەسانەی کە ڕۆژنامەی پراڤدای موسکو بڵاو دەکردەوە هەمۆ ڕۆژنامەکانتان دەیان خستە بەردەمی خەڵک.

گۆڤار: دیارە بڕوانەکردنەکەت لە جی ی خویەتی، بەتایبەتی ئەگەر بڕوانینە ئەوەی چی بەسەر کورد هاتوە لە پلە شورشیەکانیدا، چونکە مێژویی کورد لەم بارەیەوە زۆر بە بیر دێنێ.
وەڵام: ڕەنگ بێ نەزانن کە میللەتی ئیمە زورجار پلیشاوەتەوە گایە لەلایەن عثمانیەکانەوە، وەگایە لەلایەن فارسەکانەوە.
لەوکاتەوە هەرگیز بە (انتەرڤالی) (ماوە) دەست دیارکراو ئەو پەیمانانەی کە دەدرا بە کورد دەربارەی دامەزراندنی کومەلایەتیەکی دیموکراسی و پەیڕەوی کردنی مافی مرۆڤ بو کورد هەموو بە درۆ و فێڵ دەردەچوو.
لە مانگی یەکی ساڵی ١٩٤٦دا لە کوردستانی ایران، کوماری کوردستان لە مهاباد دامەزرا. بەلام بە دەسیسەی سەروکی حکومەتی ایران لەگەڵ حکومەتی سوڤیەت ڕیکەوت کە (اکسپرتانی) سوڤیەت بکێشریتەوە بەرامبەر بوکومپردمیس لە فروشتنی نەوت بە سوڤیەت. ئەوەبوو لەشکریکی زوری ایران هیرشی بردە سەر کوردستان، کوماریان لەناوبرد دوای کەم تر لە ساڵێ لە تەمەنی کۆمارەکە. وە سەروکی کومار ـ قازی محمد ـ و ئەندامانی کومار کران بە دارا هەر لەو مەیدانەی کە پێش ساڵێک کوماری کوردستانی تیا اعلان کرا.
لە ساڵی ١٩٦٠وە لای ئیمە ـ کوردستانی عیراق ـ شوڕش بەردەوامە بە ماوە بە شیوەیەکی بەتین یا کەم تر. لە ساڵی ١٩٧٠دا یەکەم ڕێکەوتنیکی گەورە ئیمزا کرا لە بەینی سەرکردایەتی شوڕش و حکومەتی عیراق. بەگوێرەی ئەو ڕیکەوتنە دەبوایە اوتونومی بو کوردستانی عیراق جێ بەجێ بوایە. ـ لەڕاستیدا سەرکردەکانمان زیاتریان دەوسیت، بەڵام بۆ ئەوکاتە ڕازی بوون



**مامۆستا قادر دیلان و کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی / سلێمانی**

بەو دەستکەوتە نوسراوە، بەڵام دوای ماوەیەکی زۆر کورت رژیمی عیراق لە پەیمان و خاڵەکانی ڕێکەوتنەکە لای دا وە هەرچی ئەو اورگانانەی کە لە چوارچیوەی ئەو ڕیکەوتنەدا نیشان کرابو هەر (لە تشریعی و تنفیذی)یەوە بیگرە تا دەگاتە خوێندەواریو کولتور خرایە ژیردەستی ئەو کابرایانەی کە رژیم پەسندی دەکردن.
بۆیە هە رلە ماوەی چەند مانگیکدا نرخی ئەو ڕێکەوتنە صفر دەرچوو. لەبەرئەوە کورد چاری نەبوو سەرلەنوێ دەستی دایەوە چەک، بۆ دەربڕینی نارەزایی لە سیاسەتی صدام حسین، کە لەوکاتەشدا هیزی سوپایی بەکار هینا دژی کورد.
گۆڤار: باشە بۆ ئەوسا رژیمی عیراق ناچار بوو کە گفتوگۆ لەگەڵ کوردا بکات.
وەڵام: کوردەکان زۆر بەهێز بوون، وەیارمەتیان وەردەگرت لە ایران، زۆر چەکی قورسیان هەبوو... رژیمی عیراق مەترسیی ئەوەی لێ پەیدابوو کە پارچەیەک لە زەوی لەسەروی عیراقەوە بپچڕێت لە عیراق. لەبەرئەوە کەوتە هەوڵ دان کە (ڕەژیەی) (اخراجی) ئەم سیناریویە بگرێتە دەست خۆی، بۆیە اعلانی ئەو اوتونومیە کاغەزەی ی کرد. بە دزیەوە ووردە ووردەش لەگەڵ شای ایران ڕێک کەوت (ئەوکاتە ناکوکیەکی گەورە هەبوو لەنیوان رژیمی عیراق و ایران دەربارەی شط العرب).
بەمەرجێ کە رژیمی عیراق وازبهینی لە شط العرب بۆ ایران، وە ایرانیش وازبێنێ لە یارمەتی کوردەکان. ئەوە بو کە لە ساڵی ١٩٧٥دا لە جزائر اتفاقیە بەسترا. بەگویرەی ئەوە ایران زۆری لە سەروک بارزانی کرد کە هیزەکانی پێشمەرگە چەک فڕێ دەن. ئەم ڕوداوە کارێکی وای کرد کە کوردەکان هیچیان بۆ نەمایەوە وە بەگریانەوە دەستیان کرد بە چەک فڕێ دان.

گۆڤار: وادیارە ایران ئەمڕۆش یارمەتی کوردەکان نادات؟
وەڵام: لام وایە کە ایران مەرجی یارمەتیدان دەبەستی بە هەستی اسلامیەوە، هیچی تری لا





**کەریمی حسامی و قادر دیلان**




**ئەو گۆڕستانەی مامۆستا دیلانی لێ نێژراوە**

گرنگ نیە، وە هەر بە چاوی اینیەوە دەڕوانێتە خەڵکی ایران نەک بە چاوی نەتەوایەتی. شاراوە نیە کە سێ ساڵ لەمەوبر گفتو دەکرا لەنیوان (دیلەگاتی ایران و (دەلەگاتی کوردی کوردستانی ایران). لەجیاتی ئەوەی گیروگرفتەکان بە ڕێگای گفتوگو چاربکرایە، هەر لە کاتی گفتوگۆدا سەرۆکی پارتی دیموکراسی کوردستانی ایران دکتور عبدالرحمان قاسملویان کوشت. (ئەو پیاوە هەر بۆ بیرهێنانەوە لە چیکوسلوڤاکیا خوێندی وە لەدواییدا بوو بە ئەسیستەنت (مساعد) لە کولیجی ایکونۆمی پراگ).

گۆڤار: تۆ وەکو کوردێ چون سەیری یارمەتی وولاتانی تر دەکەیت بو کورد؟
وەڵام: لە خودا بەزیادبێ... هەر لەوکاتەوە کە بەسەدەها هەزار کورد بە منداڵ و پیرەوە ڕێچکەی هەڵاتنی گرت بو پاراستنی ژیانیکی ڕوتوقوت، چونکە تجربەیەکی گەورەیان هەیە لەگەڵ چەکی کیمیاوی صدام حسین، وە دوای ئەوەی کە لاپەرەکانی ڕۆژنامەکانی جیهان پر بوو لە هەواڵی ئەم کارەساتە گەورەیە دەروونی ملیونەها خەڵکی دنیا بە کورد سوتا، وە لە هەر چوار قوڕنەی دنیاوە دەست کرا بە هاوارکردن دژی رژیمی صدام حسین. ئەم هەڵویستەی خەڵکانی دنیا هەر بۆ نمونە وای لە حکومەتی تورکیا کرد کە داڵەیی هەلاتانی کورد بدا وە بۆ یەکەم جار لە میژودا ـ بڕیاری دا کە ئەو چەند ملیونە کوردەی کە لە کوردستانی تورکیا دەژین بتوانن بە کوردی لەگەڵ یەک بدوێن و گوێ لە ساز و اوازی کوردی بگرن. ئەم بڕیارە هەرچەند لەلایەن تورکیاوە الیبیزمە، بەڵام کەڵکە بۆ کورد. چونکە اشکرایە تا پێش ماوەیە کورد فڕێ دەدرایە زیندانەوە بەبێ پرسین، هەر لەبەرئەوەی کە بە کوردی دواوە.

گۆڤار: تلفزیون پێش چەند هەفتەیەک وێنەیەکی نیشان دا، کەوا چون صدام حسین دەست دەکاتە ملی سەرۆک جلال تالەبانی ئەم کارە لای چیکەکان وای گەیاند کە بووردرا لەو کارەساتەی کە ڕوی دا... تۆ وەکو کوردی هەستت چی بوو؟
وەڵام: ڕۆژنامە و ڕادیو و تلفزیونی زۆر وولاتانی دنیا ئەمەیان بە ڕاوەشێنیکی بەهێز دانا (هزە). بەڵام بەلای منەوە ئەوکارە تەنیا اتیکێتیکی سیاسی بوو، وە منی توڕە نەکرد هەرچەندە دەرونیشم بریندااربوو. لەڕاستیدا ئەوەی لای من گرنگە ئەوەیە کە ئەو خاڵانەی کە خراوەتە پیش رژیمی بغداد بو گفتوگو، دەربارەی سنوری کوردستانی عیراق و زانیاریو اسایش و نیسبەتی دەست کەوتن لە سەروەتی نیشتمان بو کورد و خاڵەکانی تر لە کاغەزەوە بگاتە ژیان، وە عیراق ڕیچکەی دیموکراسی بگرێ. ئەگەر ئەمە ڕوویدا کە داخوازیی زۆربەی خەڵکی عیراقە، صدام حسین دەکەوێ، ڕۆڵی پارتی بەعس نامێنی محاکمی عرفی سەرەونوگوم دەبێ. ئنجا پیویست دەبی بە هەڵبژاردنێکی سەربەست و دیموکراسی لە ژیر چاودێری نەتەوە یەک گرتوەکان بەبەشداری هەموو پارتە سیاسیەکان.

گوڤار: تۆ مەیلت لەگەڵ کام پارتی کوردستانی عیراقە؟
وەڵام: ئەندامی هیچ پارتیەک نیم، ڕێز و خوشەویستیم بو هەمویانە.. گیان و ویژدانی خۆم پێشکەش دەکەم بەوەی کە لە کانگای دڵیەوە بۆ کورد تێ دەکۆشێ.

گۆڤار: جارجار هۆشت ازارت نادا کە لەکاتیکدا میللەتەکەت لەو کارەساتە ناهەموارەدا دەژی تۆ لێرە دەژیت. ایا کوردەکان سەرزەنشتت ناکەن، وەک ئیمە سەرزەنشتی ئەو چیکیانە دەکەین کە هەلاتوونوو لە دەرەوەی وولات دەژین؟
وەڵام: میللەتی کورد پیویستی بە هەموو لایەنیکی ژیانی کومەلایەتی هەیە. ئەگەر بچومایە سەرشاخ ماوەی ئەوەم نەدەبوو کە خەریکی کومپوزیشنی موسیقا بم. خۆت دەزانی من پیویستم بە اورکستری گەورە و بچوک هەیە (لای ئیمە تا ماوەیە لەمەوبەر تەنیا پیانویەکیش نەبوو). بەلای منەوە وایە کە کورد زیاتر پەسندی ئەوە دەکات کە لە بارەی موسیقاوە خزمەتی کورد بکەم وە شانس لەو ماوەیە وەرگرم کە لیرە دەژیم. اشکرایە ئەو اوازانەی کە لیرە لەگەڵ تیپی سیمفونی رادیوی پراگ و تیپی سیمفونی اوپیرای سمیتانا تومارم کرد، بە هیچ جۆرێ لە کوردستان نەدەکرا. ئەم تومارکراوانە ئەگەر ڕۆژێ بە اشتی و اسایش ژیاین، دەبنە کەڵک بو کولتوری کورد.
من کوردم و خۆشەویستی من کوردە. هەر لەوکاتەوە کە دەستم کرد بە موسیقا تا ئەمڕۆ هەرچی موسیقایەک دەنووسم هەمووی بۆ کوردە بە شێوەی مەکتەبێکی تایبەتیو تازە، وە دەش زانم کە کوردەکان ئەمەیان لە بیرناچێ و ئەوانیش منیان خۆش دەوێ و قەدرم دەگرن، ئەمەش گەورەترین سەربەرزیە بۆ من.... ئیتر زۆر سوپاس

ئەم گفتوگۆیە لەگەڵ ڕیداکتور گۆڤاری مانگانەی چیکوسلوڤاکی (روستیسلاڤ زەمان) کراوە.

تێبینی: لێشی کورت کراوەتەوە.

# چراخان

بۆ: قادر دیلان

وا خەریکە بەندی دڵت ئەتوێتەوە ـ ئەبێ بە ئاو ـ ئەڕژێتە
ناو ـ دەریای چاوی ئەو جوانەوە کە نەتتوانی چڵی ئاوازێ
لە درەختی دڵەکەت ـ بکەیتەوە و بە بەرۆکیا هەڵیواسی

چراخانی دنیای بینین ـ وا خەریکە کزتر ئەبێ و دنیاش
تاریک و تاریکتر ـ جوانێ نایەت تاڵ تاڵ پرچە کاڵەکەی
خۆی ـ بەسەر چاوتا پەخشان بکا و ـ نۆنەمامی ئاوازێکی
مەمکەکانی لەنێو گەرووتا بچێنێ

لێو بۆتە چەمەزستانە و چاوکەژاڵان چیتر نایەن تەڕیی
لێوانت هەڵمژن ـ بۆ بنێن بە بۆی هەناسەی شیرینتەوە...
ـ تا سەرلەنوێ تۆش ڕابیت و پڕ بە دنیا دەنگ هەڵبڕی:
"*ئازادیخوای کوردین ئێمە*" و لێمانگەڕێن
با وەک نێرگز بە دنیادا پەخش بین و
بەرامەی عەشقتان بۆ بێنین

دەست ناگاتە کەمەی گۆچان و هەنگاویش بەرەو نەبوون
گورجتر ئەبێ – دەستم بەرێ! "*لەنێو قەومی بەسیطا قەدری
صەنعەتکار ـ وەکو عەکسی قەمەر وایە لەنێو حەوزێکی
لیخندا*"
شاری کوێرانیش خەریکە وا ڕووناکتر ئەکرێتەوە

٢٠٠٤/٣/٢٠

**خەبات عارف**

# جاڕدانی مەرگ

عەیامێکە
قەڵەمەکەم خۆڵەمێشە و
ئاگرێکم نەنووسیوە.


عەیامێکە
لەسەر بەفر... ڕانەکشاوم،
لەبەر باران... جوانێکم ڕانەمووسیوە!

ئەوە منم
چیدی نەچمە بەرمەکان و
بەرەو جێژوانان پێ نەگرم؟!

ئەوە منم
کانیی ئاواز
لە بالایەک هەڵقولێت و گوێی لێ نەگرم؟!

ئەو ئاگرەی
لەگەڵ بوونما هەلایسا و
ساتێک هێور نەدەبۆوە
چۆن دامرکا؟ کەی کوژاوە؟
ئەگەر شێتی و ئەڤین تەواو...
ئەدی بۆچی بێدەنگم و
مەرگی خۆمم جاڕ نەداوە؟!

هێلسنکی
٢٠٠٣/٤/٢٩



**عەبدوڵڵا پەشێو**

# زرنگەی گوڵدانێکە درزبردوو، وەڕسە لە تەنیایی

## فەرهاد شاکەلی

دەنگی عاشقانەم ناناسیتەوە، زرنگەی گوڵدانێکی تەنیایە درز دەبات. نە چاوەڕوانیی چەپکێ گوڵ وەڕسیی ڕۆژگاری لە بیر دەباتەوە، نە وردوخاشبوون دڵی دەترسێنێ. دەروویەکم پێ بناسێنە گشت وتراو و نەوتراوی عەشقی تێدا کۆ بکەینەوە، ئیتر جارێکی تر ناوی ناهێنین، دەیسپێرینە پاسەوانەکانی شاری ڕابوردوو. هەر ئەو ساتەی کە دەرگای ڕابوردوو دادەخەم خۆم و نیگاری جارانی تۆیش دەسپێرمە بێهومێدی. دڵم پێم دەڵێ، چ شارێکە لەسەر نەخشەیەک نابینی؟ شار نییە، سەرابە، خەیاڵی سەفەر لەسەر شووشەی پەنجەرەکان دەینەخشێنێ.

لە پێشانگای بیرەوەریدا تەماشای سێبەری بلوورینت ناکەم بە تیشکی چرای تاسەم دەدرەوشێتەوە. دەمەوێ ببیتە غونچەیەک، وەک شووشەگولاوێ بتبینم، تۆ هەور بە و من ناوت دەنێم شەپۆل و ڕووبار، ببە بە سپێدە و من پێت دەڵێم خۆرەتاو.

نامبینی لەم زیندانەدا چۆن نەمامی ڕۆحم لە سێبەری شێداری تەنیاییدا، وردورد، دەژاکێت. ڕۆحم، هەتا بینا بوو، بۆ حەرفێکی خۆرەتاو داستانی تاریکی و ڕووناکیی پەڕەپەڕە دەخوێندەوە. لێرەوە، لەم زیندانەوە، ڕۆح بۆ ڕزگاری کە دەگەڕێ؛ (ڕێ)یەک، هەر تەنیا یەک ڕێ دەناسێ؛ نە (ڕێ)یە و نە (ڕ)ی ڕۆحە و نە (ڕ)ی ڕزگاری. ئێستا، ئەگەر، نەیەی بە هاوارمەوە، دەزانم، دەزانیت تازە ئیتر، لە شیعرێکی بێدەنگدا نەبێ، نامبینیتەوە.

کێلی تیشکیت، لە بناری خەیاڵدا ڕاوەستاویت، دووراودوور سەرنجی ئەم بەردەڵانە دەدەیت، (دڵ)ی تێدا بە دی ناکەیت چۆن بەردی لێ ئالاوە. نایەی جارێ بزانی بەردیش ڕۆحی لە کانیاوی عەشقدا دەشۆرێت و زمانی دڵ فێر دەبێت. لە بێدەنگیی بەردەوە تێ دەگەم، ژانێکی چەند بەسوێیە نەتوانی ڕازی دڵت لای سروەیەک بدرکێنی، چ ڕازێکی کەونارایە سوێی ڕۆحت لە دڵدا پەنهان بکەیت. چرا نەبوویت، من بووم لە تاریکەشەوێکدا ناوی چرام لێ نایت. بسووتێ، بگڕێ، لە درزێکەوە پریشکێک، تروسکەیەک بگەیێنە ناو ئەم زیندانە. ڕۆحم، لێرە، خەون بە ئێوارانێکەوە دەبینێ بە دیار تەرمی ڕۆژەوە دامرکێت و دەرگا بۆ شەوی ڕەشپۆش بکاتەوە. دەزانی؟ لەودیو ئەم پەرژینەوە بێدەنگییەک چاوەڕێیە، دەنگمان دەکاتە دارێکی بێبەر و دەیسپێرێتە دارستانێک لە شنەبای فێنکی بەرەبەیان تۆراوە. دەنگی مەستانەی دڵ، دەنگی عاشقانەی ڕۆح، زرنگەی گوڵدانێکە درزبردوو، وەڕسە لە تەنیایی.


سۆللەنتونا ٢٠٠٥/٤/٢٥

# وتووێژێك لەگەڵ
# ماموستای تەمووژەن عەلی ئەکبەر مورادی

## ئامادەکردنی: تارا جاف، ئەنوەر سوڵتانی

**ئەڵوەن هەی ئەڵوەن، ئەڵوەن باوانم!**
**ئەڵوەن، سەرچەشمەی کولل سەراوانم!...**
**خۆزگەم وە خۆتان کەنارنشینان!**
**هەرسوب وەرمێزان ئەڵوەن مەوینان**

دوو ئایین هەن هی کوردن، تایبەت بە کوردن و لە بارودۆخی ژینگەی کورددا خوڵقاون. تەنانەت ئەگەر لەناو گەلانی دراوسێشدا لایەنگر و ئیماندارییان بۆ پەیدا بووبێت، هێشتا هەروەک ئایینی کورد ماونەتەوە، شوێنە پیرۆزەکانیان لە کوردستانن، ڕێورەسم و مەناسیکیان کوردانەن و دوعا و پاڕانەوە و کتێبی پیرۆزیان بەشێک یان هەموو، بە زمانی کوردین؛ با ئایینە هاوردەکان وەلاشیان خستبن و کوردیان لێ نامۆ کردبێتن.
ئەم دوو ئایینە، ئایینی پیرۆزی ئێزدی و یارسانن. ئیماندارانی هەردوو ئایینەکە، ئەوەندەی بە دەست بێگانە و کوردخۆرانەوە ئازاریان چەشتبێت و سووکایەتییان پێ کرابێت، بەداخەوە ئەوەندە و زیاتریش نامیهرەبانییان لە کورد بینیوە. ئەویان بە شەیتانپەرست و ئەمیان بە عەلی ئەڵلاهی ناوبردە کراون و کەس هەوڵی ئەوەی نەداوە لە ناوک و ناوەڕۆکی ڕاستەقینەیان نزیک بێتەوە. شیعرەکەی شێخ ڕەزا بۆ «هەجوی کاکەیی» تەنیا نموونەیەکە لەو هەموو ناڕاستی و درۆیەی وا بێ پەروا پێیانەوە هەڵبەستوون و زۆرێکمان باوەڕیشمان پێ کردووە. ئێمە بە مێژوو قەرزدارین!
بابەتی ئەم وتووێژە، یەک لەو دوو ئایینە، واتە: یارسان (ئالی حەق، ئەهلی حەق، کاکەیی) و مۆسیقاکەیانە، کە بە ڕادەی ئایینەکە خۆی، کوردییە و هەڵگری تایبەتمەندییەکانی مۆسیقای ڕەسەنی کوردیشە. هۆی هێنانەگۆڕی بابەتەکەش کۆنسێرتی هونەرمەندی ناسراوی کورد ماموستا عەلی ئەکبەر مورادییە لە لەندەن. مورادی بە هاوکاریی دوو کوڕی گەنجی خۆی «ئارەش و کورش» و فەریبورزی کیانی، ڕۆژی ٢٢/٧/٢٠٠٥، لە «کوئین ئەلیزابیت هۆڵ»ی سەر بە «ساوت هۆڵ» لە ژێر ناوی «مۆسیقای کوردی»دا کۆنسێرتێکی سەرکەوتووی پێشکەش بە بینەرانی کورد و ئێرانی و ئینگلیز کرد.
کۆنسێرتەکە لە دوو بەش پێک هاتبوو: بەشی یەکەم «تەکژەنی» و «هەمژەنی»ی تەموور بوو لە لایەن ماموستا و کوڕەکانیەوە، کە بە دەفە و دومبەک هاوڕێیی دەکرا. لەم بەشەدا، مۆسیقای پیرۆزی کەلامەکانی یارسان و هەروەها مۆسیقای مەجلیسی پێشکەش کرا. بەشی دووهەم لە چوارچێوەی مۆسیقای یارسان هاتە دەرێ و مۆسیقای کوردیی بەشە جۆرەبەجۆرەکانی کوردستانی گرتە بەر.
پێشوازیکردنی بەتینی بینەران و بەتایبەت ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆری خەڵکانی ئینگلیز و ئەوروپایی، ڕوخساری بەرچاوی کۆنسێرتەکە بوون. بەڵام بەداخەوە هەندێ بەشی کارەکە، بەگوێرەی پرۆگرامی ڕاگەیێنراو بەڕێوە نەچوون کە بریتی بوون لە ئامادەنەبوونی تیگران ئەلێکسانیانی دوودەک و زوڕناژەن و هەروەها کۆڕی هەڵپەڕکێی کوردی کە دەبووایە هاوڕێی بەشی دووەمی کۆنسێرتەکە بووایە و نەبوو.



**عەلی ئەکبەر مورادی**

ئەم ناتەواوییانە، کە بەگشتی بەڕێوەبەر و ڕێکخەری کۆنسێرتەکەی دەگرتەوە، بەتوانا و هێزی هونەریی ماموستا مورادی و کوڕەکانی قەرەبوو کرانەوە و شوێنیان لەسەر هەستی بینەران دانەنا ـ ئەو هەستەی وا بە هۆی پلەیەکی بەرزی هونەر و توانایەکی لەبننەهاتووی هونەرمەندانەوە گەیشتبووە لوتکەی خۆشی و سەرخۆشی.
گۆڤاری «مەڵبەند» دوابەدوای کۆنسێرتەکە، وتووێژێکی خۆمانەی لەگەڵ ماموستا عەلی ئەکبەری مورادی پێک هێنا، کە خاتوو تارا جاف هونەرمەندی ناسراوی کورد و، ئەنوەری سوڵتانی تێیدا بەشدار بوون.
پلەی بەرزی زانیاریی ماموستا مورادی لە مۆسیقا و بەتایبەت تەموور، هەروەها شارەزایی زۆری تارا خانم لە مۆسیقا، یارمەتیی وتووێژەکەیان دا ببێتە بابەتێکی بەکاکڵ. پرسیاری ئەم و وەڵامی ئەو، دۆم بێت و کڵاش بۆ خۆی بکات!
پێوەندی گەلێک نزیکی تەموور لەگەڵ ڕێوڕەسم و مەناسیکی ئایینی یارسان، ئەو دوو دیاردەیەیان کردۆتە دوو شتی تێکچڕژاو، کە باس لە هەر کامیان بێتە پێشەوە، ئەوی دیکەش بە شێوەی خۆڕستی سەر هەڵدەدات. کاری گەورە و لەبیرنەچووی ماموستا مورادی، کە بۆ هەمیشە لە مێژووی مۆسیقای کوردیدا دەمێنێتەوە، تۆمارکردن



**کۆرش مورادی**

و بڵاوکردنەوەی ٧٢ تەرز، یان (مەقام)ی کەلامی یارسانە، کە وەک دیاردەی پیرۆزی ئایینی سەیر دەکرێن و زۆرێک لە ئیماندارانی یارسان دژ بەوە دەوەستن بڵاو ببنەوە و بکەونە بەر گوێی خەڵکانی غەیرەیارسان. ئێمەی کورد، مێژووی مۆسیقای کوردی و مێژووی مۆسیقای جیهان بەگشتی، قەرزداری ئەرک و زەحمەتی ٢٠ ساڵەی مورادیین بۆ فێربوون، گردوکۆکردن، بەڕێوەبردن و بڵاوکردنەوەی ئەو ٧٢ مەقامە، کە زۆر وا هەبوو ئەگەر ئەو نەبووایە، نەکەوتنایەتە بەر گوێی کۆمەلانی خەڵکی غەیرەیارسان، یاخود بەو شێوازە پسپۆرانەیە و بەو ڕەسەنایەتییە تۆمار نەکرایەن. ئێمە نرخی ئەو ئەرکە مەزنە دەزانین، ڕێز لە کارە پسپۆڕانەکەی مورادی دەگرین و سەری نەوازش و ئیحتیرامی بۆ دادەنەوێنین. شایانی گوتنە کە مامۆستا مورادی ئەوەندی خەمخۆری ئایینەکەیە، ئەوەندەش دڵسۆزی گەل و نەتەوەکەیەتی و ئەو دیاردەیە بۆ ئەوانەی کە لایانوایە کوردایەتی لە دیاربەکر دەست پێ دەکات و بە سلێمانی و مەهاباد کۆتایی پێ دێت، جێگەی پەند و دەرسوەرگرتنە!
ئەو ئێوە و ئەوەش وتووێژەکە:

*پرسیار: کاک عەلی ئەکبەر، بە خێر بێیت بۆ لەندەن! کۆنسێرتی شەوی پێشووت پێ چۆن بوو؟*
وەڵام: باش بوو، سپاسی ئەوانە دەکەم کە بۆ ڕێزگرتن لە کولتووری کوردی هاتنە کۆنسێرتەکە.

*پ. لە ڕاگەیاندنی سەرەتای کۆنسێرتەکەدا، بەشی یەکەمیان بە "مۆسیقای سۆفییانە" ڕاگەیاند، بۆچی؟*
و. نازانم. ئێمە مۆسیقای سۆفییانەمان نەبوو، بەڵکە مۆسیقای تەموور و یارسانمان بوو.

*پ. واهەیە بەڕێوەبەری کۆنسێرتەکە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی ئینگلیزەکان ئەم کارەی کردبێت، ئێستا لە ڕۆژئاوادا مۆسیقای سۆفی برەوی زۆری هەیە. باشە، ئامانجت لەم کۆنسێرتە چ بوو؟ خزمەت بە مۆسیقای یاری؟ خزمەت بە مۆسیقای کوردی؟ لایەنی شەخسی؟ چی؟*
و. هەر هەموویان! خۆشەویستیی تەموور و هەروەها مۆسیقای کوردیش. ئاشکرایە تۆ کە کارێکی هونەری ئامادە دەکەیت، پێت خۆشە بینەر و بیسەرت هەبێت پێشکەشیان بکەیت. دوای ئەوانەش من دوو کوڕم لە دەرەوەی وڵاتن، پێم خۆش بوو بیانبینم و پێکەوە کاری هاوبەش پێشکەش بکەین. ئەوانیش بە مۆسیقاوە خەریکن. ئەم کۆنسێرتە سوودی دارایی بۆ من تێدا نەبوو و هیچم پێ نەگەیشت. بۆ من لە هەمو ئەو شتانە گرنگتر، عەشق بە مۆسیقا و کولتووری کوردە.

*پ. کۆنسێرتەکە وێدەچوو لە دوو بەش پێک هاتبێت: مۆسیقای یاری و مۆسیقای کوردی!*
و. نەخێر، سێ بەش بوو:
١ــ ژەنینی تەموور بۆ دەرخستنی توانا و کارامەیی سازەکە. ئەوەیان لەسەر بنەمای تەرز یا مەقاماتی مەجلیسی و دانراوی خۆم بوون.
٢ــ مۆسیقای یارسان.
٣ــ مۆسیقای کوردیی هەمەچەشنە، وەک مۆسیقای کرماشان، میلۆدی خانەقا و غەریبی لەسەر بنەمای تەموور.
بەگشتی سێ چەشنە مۆسیقای کۆنی کوردی هەن، کە هیچ پێوەندێکیان بە مۆسیقای ئێرانی و عەرەبییەوە نییە، ئەوانەش بریتین لە:
١ــ تەموور (تەرزەکانی کەلام).
٢ــ سیاچەمانە.
٣ــ هووره و موور.
*پ. سیاچەمانە و هووره ئامێری مۆسیقایان تێدا نییە.*
و. یەکەم، تەمووری کەلامەکان ریتمی زۆر ئاڵۆزی هەیە. میلۆدی کەلامی وا هەیە ٤٨ زەربی هەیە. لە مۆسیقای ئێرانی و عەرەبدا زەرب کەمە، ٤/٢ یان ٤/٣ یان ٨/٥ یان زۆر بێت ٨/٧، مۆسیقای کەلام لە باری ریتمەوە کۆنە.
دووەم: مۆسیقای تەرزگەلی مەجلیسی (هوورەکان) وەک غەریبی، ساروخانی، قەتار، هیجرانی، باریە، مەجنوونی، دل وە دەرە، ڕۆستەم، گوڵ وە خاک. ئەمانە هەر هەموویان هوورەن، لە تەمووری کەلام تازەترن.
سێیەم: مۆسیقای مەجازی وەک مۆسیقای کار، سەحەری، جەنگ، سواری (سەوارسەوار) یان جەنگەڕا و مضامینی عاشقانە.
تەموور کۆنترین سازی ژێدار ــ میضرابییە، واهەیە لە عوودیش کۆنتر بێت. لە شوێنەواره مێژووییەکانی موسڵ و شووش و لەسەر بەردێکی کۆنی ٥ هەزار ساڵە وێنەی بینراوەتەوە، بەڵام نازانرێت چەند ژێی هەبووە. تەموور خۆی سازێکی خۆرهەڵاتییە لە مغولستان، چین، ئەفغانستان، ئێران، کوردستان و ئازەربایجان هەیە.
لە ئێراندا دوو چەشنە تەموور دەبینرێت:
ــ خۆراسانی (دووتار).
ــ بەغدادی یان تیسفوونی یان کوردی.
لە خۆراسان دوو ناوچەی مۆسیقایی هەن:
یەکەم: باشوور، کە تەموورەکەیان ٨ پەردەی هەیە و شیعری فارسی پێ دەخوێنن. بۆ نموونە لە توربەت جام. مەقامی ناوداری «نەوایی، نەوایی» هی ئەو ناوچەیەیە.
دووەم: باکوور، کە هاوبەشە لەنێوان مۆسیقای کوردیی کرمانج لە خۆراسان و تورکمەنەکان. تورکمەن دووتاریان هەیە کە ١٢ پەردەی هەن. مامۆستایانی مۆسیقای تورکمەنی «بەخشی»یان پێ دەگوترێت. دووتاری تورکمەنی «توتتار»ی پێ دەگوترێت. مۆسیقاکەیان کۆنە و خاوەنی مەقاماتە، لەگەڵ مۆسیقای ناوچەکەشدا بێ پێوەندە.
تەمووری گرنگتر، تەمووری تیسفوونی یان بەغدادی یان کوردییە، کە هەم شێوەی لێدان و هەم تەرز (مەقامات)ەکەی گرنگر و تەکنیکی ترە لە تەمووری تر. تەموور لە هەزار ساڵ پێش ئێستا و لە سەردەمی «شاه خوشین»ی لورستانییەوە کە هاوچەرخی بابەتاهیری هەمەدانی بووە، هەر سازی یارسان بووە و بۆتە سازی ئایینی مەردمی یارسان، تەرز یان (مەقامات)ی کەلامیشیان پێ ژەندووە.
لە باری دروستکردنی تەموورە، دوو جۆرە تەموور هەن:
ــ تەمووری کاسەیی، کە کاسە و سەفحەکەی لە دارتوو و دەستەکەی لە دارگوێزە،
ــ تەمووری چەمەنی کە لەت لەتە و قاڵبی بۆ دەگرن.
تەموور تا ٥٠ ساڵێک پێش ئێستا، تەنیا دوو تاری هەبوو، بەڵام ئێستا وەتەری ئەوەڵی بۆتە دوو سیم و لەڕاستیدا سەرجەم سێ سیمی هەن، لە ١٣ گرێییەوە بۆتە ١٤ پەردە.
لە تەمووری یارسانیدا چواریەکی پەردە نییە، بەڵام لەناو مۆسیقای عەرەب و ئێرانیدا (تار، سێ تار، عوود و...) ئەم چواریەکی پەردەیە



**له ڕاستەوە: فەریبورز کیانی، عەلی ئەکبەر موڕادی و ؟؟؟؟**

هەیە. بەرایی سازەکە بریتییە لە یەک هەنگاو و یەک پەردە. دوو کۆکیشی هەن: مەودای ٤ و ٥
تەموور چەند چەشنە کەسایەتی هەیە:
ـ کەسایەتیی ئایینی بۆ پەیڕەوانی ئایینی یارسان، بۆ نموونە ئەوەی کە ماچی دەکەن و سوێندی پێ دەخۆن و ڕێزی لێ دەگرن.
ـ کەسایەتیی حیماسی ـ مەجلیسی. واتە تەموور هەرگیز بۆ شایی و هەڵپەڕکێ نەبووە و لە دانیشتن و مەجلیسدا کەڵکی لێ وەرگیراوە. لە شاهنامەی فیردەوسیشدا باسی لێوە کراوە، ئەویش لە خوانی چوارەم لە ٧ خوانی ڕۆستەمدا.
ـ کەسایەتیی ئەوینداریشی هەبووە، بەڵام ئەوینی ڕاستەقینە نەک هەوەس.

*پ. ئایا ڕیوایەت یان داستان بۆ مەقامەکان هەیە؟*
و. سەبارەت بە مەقامی «سەرتەرز» دوو چەشنە ڕیوایەت هەن:
١ـ سەرتەرز هەمان ئەو مەقامەیە ڕۆستەم لە خوانی چوارەمدا خوێندوویە، کاتێک بێ هیوا و لەخۆتووڕەیە و دەڵێت: "کە اواره بدنشان رستم است." کاتێک ژنی جادووگەری لێ دەردەکەوێت و ئەویش تەموور لێ دەدات. جا لەبەرئەوەی دێو و کەسانی بەدکار لە مۆسیقا و شتی خودایی بێزارن، جادووگەرەکە ڕەش دەبێت و ڕۆستەم دەزانێت جادووگەرە و لە ناوی دەبات. واتە مۆسیقا تێگەیشتن بە مرۆڤ دەبەخشێت.
٢ـ کاتێک کە مرۆڤ خوڵقا، نەکەوتە ڕێگە. پیربنیامین بە تەرزێک تەموور دەژەنێت کە ڕۆح دەچێتە لەشی گڵەکەوە (مرۆڤ لە گڵی زەرد دروست دەبێت) و ئیتر زیندوو دەبێت و دەکەوێتە ڕێگا. جا بنیامین، بە ئاهەنگی تەرز خوێندی.
من لەگەڵ ئەوەدام کە لەجیاتی وشەی عەرەبیی «مەقام» و «مەقامات» بگوترێت: «تەرز». تەرز دەتوانێت واتای تەرزی گیا و ڕووەکی هەبێت، دەشتوانێت واتای مۆسیقایی هەبێت. مەولەویی تاوەگۆزی نەیگوتووە مەقام، گوتوویە «تەرز»:
"وە هەر تەرز لەیل مەلاوناوە
دڵەی سەنگ سەرد مەتاوناوە"
«نەوای تەرز»مان بیستووە، کەواتە تەرزی بەیات، تەرزی شوور، تەرزی مەجنوونی و...هتد.

*پ. ئایا مۆدۆلاسیۆن چییە و لە تەمووردا هەیە؟*
و. مۆدۆلاسیۆن ئەوەیە بەهێمنی و جوانی لە تەرزێکەوە بچیە تەرزێکی تر کە ناهەموار نەبێت. لە فارسیدا بە هۆی گوشەی «دڵکەش»ـەوە لە دەستگای ماهوورەوە دەچن بۆ دەستگای شوور. یاخود لە دەستگای سێ گادا، لە گۆشەی «هودی» و «پەهلەوی» و «موخالیف»ـەوە دەچن بۆ دەستگای هومایوون.
بەڵام لە تەمووردا، ئەم کارە بەهاسانی لە مەقامەکاندا هەیە. بۆ نموونە، «سەرتەرز» مەقامێکەوە لەنێوان شوور و نەوا و ئیسفەهان و ماهوور. لەناو ئەوانەدا مۆدیۆلاسیۆن دەبێت. لە مۆسیقای ئێرانیدا بە مۆدۆلاسێون دەڵێن: «مرکب نوازی».

*پ. ئایا تەرز (مەقام)ی کوردی هەیە، تەرزێک کە تایبەت بە کورد بێت؟*
و. تەرزە مەجلیسییەکان (هووره)، ئاوازی کۆنی کوردن، وەک: مەجنوونی، دووالە، غەریبی، سەحەری، پامووری، قەتار و خاوکەر، باریە، گل وە دەرە، تەرزی ڕۆستەم و...هتد.

*پ. تەرزی «گل وە دەرە» باسی چی دەکات؟*
و. دوو ڕیوایەت هەن:
١ـ کەسێک بە ناوی سەید دەروێش لە داڵەهوو بۆ یەکەم جار ئەم تەرزەی بۆ براکەی خۆی «سەید سائین» گوت بۆ ئەوەی نەهێڵێت لەلای بڕوات.
٢ـ ئەم تەرزە دەخوێنن بۆ ئەوەی خوادا «فەڕڕ»ی کەسێک لە ماڵەکەی نەبڕێت. لە شاهنامەدا «جەمشیدشا» ناسپاس دەبێت و دەڵێت من خوام. خوا «فەڕڕی ئیزەدی» لەسەر شان هەڵدەگرێت. سام دەڵێت: "گلی وە دەم!"
شاهنامە و کەسایەتییەکانی لە مۆسیقای کوردیدا شوێنیان داناوە. فیردەوسی لە داستانی زوحاکدا باسی ئەوانە دەکات کە لە دەست زوڵمی ئەو ڕزگاریان بوو و دایانە کەژ، جا دەڵێت کورد لەوان کەوتنەوە. کەلام یارسان دەڵێت:
نەزم تەمووره، بەزم حەقانی
نانداران بێ نان فەناکەین فانی
ئەوە خەباتە، هەوڵە، دەڵێت بە نەزمی تەمووره دەوڵەمەند و دەستڕۆیشتووی نانندەر لە ناو بەرین. ئەوە خەبات و چەکهەڵگرتنە دژی زۆرداران. هەندێ کەسایەتیی شاهنامە ئەرێیین: ڕۆستەم، زاڵ، سوهراب، کەیخوسرەو، سیاوش. ئەمانە «دوون»، واتە ساحیب کەرەم بوون، ئیزەد بوون.
هەندێکی تر کەسایەتیی نەرێیین: کەیکاوس، زوحاک، ئەفراسیاو، گەرسیوەز و... ئەمانە ئەهریمەن بوون. ئەگەر ورد بینەوە مەسەلەی

ئێرانی و کورد و شتی ئەوتۆ نەبووە، باسی مرۆڤی «نیک» واتە باش بووە. کەیکاوس شای ئێران بەڵام ئەهریمەن بووە، بەڵام باوکی زوحاک (مەرداسب) بە باشی یاد کراوە، پیران وەیسە وەزیری ئەفراسیابە، بەڵام ئەهریمەنی نییە.

*پ. ئایا تەرزەکان هەوەڵ بوون و شیعریان لەسەر دانراوە یاخود هەوەڵ شیعرەکان بوون پاشان تەرزیان بۆ دانان؟*
و. ئەم دیاردەیە ڕوون نییە.


*پ. کێشی شیعرەکانی کەلام چین؟*
و. ١٠ بڕگەیین.


*پ. زمانیان؟*
و. هەورامیی کۆن.

*پ. تکایە سەبارەت بە کەلامەکان زیاترمان بۆ بدوێ...*
و. مۆسیقای ئێمە هی دۆڵی سیروانە، مۆسیقایەکی کۆنی ئێران و ڕۆژهەڵاتە. ئایینەکە یەکجار کۆنە، سوڵتان سەهاک تەنیا ئاشکرای کردۆتەوە. عەلەوییەکانی تورکیا و کاکەییەکانی عیراقیش هەر یارسانن. عەلەوییەکان مۆسیقای تایبەت بە خۆیان هەیە، هەرکەس بە زمانێک حەمدی ئێزەد دەکات. ئایینی یارسان ڕیشەی لە میترائیسم واتە میهرپەرستیدایە. ئەم ئایینە پێش زەردەشت هەبووە.
زەردەشت لە دیوەخانی گوشتاسبدا ژیاوە و کوڕی گوشتاسب واتە ئەسفەندیار بوو بە «غازی» دین زەردەشت. بەڵام ڕۆستەم گرنگترین کەسێک بووە لەسەر ئایینی میهر ماوەتەوە. شەڕی ڕۆستەم لەگەڵ ئەسفەندیار لەڕاستیدا شەڕی میهرپەرستی بووە لەگەڵ ئایینی نوێی زەردەشتایەتی. ئەسفەندیار دەکوژرێت، بەڵام خانەدانی ئەو پاش مردنەکەی دەچن و خانەدانی ڕۆستەم لە ناو دەبەن، ئیتر ئایینی میهر دوای ڕۆستەم لە ڕۆژهەڵاتی ئێران دەفەوتێت، بەڵام پاشماوەی ئیماندارانی میهرپەرستی لە دۆڵی سیرواندا دەمێننەوە و لە سەردەمی سوڵتان سوهاکدا سەرلەنوێ سەر هەڵدەدەنەوە و ئایینەکە سەرلەنوێ ساز دەدەنەوە.
دوای سوڵتان سەهاک باوەڕدارانی ئایینەکانی تر [موسوڵمانان]، لەتەکیاندا دەکەونە شەڕ و باوەیادگاری جێگری سوڵتان بەناچاری لە دۆڵی سیروان و گوندی شێخان کۆچ دەکات، شاهۆ بە جێ دەهێڵێت و دەچێتە مەکانێک بە ناوی «سەرانە» لە داڵەهوو. باوەیادگار تەنیا تەموورەیەک و مەتارەیەک ئاوی «تەشار» لەگەڵ خۆی دەبات. (تەشار لە هەورامانە لە نزیک نەوسوود). ئاوەکە دەکاتە پای بەردێک. لەوێ کانیاوێک دەتەقێت و چەشمەسارێک دروست دەبێت کە ناوی «قەسڵان»ـە:
"قەسڵان مەتارەی نە ئاو تەشار
کەردیم وە خەڵات یادگار یار"
یادگار لەوێ دوو سەرسپردە پەیدا دەکات: سەید خەیاڵ و سەید وەساڵ. بە یارمەتیی ئەوان خەڵک داردەنێن، جەمخانە دروست دەکەن، ناوچەکە ئاوەدان دەکەنەوە، نەزم و تەرزی کۆن فێری مەردوم دەکەن و دەیانهێننە سەر ئایینی یاری.
بە کۆچی باوەیادگار، ئایین دێتە ناوچەی گۆران، واتە لە گۆرانی باکوورییەوە (هەورامان)، دەگاتە گۆرانی باشووری، بەڵام زمانەکە لە هەورامان هەر ما:
"چاکە پانیەم ئاوم وارا تام
شاهۆم بەدنام کەرد شارەزوور و شام" (کەلام باوەیادگار)
لاموایە هەر لە سەردەمی ئەو زەخت و زۆرەشدا بووە کە خەڵکانی یارسان کۆچی عیراق و تورکیایان کرد و عەلەوی و کاکەیی و ئێزدەی لەوێ سەیان هەڵدا.

*پ. با بچینە سەر باسی «سی دی»یە گەورەکەتان ـ مەقامات یارسان. چۆن بڕیارت دا ئەو سی دییە بخوڵقێنیت؟*
و. لە منداڵییەوە لەناو یارسانییەکاندا گەورە بووم و دابونەریتی ئەوانم هەڵگرتووە. ئێستا کە تەمەنێکم هەیە، لاموایە تاقەهۆی هاتنە جیهانم ئەوە بووە خزمەت بەو کولتوورە بکەم. لە تەمەنی بیست تا بیستوسێساڵیدا بوو گەیشتمە ئەوەی کە سازی تەموور تەنیا ئامێرێک نییە، بەڵکو مۆسیقایەکە. گوتم بۆچی ڕەدیفەکان جەمع نەکەین. ماوەی بیست ساڵی پێ چوو تا گردوکۆم کردن. لە ١٠ کەسم تۆمار دەکردن بۆ ئەوەی بزانم ئایا چەند کەس وەک یەکی دەژەنن، کامیان ئەسڵن. ٧٢ تەرزم تۆمار کرد. لێرەدا تەنگژەی «گوش نامەحرەم» سەری هەڵدا و ئەوەی کە دەگوترا مەقاماتی یارسان نابێت بکەونە بەر گوێی خەڵکانی غەیرەیارسان. قسەم لەگەڵ جەنابی سەید نصرالدین [ڕێبەری ئایینی یارسان] کرد و گوتم ئێمە ئەگەر لێ بگەڕێین مەسەلەکە هەروا بمێنێتەوە مەقامەکان یا فەرامۆش دەبن و لە ناو دەچن، یاخود خەڵکانی ناپسپۆڕ دەیانگۆڕن و ڕەسەنایەتییان لێ دەستێننەوە. ئیتر ئەو موافەقەی کرد و من هەموو ٧٢ مەقامەکانی کەلامم لە چوار «سی دی»دا تۆمار کرد و بە هیممەتی بنکەی «ماڵی کولتوورەکانی جیهان» لە پاریس بڵاوم کردەوە. لە ئێران نەمتوانی کارەکە بکەم، هاتمە فرەنسا و بە یارمەتیی شەریف خەزنەدار سەرۆکی بنکە، پارەی بۆ دابین کرا.


**کۆرش مورادی**


**عەلی ئەکبەر موردای**


**ئارش مورادی**



**کۆرش مورادی، عەلی ئەکبەر مورادی و ئارش مورادی**

بابەتەکانمان لە ئێران تۆمار کرد و لە فەڕەنسا بڵاو کرانەوە. وا بزانم ۳۵۰۰ یوورۆیان بۆ کاری تۆمار و وێنەگرتن و نووسین و تەرجەمەی دەق تەرخان کرد، ۳۵۰۰ یۆرۆی دیکەشیان دایە خۆم بۆ ئەرک و کارەکەم.
من وا خەریکی ئەوەم بەو پارەیە لە گوندی «بانزلان» کە بە ۷۰ کیلۆمەتر کەوتۆتە ڕۆژئاوای کرماشان بەشی گۆران و شوێنی لەدایکبوونمەوە، جێگەیەک بە ناوی ماڵی تەموور دروست بکەم. نەخشە و زەوی ئامادەیە. زەوییەکە هی باوکم بووە و بە من بڕاوە. دیارە ئەم پارەیە بۆ کارێکی وا گەورە زۆر کەمە، بەڵام هیوام هەیە ئەوانەی وا ئەهلی کار و خزمەتی کولتوورن و لە خەمی هونەری کوردیدان یارمەتیی دروستبوونی پرۆژەکە و بەڕێوەچوونی بدەن. من دەمەوێت لەو شوێنە تەموور بە دەرس بگوترێتەوە بە شێوەی ئەمڕۆیی، هەروەها فیستیڤاڵ بە ڕێوە ببرێت، مۆسیقای کوردی لێ بدرێت و شوێنێک بێت بۆ توێژینەوە لە مۆسیقای کوردی.

*پ. ئێمە لە کۆنسێرتەکەدا گوێمان لە دەنگت بوو، گەلێک خۆشترە لە دەنگی ناو سی دییەکان، بۆچی؟*
و. گرنگ نییە، من هەوڵمداوە تەرزەکان بە ڕێوە ببرێن، ڕیتمە ئاڵۆزەکان. ماوەی ٥ تا ٦ مانگی برد تا هەموویان تۆمار کران. گرنگ حاڵەت و ریتمی میلۆدییەکانە. ئەوانە دەبێت دەرک بکرێن، کارێکی هاسان نییە لەبەرئەوەی مۆسیقاکە زۆر کۆنە و گوێچکەی خەڵکی ئەمڕۆ ناسیاویی لەگەڵیدا نییە، واتە بە یەک جار و دوو جار لێیان تێ ناگەن.

*پ. ئایا سی دییەکە لە ئێرانیش بڵاو بۆتەوە؟*
و. بە شێوەی غەیرەیاسایی و کەیفییەتیی نزم، بەڵێ! لەوێ ئیجازەیان نەدەدا، بردمە پاریس. پاشان ئیجازەشم بۆ وەرگرت، بەڵام هەر بڵاو نەبووەوە بەو شێوەی MP3ەی بە قاچاخ بڵاو کراوەتەوە و من پێی ڕازی نیم.

*پ. ئایا لە باری ئایینییەوە هیچ تەنگوچەڵەمەیکت بۆ خوڵقاوە؟*
و. تا ئێستا نا.

*پ. کاک عەلی ئەکبەر، لە هەندێ میلۆدیدا، شوێنی مامۆستایانی وەک عەلی مەردان و حەسەن زیرەک و مامڵێ بەسەر مۆسیقاکەتەوە دیارە. تەنانەت «ئەندەک ئەندەک»ی شەهرام ناظری. ئەوە چۆن دەبینیت؟*
و. میلۆدیی مۆسیقا بێ سنوور نییە. عەلی مەردان و ئەوانی تر ئەوەندەیان گۆرانی گوتووە و میلۆدییان تۆمار کردووە، کە تۆ هەر هەوایەک بژەنیت، واهەیە لە یەکێکی ئەوان بچێت. من ویستم بەشی دووهەمی کۆنسێرتەکە هی گشت کوردستان بێت.
*پ. تکایە بڵێیت ئەوەی لە ئێران پێی دەگوترێت «بەداهە سەرایی» چییە؟*
و. ئەوەیە کە هەوایەک بژەنیت، پێشتر نەتژەندبێت. زیهنت بچێتە جێگایەک، کە پێشتر نەچووبێت. لەسەر بنەمای حاڵەت، مەستی، ئیلهام و... هەموو کەسێک ناتوانێت ئەهلی ئەم کارە بێت.

*پ. لە کوێ کۆنسێرتت بە ڕێوە بردووە لە ناوخۆی ئێراندا؟*
و. لە تاران، کرماشان، شیراز، ئیسفەهان، مەشهەد، ئەهواز، کرمان و یەزد.

*پ. دیارە لە ئەوروپا و ئەمریکایش کۆنسێرتت هەبووە. دەکرێت بڵێیت لایەنی چاک و خراپ لە کۆنسێرتەکانی دەرەوەی وڵاتدا چین؟*
و. زۆر لایەنی ئیجابین، کولتوور و مۆسیقامان بە خەڵکی ڕۆژئاوا نیشان دەدرێت، پێیان دەڵێین خاوەنی چ مۆسیقایەکی دەوڵەمەندین. گەل و وڵاتێک کە مۆسیقای هەیە، فەرهەنگی هەیە. ئەگەر لایەنی سەلبی هەبێت، ئەوە دەبێت کە کارەکە باش بەڕێوە نەبرێت و لە باری ئیجرائییەوە ناتەواو بێت.

*پ. ئایا مۆسیقای کوردی بەبەریەوە هەیە ببێتە مۆسیقایەکی جیهانی؟*
و. ئەوانە وا بوونەتە جیهانی دە یەکی مۆسیقای کوردییان «موادّاولیە» نەبووە. ئەساسی مۆسیقا، میلۆدییە، عیلمی بێت یان هەرچی، دەبێت میلۆدی هەبێت. کورد هەیەتی، مۆسیقای کوردی زیندووە. بۆ شادی و مردن، بۆ کار و عەزا مۆسیقامان هەیە، لایەلایە، مەشکە و مەڕ دۆشین، بۆ هەموو بەشێکی ژیان. ئەوانە ڕازی مانەوە و پایەداریی مۆسیقای کوردین. دیارە بە عیلمی نەکراوە. دەبێت کۆنسێرواتوارت هەبێت. دەبێت دەوڵەت بیکات، یان فڵان ڕێکخراوە یاخود پارەدارێک. ئەوە نەگونجاو نییە، دەکرێت ببێت. گرنگ ئەوەیە ئێمە ماتریاڵمان هەیە، هیچ گەلێک ڕەنگە ئەوەندە دەوڵەمەند نەبێت لە مۆسیقادا. سیاچەمانە هی پاوە و هەورامانە، بەڵام عطاءالله سەعید مەنسوور سیاچەمانە و هوورە بە سەبک و ئوسلووبێک دەخوێنێت، کەسی تر نایخوێنێت. سەبک و شێوازی سەید عەلی ئەصغەر کەس نایخوێنێت. کەسی تر وەک مامڵێ ناخوێنێت. ئەوانە دەبێت گردوکۆ بکرێن، مۆسیقای سیاچەمانە و خانەقا و ئەوانی تر، وەک ئەو کارەی من بۆ تەموورم کرد.
ئەوانە مۆسیقای عیلمین، دەبێت گردوکۆ بکرێن. ئۆرکێسترای گەورە هەبێت، زانستگەی مۆسیقا هەبێت. ئێمە وە درەنگ کەوتووین. وا سازگەلی بادی وەک نەرمەنای و شمشاڵ دواهەناسەیان دەکێشن. ئەوانە ئامێری مۆسیقای هەڵپەڕکێ بوون: گەڕیان، چەپی، خانەمیری... هەڵپەڕکێ ئێستا گۆڕاوە، بە توورزەلە و شمشاڵ و نەرمەنای هەڵناپەڕن. کەوابوو، ئەمانیش دەمرن. وا کیبۆردی ڕۆژئاوایی جێگەیان دەگرێتەوە و ئەوەش جێگەی داخە.

*پ. باشە، ئامێری مۆسیقای کوردی کامەن؟*
و. سێ ئامێر هەن کە بەتەواوەتی کوردیین: تەموور، شمشاڵ، دەفە.

چەنگ پێشتر بووە و ئێستا نییە. زۆرنا لە خۆراسان و لوڕستانیش هەیە.

*پ. بەڵام سێ تار و کەمانچە کوردی نین.*
و. بوون، بەڵام نەماون. ئێران ئەم ئێرانەی ئێستا نەبووە، هاوبەش بووە، کوردیشی لەگەڵ بووە، کوردیش لەو سازانەدا بەشیان هەبووە، بەشدار بوون، بەڵام ئەو سێیانەیان کوردی تەواون.

*پ. لە کوردستانی باشوور بەرەو سەنتوور و تار و... چوون.*
و. ئەوە باشترە تا پۆپی پلەچواری فرەنسا و ئەمریکا.

*پ. من ڕەفزی مۆسیقای عەرەبی دەکەم بێتە کوردییەوە.*
و. یەک مۆسیقا هەیە لە ناوچەکەمان، مۆسیقای دەستگاهی، واتە مەقامی. ئەوە هی کورد و فارس و ئازەربایجانی و عەرەبە، بۆ نموونە شوور و بەیات و... کوردیش تێیاندا بەشداریی هەبووە. گەلێک میلۆدی کوردییان لەناودایە: کەویار ماهوورە، کراس کودەری هاوریشم شوورە و... ئەوانە هی ناوچەکەن، هی کەسی تایبەت نین. بەڵام هی وایش هەن کە تایبەتن. فارس و عەرەب و تورک میلۆدی کوردی وەردەگرن و حاڵەتی مۆسیقای خۆیانی پێ دەدەن. مۆسیقای ئێمە دەبێت ڕێک بخرێت، بۆ منداڵ، بۆ لاو...

*پ. تیپە مۆسیقاییەکانمان پۆپن. چۆنیان بەرەو مۆسیقای نەتەوایەتی بکێشین؟*
و. شتی چاکتریان پێ بدەین لەسەر بنەمای مۆسیقای فۆلکی خۆمان. بودجە و پارەی دەوێت، پلاندارشتنی دەوێت، ئەوینی دەوێت، ئەرک و کاری پێویستە.

*پ. ئەرکی گەلی کورد لە بەرانبەر هونەری خۆیدا چییە؟*
و. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناتوانیت چاوەڕێی یارمەتیی حکوومەت بیت، دەبێت خەڵک خۆیان یارمەتیی هونەر و هونەرمەندان بدەن. دەردی گەورەی ڕۆژهەڵات و ناو کوردیش ئەوەیە پارەداری خادمی هونەریان نییە. لە ڕۆژئاوا، پارەدارەکان لە هونەر حیمایەت دەکەن، هی ئێمە وا نین.

*پ. ئایا لە داهاتوودا دەتوانین ئۆرکێستری سیمفۆنیکی کوردیمان هەبێت؟*
و. دڵنیام دەتوانین. مۆسیقاری بواری سازگەلی فوودار، ڕیتمی، ژێدار، زەخمەیی و... هەموویمان هەن. سەرەتا زەحمەتە، بەڵام هەر دەمانبێت.

*پ. کاک عەلی ئەکبەر، مۆسیقای سی دییەکانت کوردین، شیعرەکانیان کوردین، خۆشت کوردێکی بێخەوشی، ئەی بۆچی ناوی سی دییەکان فارسین؟*
و. ئەمە کێشەی بازرگانییە. شەریکەی بڵاوکەرەوەیان ناوێکیان دەوێت ناسراو بێت. زۆرجار فارسەکان شریتەکان دەکڕن، بەڵام وەک دەزانن ناوی زۆرێکیان کوردین وەک سیروان، گەڵاڕێزان، تریفەی هانە، سەحەرواران و ئەوانی تر.

*پ. ئایا هەوڵی ئەوە نادەن مۆسیقای کوردی لە زانستگەی کرماشان، یان کوردستان، بە دەرس بگوترێتەوە؟ ئەوە ئەرکی هونەرمەندانی کوردە خەباتی بۆ بکەن.*
و. ئەوە دیارە ئارەزوویەکی گەورەی خەڵکە، بەڵام حکوومەتی ناوەندی بڕیاردەرە. دەبێت دەوڵەت و وەزارەتی علوم پەسەندی بکەن و بۆ هەموو ناوچەکان، بۆ کوردی، ئازەربایجانی، گیلەکی، لوڕی و ئەوانی تر. دەبێت نوێنەرانی پەرلەمان کاری بۆ بکەن.

*پ. لە مۆسیقای هەورامان و کوردانی باکوور (تورکیا) چ دەزانن؟*
و. مۆسیقای هەورامان لە سێ بەش پێک هاتووە:
١ـ سیاچەمانە، کە وەک کەلام و هوورە کۆنە و ڕیتمی نییە، زۆر زەحمەتە.
٢ـ بەزمی چەپڵە، کەمێک ڕیتمی هەیە.
٣ـ مۆسیقای شێخانە، کە عیرفانییە و لە خانەقاکان دەخوێنرێت.
سەبارەت بە کوردستانی باکوور، دەبێت بڵێم ئەوانیش چەند چەشنە مۆسیقایان هەیە:
١ـ عەلەوییەکان تەموورِیان هەیە.
٢ـ مۆسیقای کرمانجیی کە کرمانجییە و زیاتر لە تەرزی «شوور»دایە، مەقاماتی تریان کەمترە. «ساز»ی ئەوانیش چەشنێک تەموورە. بەڵام بەداخەوە ڕەسەنایەتییان لە دەست دەچێت و بەرەو پۆپ دەچن. قەدیمییەکانیان ڕەسەنتر بوون.


*پ. کاک عەلی ئەکبەر هەندێک باسی ژیانی خۆتمان بۆ بکە.*
و. ساڵی ١٩٥٧ لە گووران (ڕۆژئاوای کرماشان بەرەو سنووری عیراق) هاتمە جیهان، کە ناوچەیەکە ٥٠٠ گوندێکی هەیە. ئێمە لە هەورامان و شێخانەوە هاتووینەتە ئەوێ. زمانمان هەورامی (ماچۆ) بووە و پاشان بۆتە کەلهوڕی. لە ناوچەکەدا سێ ئاوایی هەن، خەڵکەکەی هەر بە هەورامی قسە دەکەن: زەردە، گەوراچوو، گەهوارە.
لە ٦ و ٧ ساڵییەوە تەموورم دەست پێکردووە.

*پ. خۆت خۆت فێر کرد؟*
و. من عاشقی کارەکە بووم، مامۆستایان دەیانژەند، تەماشای دەستم دەکردن و بەم شێوەیە دەرسم وەردەگرت. دەرس وەک ئێستا نەدەگوترا، بە کردەوە بوو.
لە ١٩٧١دا چوومە «فەرهەنگ و هونەر»ی کرماشان بۆ فێربوونی تار و تەکژەنیی تەموور.
لە ١٩٧٢ یەکەم گرووپی تەموورژەنیمان پێک هێنا و ٥ کەس بووین.
لە ١٩٨٠ و ١٩٨١دا گرووپی تەمووری «شەمس»مان پێک هێنا: سەید خەلیل عالی نەژاد، کەیخوسرەو پوور ناظری، من، شەهرام ناظریش، هەتا ساڵی ١٩٩٢ لەگەڵ ئێمەدا کاری دەکرد.
لە ١٩٩٢دا لە گرووپەکە جیا بوومەوە. بیرم کردەوە کاتی ئەوە بێت خۆم بۆ خۆم کار بکەم.
ئەم شریت و سی دییانەشم بڵاو کردونەتەوە:
١ـ تریفەی هانە.
٢ـ سەحەرواران.
٣ـ سیروان.
٤ـ مەهجووری (هەمنەوازیی تەموور).
٥ـ گەڵاڕێزان (کە بیژەن کامکار خوێندوویەتی).
٦ـ میهر و ماە (١ و ٢)
٧ـ سماع مستانە (تەکنەوازی).
٨ـ در ایینە اسمان.
٩ـ Fire of the passion (لە ئەمریکا).
١٠ـ Whisper (نەجوا) لە ئەمریکا.
١١ـ مەقاماتی ئایینی یارسان.
١٢ـ مۆسیقای عیرفانی کوردی، لە فرەنسا.
١٣ـ مۆسیقای کوردی بە ناوی کوردانە (لەگەڵ خانمێکدا) بە ناوی پروین نمازی لە ئەڵمانیا.
١٤ـ دوو شریت بۆ فێرکردنی مەقاماتی مەجلیسیی تەموور.
هەروەها سەبارەت بە تەموور لە زانستگەکانی ئەمریکا وتارم داوە و ئێستا لە تاران فێرگەی مۆسیقام هەیە، لە کرماشانیش دەبیرم، واتە پۆلی ناوەندیی قوتابخانەکان دەرس دەڵێمەوە، دەرسی زمانی ئینگلیزی. خۆم شەهادەی دەرەجە یەکی هونەریم هەیە، کە بەرانبەرە لەگەڵ دوکتۆرا و لە «کانوونی هونەری» وەزارەتی فێرکردندا دەرسی مۆسیقا دەڵێمەوە.
ژن و چوار منداڵم هەن. ئارەش لە لەندەنە و دەرسی هەندەسەی صدابرداری دەخوێنێت. سێ تار و تەموور و کەمانچەش دەژەنێت. کووروش لە کالیفۆرنیای ئەمریکایە و بۆ دوکتۆری ددان دەخوێنێت، سێ تار و تەموور و دەفە و تونبەک لێ دەدات. فەرانەکی کچم لە ئێرانە و بۆ ئارشیتێکتی دەخوێنێت و تەموور لێ دەدات و کاوەش لە ئێرانە.

*پ. کاری تازەت چی بە دەستەوەن؟*
و. گرنگ بەرنامەی «ماڵی تەموور»ە، کە پێشتر باسم لێوە کرد. پاشان ئامادەکردنی کتێبێک بە نۆتە لەمەڕ فێربوونی تەموور. کاری تەکژەنیی تەموور... کارێکی کوردی بۆ دۆستێک، هەروەها کارێکی تر بۆ کەسێک لە فرەنسا.

بەوپەڕی ڕێز و سپاسمانەوە بۆ جەنابتان

**وێنەکان: ئەکی بابەمیری**




# ئەفراندنی نووسین
# CREATIVE WRITING

نووسینی: **دایان دیوبتفیر**

وەرگێڕانی: **هاوڕێ نەمەڵی**




## کورتەچیرۆك
THE SHORT STORY

## هیچ شتێك پاشەڕۆژ نییە

زۆر ئاسانە کورتەچیرۆکی خراپ بنووسیت، ئەوە لە تاڵی شارەزاییمەوە دەزانم. ئەوەی یەکەم جار لە سەرەتاوە نووسیم بیرم دەخاتەوە ـ چەکمەجەیەک پڕ لە کاغەزی کۆنی چرچولۆچی بێڕەنگی دەستنووس، بە کلیپسێکی ژەنگاوی پێکەوە هەڵگیرابوو.
لەگەڵ ئەوەی کە تەکنیکی نووسینی کورتەچیرۆک لە نۆڤڵ جیاوازە، من هەست بەوە دەکەم ئەو کەموکوڕییانەی ئەو کاتە چەند پێویست بوو بۆ ئەم شارەزاییە. سالآنێکی دوورودرێژ تێکۆشان (هەوڵدان) لە نووسین و نووسینەوە بۆ ئەوەی ناوەوەی خۆم دەرببڕم بۆ بەئەنجامگەیشتن، ژیان بە گیانی کارێکتەرەکاندا بکەم ـ تا شارەزای ئەوە ببم چۆن بتوانم نۆڤڵ بە تەواوی درێژی خۆی بەرهەم بهێنم.
نووسینی هیچمان پاشەڕۆژ نییە. ڕۆژانێک دێت کە هەست بەوە دەکەیت کە دێڕێکت بە قووڵایی دڵ ڕازیبوون لێی بەرهەم نەهێناوە. بەڵام هەر هەموومان خاوەنی ئەو ڕۆژانەین کە پێویستن بۆ نەشونماکردنمان. وردە وردە پەردە لەسەر ئەوە لا دەدەین لە کام شێوەنووسیندا باشین ـ درێژ یان کورت، ڕووداو یان داتاشراو (FICTION OR NONFICTION)، بۆ منداڵان یان بۆ هەرزەکاران ـ تا ئەو کاتەی ئەوانە دەدۆزینەوە، هەموو نووسینەکانمان بەهایەکی شارەزابوونی هەیە.
هیچ شتێک فڕێ مەدە! چون نازانیت کەی پێویستت بە بڕگەیەک بۆچواندن یان دێڕێک هەیە تا لەناو چیرۆکێکی دیکەی بهاوێژیت. لەو وانەیە فێر بووم کە چۆن تەنەکەی خۆڵەکە خاڵی بکەم تا بۆ پەڕە دڕاو و چرچولۆچە کەمبایەخەکانی ناوی بگەڕێمەوە.
درێژیی کورتەچیرۆک دەتوانرێت لەنێوان ٨٠٠ تا ٧٠٠٠ وشەدا بێت، ئەوەش بەگوێرەی بازاڕ، بەڵام ٢٢٥٠ وشە درێژییەکی باشە کە دەتوانرێت بەکردەوە شوێنی خۆی لە بەرنامەیەکی پانزەخولەکیی ڕادیۆیەکدا بکاتەوە.
لەوانەیە بتەوێت هەڵە سەرەتاییەکانی من بزانیت. هەندێکی سەمای مردوو بوو (MACABRE)، هەندێکی کۆتاییەکانی پڕ سۆز و خۆشەویست بوو (میلۆدراماتیک). نووسەری سەرەتایی زۆرجار خۆیان لە نووسینی پێکدادان و پڕ ئازاردا دەخنکێنن. لەوانەیە هۆکەی ئەوە بێت کە بەئاسانی بتوانن کاردانەوەی سۆزاویی تێدا بخەملێنن، هەروەها بێگومان تاڵی ناخۆشییەکانی خۆیانی تێدا بژێننەوە. (مەهێڵە بەرز بڕوانین، وشەی لەکەدار بۆ بەها و جوانی نووسین دامەتاشە، چونکە لە نرخی ئەفراندن کەم دەکاتەوە. ئازارەکانی خۆت مەخە سەر کاغەز، ڕووخساری کارێکتەرەکانت لە بنیاتنانی چیرۆکی داتاشراودا (FICTION) مەگۆڕە، چون زۆر دەخایەنێت تا ڕاستیان دەکەیتەوە.)
هەندێک لە چیرۆکەکانم ڕاستیی پەیوەندی ڕووداوە شل و شێواوەکانی کاتی خوێندنم بوون، یان سالآنی جەنگ کە کاتێک لە هێزی ئاسمانی بووم. بە هیچ شێوەیەک کورتەچیرۆک نەبوون. ئەوانی دی لە درێژدادڕی زیاتر نەبوون، پڕ بوون لە هێمای شیعری کە بە لامەوە وا بوو "نووسینی باشن!". هیچیان کەڵکی فرۆشتنیان نەبوو، بەڵام من هەر دەمناردن و پسووڵەی ناڕەزاییم کۆ دەکردەوە. هەندێک جار نامەم بۆ ئەهاتەوە بۆنی ڕازیبوونیان لێ دەهات، بەڵام هیچ جارێک کەسێک هەڵەکانی بۆ دیاری نەدەکردم، لەگەڵ ڕێزدا دیارە سەرنووسەرەکان کاتیان بۆ ئەوە نییە.
تا ئەو دەمەی نەچوومە ناو بازنەی نووسەرانەوە، هەستم بە هەڵەکانی خۆم نەکرد. پاشان زانیم چی کورتەچیرۆکی باش دروست دەکات. بێگومان وەکو هەموو کەسێکی دیکە کە بیەوێت بیاننووسێت. زۆرم لێ خوێندنەوە، بەڵام بۆ خۆشیلێوەرگرتن نا، بەڵکو بۆ پرسیارلەخۆکردن. چۆن دەستی پێکردووە؟ چۆن و لە کوێدا پاڵەوانەکەی پێناسە و پێشکەش کردووە؟ چی ژیانی بە دەقەکە داوە؟ چی چیرۆکەکەی بە گەڕ خستووە؟
نیشانە بۆ کتێبی کورتەچیرۆکی هاوچەرخ (THE MODERN SHORTSTORY) نووسینی (H. E. BATES) دەڵێت: "قورسترین شێوازی نووسین ئەوەیە کە بە تەواوی ئەوەی ئاخاوتنی پێ دەکەیت وەکو خۆی دابڕێژیت." ئەمە بە گشتی بە کێشەیەک وەردەگیرێت. ئەو شێوازە لە لایەن نووسەرانی سەرەتاییەوە هەوڵی بۆ دراوە. لێرەدا ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لەبەر ئەوەی توانیویەتی خۆی تاقی بکاتەوە تا ئەم کارە فێر بێت. ئەو فێری هونەری نووسینی وشەسازی دەبێت، لەگەڵ ناساندنی پاڵەوانەکان و ناساندنیان تا ئاستی ڕازیبوون و ڕازاندنەوە گەشە بە چیرۆکەکە دەدات.
لێرەدا وەکو چیرۆکنووسێک تا ڕێگای سەرکەوتن بدۆزێتەوە، من وای دەبینم کە دەست بۆ پێکهاتەکانی (INGREDIENT) ڕابکێشم، نەک بۆ خۆشیی نووسین بەڵکو تا بازاڕی هەبێت و دوای تەواوبوون بفرۆشرێت.
گریمان بەوە دەست پێ بکەین کە تۆ ئەندێشەیەکی زیندووت هەیە، لەگەڵ توانای وشەسازیدا بەو شێوەیەی پێی دەدوێیت پێیشی دەنووسیت، بەبێ ئەو بەڵگەنامەیە چیرۆکنووسین هی تۆ نییە.
لەوە دەدوێین کە پێی دەوترێت کورتەچیرۆکی ڕاست (STRAIGHT) ئەندێشەسازی، سەلیقەی خەملاندن، چیرۆکی منداڵان لەگەڵ شێوەکانی ڕۆمانسییەت، هەموویان پێویستیان بە تەکنیکی تایبەت هەیە. زۆربەشیان پێویستی پێکهاتەکانیانن، لێرەدا یەک پێکهاتە هەیە کە زۆر بەقورسی هێمای پێدەکرێت، بەڵام ئەگەر تۆ دۆزیتەوە و کردتە سەر باری ئەوانی دیکە چیرۆکەکانت بە چێژتر و بەهێزتر دەکات. ئەو پێکهاتەیەش سیحری ناو مێشکی خۆتە: جوانی، سەلیقەی سەرسامی ژیانە لەگەڵ تێڕوانینت بۆ ناوەوەی مرۆڤایەتی. بەبێ ئەوە لەوانەیە بتوانیت چیرۆکێکی پەسەندکراو دابڕێژیت بەڵام ئەگەر ئەو پێکهاتەیەی تێدا بێت شێوازێکی دیار و لەبەرچاوی دەبێت.



## هاوڕێ نەمەڵی

## پێکهاتەکان
(THE INGREDIENTS)

## ڕەسەنایەتیی بیرۆکەکە

ئەوە ڕاستییە کە چیرۆکی خوازراو سەرنج ڕاناکێشێت، ئەگەر بەباشی بنووسرێت و بڵاویش بکرێتەوە بۆ من بەهایەکی کەمی هەیە، لە بەردەمی خوێنەرانیشدا شتێکی وا نادات بە دەستەوە بۆ نووسەرەکەی تا پێی ڕازی بێت (ڕازیبوون لە وردکردنەوەی چەکەکەی؟) بەڵێ ئەو ڕازیبوونە و چەکە چەند جار گەورەتر دەبێت ئەگەر چیرۆکەکە تاموچێژێکی ڕاستەقینەی پێوە بێت.

بیرۆکە لەوانەیە لە پڕ و کاتێکی نادیاردا بۆت بێت. ڕووداوێکی کتوپڕ کاتێک تۆ لەناو شەمەندەفەرێکدا دانیشتویت. لە لایەکی دیکەوە لەوانەیە بیرۆکە لە پڕیشکی ڕووداوێک کە بەسەر خۆتدا هاتبێت، یان شتێک کە لە ڕۆژنامەیەکدا خوێندبێتەوە، لە تەلەفزیۆندا بینیبێتت.

هەر کامیان بێت دەشێت سەرنجی ڕاکێشابێت. ئەو بیرۆکەیە سەرە داوەکەیە، وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە کە تۆ هەموو کات دەیکەیت، پێش ئەوەی دەست بە نووسینی بکەیت. من دەمەوێت چی بڵێم؟ ڕووداو و داڕشتنی چیرۆکەکەت، چەند سەرنجڕاکێش و سۆزاوی بێت دەبێت گرێی تێدا بێت. ئەگەرچی چیرۆکی سەرزارەکیش بێت، دەبێت پەردە لەسەر شتێک لا بدەیت کە لە ژیانی مرۆڤدا گرنگ بێت.

## باوەڕبوون بە پاڵەوانەکان

بێگومان، پاڵەوان لە دڵی هەموو چیرۆکێکدایە. کورتەچیرۆک بە دەوری پاڵەوانێکدا دەسووڕێتەوە، دەیەوێت پەردە لەسەر نهێنییەکانی هەڵ بداتەوە، وردە وردە سەرنجت بۆ لای خۆی زیاتر ڕادەکێشێت. خوێنەر پێویستە هەست بە ناوەڕۆک و ناسینی بکات، ئاگای لەو کەسایەتییە بێت، چیرۆکی سەرکەوتوو ئەوەیە لە یەک گۆشەنیگاوە بۆ ڕووداوەکە بڕوانێت ــ ئەو بینینە ئەوەیە کە هەموو شتەکان لە چاوانی تەنها کەسێکەوە ببینرێت.

بڕوام بەوەیە کە بتوانیت لەناو چەقی مێشکی پاڵەوانەکەدا لە یەکەم ساتەوە تا کۆتایی بمێنیتەوە.

چیرۆکی چاپکراو زۆرە کە ئەو لایەنەی پشتگوێ خستووە، تۆ لە سەرەتای نووسیندایت، پێویستە ڕەچاوی ئەو خاڵە بکەیت. دواتر لەوانەیە جارجار لەو قاڵبە بێیتە دەرەوە، چەقی ڕوانینت بگۆڕیت تا شتێکی تایبەتی دروست بکەیت. بەڵام بە چاکی ئەوە بزانیت بۆچی و لەبەرچی ئەوە دەکەیت. بە ئاگا بە لەوەی بە دەوری چەقی کام پاڵەواندا دەسووڕێیتەوە. پرسیار لە خۆت بکە، پێش ئەوەی پلان بۆ چیرۆکەکە دابنێیت.

گرفتەکان چین؟ ئەگەر گومانت بوو ئەو پاڵەوانە هەڵبژێرە کە سۆزت زیاتر بۆی هەیە. بە لایەنی کەم تۆ بە ئاگابە چونکە خوێنەر گوێ ناداتێ. یەکەم کەس یان سێهەم؟ هەموو کات بڕیارێکی قورسە، لەسەر جۆری چیرۆکەکە بەندە، یان بۆچوونی خۆت تاک تاک بۆ شێوەی هەر یەکێکیان. یەکەم کەس لەوانەیە ئاسان بێت بینووسیت، لەبەر ئەوەی ناسینەوەی کەسێک بە پاڵەوانی «من» بەئاسانی دەست پێ دەکات. بێگومان گرفتی گۆشەنیگات نابێت.

دایەلۆگ «ئاخاوتن» زۆر گرنگە، خەڵکی خۆیان لەو شوێنانەدا دەبیننەوە کە دەوترێت. خوێنەر گوێی لە دەنگی پاڵەوانەکەتە، وا هەست دەکات دەیان ناسێت.

"ئەو هەندێک جار خراپ لەگەڵ ژنەکەیدا دەدوێت" ئەمە زۆر کاریگەرێتی نابێت لە ڕووی سەلیقەی بەستنەوەی ئەو دوو کەسە پێکەوە، باشتر وایە چی پێ وتوە ئەوە بڵێت، بۆ؟ لەبەرچی وا دەڵێت. بە واتەیەکی دی ڕاستەوخۆ شتەکان وەکو خۆی چەند دەتوانیت هەڵبژێرە، ئاماژەیان بۆ بکە.

وێنەکان بە جوانی ڕەنگ بکە نەک وەکو شتێکی گشتی باسیان بکەیت. هەروەها پێویستە بە چەند وشەیەکیش بێت ژیان بە گیانی پاڵەوانەکانتدا بکەیت.

پێویست بەوە ناکات خۆت لە یادەوەرییەکانی دەربڕیندا بۆ وشە ببینیتەوە. ڕەسەنیی بینینەکان، پیاهەڵدانی دەوڵەمەند و جوان بەشێکە لە کارە هونەرییەکەت.

## سەرنجڕاکێشان بۆ باکگراوند

جووڵەی پاڵەوانەکانت پێویستە ڕەسەنایەتی پێوە دیار بێت، وەکو خۆی وێنەیان بکێشە. ئاووهەوا گرنگییەکی تایبەتی هەیە. پێویستە خوێنەر بخەیتە جیهانێکی دیکەوە، وا بێت یەکجارەکی باوەڕی پێ بکەن. دەستڕەنگیی تۆ لەوەدا دەردەکەوێت کە ئەو شتانە هەڵبژێریت کە دەیانزانیت. مەرج نییە جێگایەکی ڕاستەقینە بێت، بێگومان، بەڵام شوێنێک بێت کە تۆ لە چاوی مێشکدا وێنەیت بەئاسانی کێشا بێت. ڕووناکی گرنگە، جووڵەکان ــ ڕەنگدانەوەیەکی لەپڕی تیشکی خۆر لە ئاوی ئینجانەیەکدا، سێبەری پیاوێک لە کاتی پەڕینەوەی لە جادەیەکی بەردڕێژدا، ڕەنگدانەوەی لقوپۆپی دارەکانی گوێ ئاوێک.

ئەگەر بتوانیت ئەو شتانە لە چاوی ناوەوەی ئەندێشەتدا بناسیتەوە و ببینیت، دەتوانیت ژیانێکی زیندوو بۆ خوێنەر بخەملێنیت.

سەرنجی دەنگ و بۆن بدە، هەروەها شتەکان کە چۆن خۆ دەنوێنن. چیرۆکنووسین پێویستی بە هەموو هەستەکان هەیە.

## باشیی کردنەوە

بەزوویی، بێ دواکەوتن، پێویستە پاڵەوانەکەت بناسێنیت، هەست و نەستی بەبێ پیاداهەڵدان و درێژەدان بە پێناسەکردن دەرببڕیت. لەوانەیە شتێک لە چیرۆکەکەتدا هەڵە بێت ئەگەر نەتتوانیبێت لە کۆتایی لاپەڕەی دوودا پاڵەوانەکەت بناسێنیت.

ڕوونی بکەرەوە ژنە یان پیاوە، ناڕاستەوخۆ شێوەکە دروست بکە و پێشانی بدە.

گرنگی بە دوو لاپەڕەی یەکەم زۆر دەدەم. لەوێدا پێویستە وات لە خوێنەر کردبێت بگەڕێت بۆ دۆزینەوەی شتێک. ئەگەر وا نەبێت لەوانەیە بۆ هەتا هەتا ونی بکەیت. بە چی دەچێت جوانترین هەستت لە لاپەڕەی چواردا نیشان دابێت کە کەسیش نەگاتە ئەوێ.

## پێکدادان

هیچ کورتەچیرۆکێک بەبێ پێکدادان دروست نابێت، پاڵەوانە سەرەکییەکەت پێویستە تێیدا ڕووبەڕووی گرفتێک ببێتەوە، لەوانەیە لە شێوەی یەکێکی دیکەدا، بڕیاردان، بەئاواتگەیشتن، ترسنۆکی، هێزی سروشت یان جەنگ، هیچ چیرۆکێک ناتوانێت سەرنجی خوێنەر ڕابکێشێت ئەگەر یەکێک لەو پێکدادانە بەزوویی دروست نەکات.

گەڕەلاوژە و قەڵەباڵغی خەڵک شتێکی بێهیوا و ناجۆرە لە چیرۆکدا، بەداخەوە، لە هیچ درامایەکدا ئاشتی و دڵخۆشی نییە!

## نادیاری

نادیاری و پلان لە یەکەوە نزیکن و گرێدراون. کە شێوەیەکت لە هەست بۆ پاڵەوانە سەرەکییەکەت دروست کرد لە کاتی پێکداداندا، ئارەزووتە تا کۆتایی هەروا بڕوات. خوێندنەوەی، گرنگی ناوەڕۆک لە هەر شێوەنووسینکدا باشیی بابەتەکە دیاری دەکات، کە وەستاوە لەسەر ئەوەی ئایا خوێنەر بەتامەزرۆوە لاپەڕەکانی هەڵدەداتەوە. ئەگەر وا بوو مانای وایە تۆ توانیوتە لەسەر هێڵی سەرەکی بمێنیتەوە. وردە وردەش چێژرێژی تێدا بکەیت تا دوا قۆناغ. ئەمەش بەبێ گومان ئەوە دەردەخات کە چیرۆکەکەت پڕ بێت لە بەسەرهاتی ترسناک و پڕ کێشە و هەناسەسوار ئەگەر دراما بێت.
لە چیرۆکی ئاوهەوا بە تام و خۆش لەسەر هێڵی خۆی بمێنیتەوە ئەگەر بتوانیت پاڵەپەستۆ لە خاڵی بینینی پاڵەوانەکەیدا زیاد بکەیت. باری سەرنج و سەرسامی ڕادەکێشیت ئەگەر لە ڕووی نادیارییەوە لە مرۆڤەکە بە ئاگا بوویت. (ئایا خۆشی دەوێت، چەند، چۆن هەوڵ دەدات؟ کەی تەلەفونەکە لێ دەدات؟) بە کارکردن وردە وردە فێری ئەوە دەبیت چۆن بیر لە ساتەوەختی ناخۆشی بکەیتەوە، شتە بێسوودەکان دەرهاوێژیت، بەسەر باری سەرنجی پرسیارەکانی خوێنەردا زاڵ بیت. دروستکردنی یەکەم حاڵەتی ناخۆشی یارمەتی ئەوەت دەدا کە گومان و ترست لە پلانەکەت نەمێنێت. هەموو گومانێک دەستنیشانی گومانێکی دیکە دەکات.
ئێمەین کە پێکدادانەکان دەوروژێنین و ڕووناکیی تەقینەوەکان یەک بە دوای یەکدا نیشان دەدەین. لەوانەیە بتوانیت پلانی تەواو بۆ چیرۆکەکەت دابنێیت بەبێ ئەوەی دەستت پێ کردبێت. باشترە وا بێت ئەگەر دەتوانیت، بەڵام زۆربەی نووسەران لەگەڵ نووسیندا پەرە بە ڕووداوەکان دەدەن، لەگەڵ هەست و نەستی کارەکتەرەکەیدا سەرەداوەکان دەدۆزێتەوە.
نادیاری لە چیرۆکدا گرنگییەکی تەواوی بە ڕاگیربوونیەوە هەیە، شادەماری چیرۆکی سەرکەوتووە. وەکو ژیانی ڕاستیی خۆت، پارچەژیانێک ئەفڕاندن دەکەیت. چیرۆکەکەت دەبێت شێوەیەکی هونەری پێوە دیار بێت، لە چوارچێوەیەکدا بە توندوتۆڵی پێکەوە بەسترابن، لێرە بەرەو ڕووی پێکهاتەیەکی دی هەنگاو دەنێین.

## شێوە

زۆر بەئاسانی ئەمە مانای دەستپێکردن، ناوەڕاست، کۆتایی. گۆڕانکاری بۆ دروستکردنی دەنگەکان ناکرێت، بە مانای ئەوەی لە کاتی پەرەپێدانیدا دەتوانیت جوانکاریی هێڵی چیرۆکەکە بکەیت. ئاسانتر، دەستپێک ناساندنی پاڵەوانەکەتە کێشە و گومان داڕشتنی، ناوەڕاست نەشونما بە ڕووداوەکان و لکاندنی خوێنەر بە حاڵەتەکان و تێڕوانینیان، کۆتایی چارەسەری کێشەکان بۆ باشە یان خراپتر. لەوە بە بڕوا بە هەموو شتێک پەیوەستە بەسەر داواکانی تۆوە.
توندوتیژ بە لەگەڵ ڕووداوەکان، پاڵەوانەکان. ئاگات لە کات بێت، چەند دەتوانیت کورتی بکەرەوە، خۆت لە ماوەی هەفتە و مانگ بپارێزە. یەک کێشە و یەک ماوە لە کاتێکدا دەتوانێت تامەچێژ بە دروستکردنی چیرۆکەکەت بدات، کە ئەمەش زۆر گرنگە. کە کۆتاییت بە چیرۆکەکە هێنا ئیتر واز لە وردەکاری و پیاهەڵدان بهێنە، با بۆ خۆی قسە بکات.

## کۆتاییەکی باوەڕپێکراو

پێویست ناکات کۆتایی دڵخۆشکەر بێت، ئەوە بۆ ئێمە بەسە کە سەر بلەقێنین، بەسەرسامییەوە بە خۆمان بڵێین بەڵێ ئەمە ژیانە! کۆتاییەکی زۆر خۆشیش بە دەگمەن سەرنجی خوێنەر بە لای خۆیدا ڕادەکێشێت. لەبەر ئەوەی کە ژیان بەو شێوەیە نییە، باشترین کۆتایی ئەوەیە کە چاوەڕوان نەکراو بێت، بەڵام قابیلی ڕوودان بێت. بەو شێوەیەی بڕوانینە دوا وشە بچەپێنین "بێگومان!" هەندک چیرۆک بە جێمان دەهێڵێت کە بیر بکەینەوە بڵێین: "ئا"، "نا"، یان ئەمە چییە؟ من حەز لە گرێی هیواخواستن لە کۆتایی کورتەچیرۆکەکانمدا دەکەم.
لە شانۆگەرییەکانم و نۆڤڵەکانمدا ئارەزوومە پاڵەوانە سەرەکییەکە بۆ ماوەیەک لە کێشەوە بئاڵێنم، بەڵام دوایی وردە وردە شێوەیەکی باشتر وەربگرێت تا بەرەو ڕووی پاشەڕۆژ ببێتەوە. من دەڵێم ئا، پێویستە ڕێگە بە مردنی پاڵەوان نەدەیت. بەڵێ من وا دەزانم، کە خۆم دەمرم، کە خوێنەر دەستنیشانی ئەوە بکات، واتە مردنێکی کاتیش بۆ ئەو دێت.
لێرەدا خاڵێکی دیکە دیارە، لەوانەیە بیستبێتت کە کاتێک کەسێک لەسەر کورسییەک بە دانیشتنەوە خەو زۆری بۆ هێناوە و خەو دەبینێت. وەکو ئەرستۆکراتێک لە شۆڕشی فەرەنسادا ملی لە ژێر مەقسەڵەدایە (GAILLOTINE) چاوەڕوانی پەڕاندنی دەکات. یەکێک لە پشتەوە دەستێک بە پشتملیدا دەدات، لەو کاتەدا کە چەقۆی مەقسەڵەکە دەکەوێت، ڕاچڵەکاندنی ئەو کەسە لە خەو لەو کاتەدا دەبێتە هۆی مردنی ئەو کەسە. ئا... لەو نموونەیەدا کێ هەیە بزانێت ئەو خەوی بە چییەوە بینیوە؟
هەمان گرفت خۆی دەردەخات، ئەگەر تۆ بهێڵیت خاڵی بینینی پاڵەوانەکەت بمرێت.
هونەری چیرۆک لە خشتەبردنێکی سەیرە، نووسەر لەگەڵ مندا درۆ دەکات لە کاتێکدا کە ڕاستییە، هەروەها جۆری شتەکان لە دوای باوەڕی بیروە دەخولقێنێت، هەستی وەرگرتن یان ڕەدکردنەوە لە لامان دروست دەکات.

## بیست هەڵەی گشتی

TWENTY COMMON FAULTS

١ـ ئاسایی سەرەداوەکان
Theme too ordinary
٢ـ هەڵەی کارەکتەری ناوەڕاست
The wrong central character
٣ـ دەسپێکی لەسەرخۆ
Slow beginning
٤ـ زۆری پاڵەوانەکان
Too many characters
٥ـ قووڵنەبوونەوە لە پاڵەوان
Shallow characterisation
٦ـ لادان لە خاڵی بینین
Change of viwepoint
٧ـ درێژەدان بە کات
Time span too long
٨ـ داتاشینی حاڵەتەکان
Contrived situations
٩ـ زۆری بایەخدان بە شت
Too much trivia
١٠ـ زۆری ئەندێشەی شاعیرانە
Too much poetic imagnery
١١ـ کەمی ڕوونکردنەوە
Lack of clarity
١٢ـ بایەخنەدان بە شێوە
Lack of shape
١٣ـ کەمیی پێکدادان
Lock of conflict
١٤ـ کەمیی ئاخاوتن
Too little dialogue
١٥ـ گرژیی گفتوگۆ (ئاخاوتنی ناجۆر)
Stilted dialogue
١٦ـ ناجۆری لە ناوەڕۆک
Irrenlevant episodes
١٧ـ کاڵوکرچ نووسین
Slip-shod writing
١٨ـ بەگشتیکردنی زۆر
Too much generalistion
١٩ـ کۆتایی تەخت
Flat ending
٢٠ـ کۆتایی فێڵاوی
Cheat ending
(نموونە، ئەوە خەو بوو)
(eg. it was a dream)

# کاریگەریی میدیا لەسەر منداڵ


## (بەتایبەت تەلەفزیۆن، ڤیدیۆ، ئینتەرنێت، دی ڤی دی و پلەیستەیشن)

## کەریم مستەفا

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا زۆربوون و هەرزانبوونی ئەو دەستگایانە و نزیکەی هەبوونی تەلەفزیۆن، ڤیدیۆ و دەستگای (سی دی) و (دی ڤی دی) و (پلەی ستەیشن)، لە گشتماڵێکدا و منداڵان بەئاسانی دەستیان پێی دەگات. دیسان هەبوونی پارابۆڵ ئەنتێن/سەتەلایت کارێکی وایکردووە کە منداڵان هەمیشە ببنە بینەری گشت ڕووداو و کارەساتێک کە لە جیهاندا ڕوو دەدات.



زۆربەی ڕووداوەکان لە ڕۆژگاری ئەمڕۆکەدا لە ئەنجامی کاری تیرۆریستانەوە ڕوو دەدەن. کەناڵەکانی تەلەفزیۆن ئەو ڕووداوانە وەک خۆی بۆ بینەران دەگوازنەوە.(١)
بێگومان هەندێکیان مەبەستی سیاسییان لە پشتەوەیە وەک کەناڵی «ئەلجەزیرە» و هەندێکی دیکەشیان مەبەستی بازاڕی میدیایە وەک سی ئێن ئێن «CNN» بەڵام لە هەردوو حاڵەتەکەدا بینەر، بەتایبەتی منداڵ، دەبنە بەشێک لە ڕووداوەکان و دیمەنە ترسناکەکان، کاریگەریی زۆر لەسەر دەروون و هەڵسوکەوتیان دادەنێت.
ئەم کورتە نووسینە هەوڵدانێکە بۆ دەستنیشانکردنی ئەو کێشەیە لە ڕووی زانستییەوە و پێشنیارکردنی چەند خاڵێکە بۆ کەمکردنەوەی کاریگەریی نێگەتیڤانەی تەلەفزیۆن لەسەر منداڵ (ئەگەر دەستەڵات بە جددی هەوڵی بۆ بدات) ـ مەبەست باشووری کوردستانە ـ سەرەتا گرنگە بزانین کێ منداڵە؟
"هەرکەسێک تەمەنی لەژێر هەژدەساڵەوە بێت، منداڵە. ئەگەر یاسای ئەو وڵاتەی کە ئەو کەسەی تێدا دەژی ئەو ساڵەی نەگۆڕیبێت."(٢)
"هەموو منداڵێک مافی ئەوەی هەیە، بە ئازادی بیروڕای خۆی دەرببڕێت و ئازادی ئەوەی هەبێت کە بە دوای زانیاری و بیروڕا و بۆچووندا بچێت لە هەر فۆرمێکدا کە خۆی ئارەزووی لێیە و بۆی دەلوێت، بە نووسین، بە زارەکی یان بە هەر شێوازێکی دیکە کە منداڵ هەڵیدەبژێرێت. بەڵام دەبێت دوو خاڵ لەبەر چاو بگیرێت و ئەو دوو خاڵەش دەبێت بە یاسا دیاری کرابێت.
١ـ دەبێت لە کاتی وەرگرتنی ئەو پەیامگەلەی کە لە سەرەوە ئاماژەیان بۆ کراوە مافی گشتی و مافی کەسیی تایبەتی پێشێل نەکرێت.
٢ـ دەبێت ڕەچاوی ئاسایشی نەتەوەیی و ڕێسای گشتی، تەندروستیی گشتی و ئاکاری گشتی بکرێت."(٣)
ڕاستە لە سیستمێکی دیموکراتیدا تاکەکان ـ گەورە و بچووک ـ مافی ئەوەیان هەیە بە ئازادی گشت زانیارییەک وەربگرن، بەڵام دەکرێت ئەو مافە ئازادی و ژیانی کەسانی دیکە هەراسان نەکات.
دەکرێت پێشنیارەکان پشت بە خاڵی (١) و (٢) لە بڕگەی (١٣)ی مافنامەی منداڵان ببەستێت.
ئێستا با بزانین تەلەفزیۆن و میدیا بە گشتی چۆن کاریگەریی لەسەر منداڵ دادەنێت. هەروەها کارتێکەرەکانی دیکەش لەسەر منداڵ ببینن



(٤)

کەواتە دەردەکەوێت، نە هەر بە تەنیا میدیا کاریگەریی خۆی هەیە لەسەر منداڵ و بەتایبەت تەلەفزیۆن، بەڵکە چەند هۆکارێکی دیکەش هەن لەپاڵ میدیادا کار لە منداڵ دەکەن کە چۆن لە میدییا بڕوانێت. دەبینین تەلەفزیۆن یەکێکە لە کارتێکەرە ڕاستەوخۆکان.
هەندێ لە لێکۆڵەرەوەکان لە بواری کارتێکەری میدیا لەسەر منداڵ، لەو باوەڕەدان کە:
کاتێک نێرەرێک پەیامی خۆی بۆ وەرگرێک دەنێرێت، کارتێکەرییەکی کتوپڕ و کاتی دەبێت. بە واتایەکی دیکە: (بزوێنەرێکی تایبەت – مەبەست هەستبزوێنی تایبەتی ئەنجامێکی تایبەتی دەخاتەوە) ئەم تیۆرییەش بە تیۆری (ئیمەتەیشن) ناسراوە.
بەپێی لێکدانەوەی ئەم تیۆرییە کاتێک منداڵ کاری توندوتیژی دەبینێت، هەوڵ دەدات و (حەز دەکات) ڕێکاوڕێک ئەو کارە دووبارە بکاتەوە (لاسایی بکاتەوە).
بەڵام هەندێ لە نەیارانی ئەم بۆچوونە بڕوایان وایە، ئەو کاریگەرییە ڕاستەوخۆیە لەسەر ئەو منداڵانە زۆر دەبێت کە خۆیان کارەکتەرێکی شەڕانی و ڤیناوییان هەیە و گەورەی (لێزان)یان لە دەوروبەر و نزیکەوە نییە تا کاریگەریی نێگەتیڤانەی میدیایان لەسەر کەم بکاتەوە.
بەناوبانگترین لێکۆڵەرەوە و پرۆفیسۆری میدیا خاتوو (ئانیتە وێرنەر) بڕوای وایە کە چەندەها فاکتەری دیکە هەن ڕۆڵیان لە



کاردانەوەی ئەو توندوتیژییە هەیە کە منداڵ لە میدیاوە دەیبینێت و چۆن دەریدەبڕێتەوە، لەوانە کارەکتەری تاکەکەسیی منداڵەکە، هەبوونی گەورەسالانی لێزان لە دەوروبەری منداڵەکە، زانیاری دەربارەی میدیا لەکن منداڵەکە و ژینگەی دەوروبەری منداڵ، ماڵ، قوتابخانە، کۆڵان، کلوب و شوێنی کاتبەسەربردن.


ئێستا لەبەر ڕۆشنایی ئەم پێشەکییەدا چاوێک بە شێوەی کارتێکی تەلەفزیۆن و میدیا لەسەر منداڵانی باشووری کوردستان سەرنج دەدەین. هەرچەند هیچ ئامارێکی ڕەسمی لەبەردەستدا نییە کە بزانین خەڵکی بەگشتی ڕۆژانە چەند سەعات بەرامبەر تەلەفزیۆن دادەنیشن، بەڵام بە لایەنی کەمەوە بە (١٠) دە سەعات مەزەندە دەکرێت. لەکاتێکدا لە زۆر وڵاتانی ڕۆژئاوای ئەوروپا (بۆ نموونە

بەهەشتەوە هاتووە) هەڵسوکەوت دەکەن، لێدان بووە بە کارێکی هێندە ئاسایی کە هەموو ساتێک و لە هەموو شوێنێک چەندبارە دەبێتەوە، لە ماڵ، لە قوتابخانە و لە کۆڵان. ئیدی منداڵانی ئەو دەڤەرە چۆن ڕقاوی و شەڕانگێز نابن و چۆن خاوەن کارەکتەرێکی لاواز نابن؟ جگە لەوەش دەبێت بپرسین چەند لە باوان و سەرپەرشتکارانی منداڵان، نەخوێندەوارن؟

دیسان ئەوانەشی کە خوێندەوارن چەندیان لەبارەی دەروونناسیی منداڵانەوە کتێبێکیان خوێندۆتەوە یان چ زانیارییەکیان هەیە کە بە هانای منداڵانەوە بێن و کەمێک باری دەروونییان لە کارتێکەریی نێگەتیڤانەی میدیا و تەلەفزیۆنەوە ئاسانتر بکەن. جگە لە باوان، مامۆستایان بەتایبەتی مامۆستایانی قۆناغی سەرەتایی، چەندێ لە







نەرویج) خەڵکی لەنێوان (سەعات و نیوێک بۆ دوو سەعات و نیو) تەماشای تەلەفزیۆن دەکەن.(٥) جگە لەوەی کە زۆربەی ماڵەکانی کوردستان ژووری تایبەتی بۆ منداڵ نییە و منداڵ هەمیشە لە ژووری دانیشتن/تەلەفزیۆن لەگەڵ گەورەکاندایە. دیسان (ئەگەر نەڵێین گشت ئەوا زۆربەی) گەڕەک و کۆڵانەکان، نە باخچە و نە شوێنێ تایبەت بۆ یاریی منداڵی نییە، تا منداڵ کەمێک لەبەر شاشەی تەلەفزیۆن دوور بکەوێتەوە. دیسان لەبەر نەبوون، یان کەمیی کلاب و شوێنێ کاتبەسەربردن (هەرچەندە چەند سەنتەرێک هەن بە ناوی کازێوە، بەڵام لەچاو ژمارەی زۆری منداڵاندا، کەمن). سەرەڕای ئەمانەش باری نائاسایی و جەنگزەدەیی عیراق (کە بەناچاری باشووری کوردستانیش بەشێکە لەو وڵاتە کاول بووە) ڕۆژانە تەقینەوە و کاولکاری و کوشت و بڕ لە تەلەفزیۆنەکانەوە پێشان دەدرێن.

ئەم بارودۆخە لە ئەسڵدا شێواوە پڕ زەبروزەنگ، (فلیمی ئیعترافەکانی گرووپی تیرۆریستی شێخ زانایشی هاتە سەر) منداڵان بەگشتی بینەر و شاهیدی ئەم هەموو توندوتیژی و کارە تیرۆریستییانەن، جگە لەمانەش دیمەنی سەربڕینی دیلەکان لەلایەن گرووپە تیرۆریستییە ئیسلامییەکانەوە بە دی ڤی دی و سی دی دەفرۆشرا و منداڵان باشترین و زۆرترین کڕیاری بوون.

دیسان کۆمەڵێک بەناو هونەرمەند، پەیدابوون و کاری بەناو هونەری زۆر بێبەها ئەنجام دەدەن کە هەرچی ڕێز بێت نە لە هونەر و نە لە مرۆڤ تێیدا نەگیرێت. کەچی کەناڵەکانی تەلەفزیۆنەکانی ناوخۆ بێ گوێدانە ڕێسا و بەهای مرۆیی و هونەری ئەو کارە بێبەهایانە پەخش دەکەنەوە و زۆر لەو بەناو هونەرمەنداش بەرهەمەکانیان لەسەر شێوەی دی ڤی دی و سی دی بەبێ هیچ ڕەقابە و ئیجازەیەکیش پەخش دەکرێتەوە و دەفرۆشرێت. دیسان زۆرترین کڕیار هەر منداڵانن.

بەگوێرەی لێکۆڵەرەوەکان توندوتیژی و زەبروزەنگ، زۆرتر لەو منداڵانە کار دەکات کە خۆیان ڕقاوی و خاوەن کارەکتەرێکی لاوازن و گەورەی هۆشیار و لێزان لە دەوریان نییە کە کاریگەرێتیی نێگەتیڤانەی میدیایان لەسەر کەم بکاتەوە. ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە لە زۆرینەی منداڵانی باشووری کوردستان بڕوانین، دەبینین گەورەکان چ باوان و چ مامۆستا و دەستەڵاتیش بە لۆژیکی (کوتەک لە

زانستی دەروونناسیی منداڵان شارەزان و چەندی لێ فێر دەکرێن کاتێک کە لە ئامۆژگای مامۆستایان دەخوێنن؟

ئەمانە گشتیان پێویستییان بەئامارکردنی زۆر ورد و نزیک لە ڕاستەقینەوە هەیە (نەک بە فشە و بەخۆداهەڵدان، ئەو بەشەی کوردستان بگەیێننە ڕیزی پێشکەوترین وڵاتەکانی جیهان!)

بەهەرحاڵ تا گەیشتنی ئەو ڕۆژە دەکرێت چەند هەنگاوێک هەڵبنێینەوە کە تاڕادەیەک لە کارتێکەریی نێگەتیڤانەی تەلەفزیۆن و میدیا بەگشتی کەم بکرێتەوە.

ئەو کارانەی کە لەسەر دەستەڵات پێویستن:

١ـ لە گشت قوتابخانە، فەرمانگا، کۆڵان و شوێنە گشتییەکاندا هەندێک ڕێسا و کارتێکەریی تەلەفزیۆن بۆ خەڵکی ڕوون بکرێتەوە، بەتایبەتی بۆ باوان و سەرپەرشتیارانی منداڵان، بە شێوەی کۆڕ و کۆبوونەوە بڵاوکردنەوە و دابەشکردنی نامیلکە و ڕێنمایی (بەخۆڕایی) بەسەریاندا. دەبێت هەر سێ وەزارەتەکانی پەروەردە، ڕۆشنبیری و ناوخۆیی هاوکاری یەکدی بکەن و بەرنامە و پلانی هاوبەش بۆ ئەو کارە دابنێن.

٢ـ پێویستە ڕێنمایی گشت مامۆستایەک لەو بوارەدا بکرێت و لە گشت قوتابخانەکاندا کۆبوونەوە بە باوان و سەرپەرشتکارانی قوتابیان بکرێت.

(لەو کۆبوونەوانەدا ئەوە ڕوون بکرێتەوە کە باوان و سەرپەرشتیارانی منداڵان و قوتابیان، تا منداڵەکان بەخەبەرن و نەنووستوون سەیری تەلەفزیۆن نەکەن یان منداڵ زوو بخەوێنن بۆ نموونە سەعات ٨ یان ٩ی شەو منداڵ دەبێت بنووێت و باوان هەوڵ بدەن تا ئەو سەعاتانەی شەو خۆ ڕاگرن و سەیری تەلەفزیۆن نەکەن و ئەگەر ڕووداوێکی زۆر گرنگ و سەرتاسەری ڕوویدا ئەوا هەوڵ بدەن بۆ منداڵانی ڕوون بکەنەوە.)

٣ـ وەزارەتی ڕۆشبیری بەڕەسمی بەسەر کەناڵەکانی تەلەفزیۆندا بسەپێنێت کە هەواڵە سیاسییەکان، یان جەنگییەکان، لە سەعاتە درەنگەکانی شەودا پەخش بکەنەوە، بۆ نموونە سەعات ٩ی شەو. سەعاتەکانی سەرەتای شەو تەنیا بەرنامەی پەروەردەیی و زانستی بێت بۆ منداڵان یان فیلمی منداڵان و فیلمی کارتۆن، بەڵام بە دۆبلاجێکی ماقوڵ و دوور لە جنێو و وشەگەلی عارەبی کە بەرامبەر و هاومانەکەی بە کوردی هەبێت و زیاتر زمانی ئەدەبی بێت، نەک





زمانی بازاڕ (وەک ئەوەی زۆربەی فیلمە کارتۆنییەکانی ئێستای پێ دۆبلاج کراوە!)

٤ـ دیسان وەزارەتەکانی ڕۆشنبیری و ناوخۆ ڕێسا و ڕێنمایی بۆ فرۆشتنی فیلم و سی دی و دی ڤی دی و کۆپیکردنیان بڵاو بکەنەوە و سزای توندی ئەو کەس و کۆمپانیایانە بدەن کە هەر لە خۆوە هەرچ فیلم و دیمەنێکی نەشیاو کۆپی دەکەن و دەفرۆشن.

٥ـ دیسان هەردوو وەزارەت چاودێری زۆری سینەماکان بکەن و دەکرێت لە هەر سینەمایەکدا (لە هەر سێ شارەکەی کوردستاندا ٨ تا ٩ سینەما هەن) چاودێرێک دابنێن کە ڕێگە بە منداڵ نەدات بچنە ژوورەوە، ئەگەر فیلمەکان لەگەڵ تەمەنیاندا نەگونجێت.

بێگومان دەبێت وەزارەتی ڕۆشنبیری بڕیا لەسەر تەمەنی بینەری هەر فیلمێک بدات (ئەمە کاری دەروونناس و شارەزاکانی بواری میدیایە، دەکرێت وەزارەتی پەروەردە و ڕۆشنبیری هاوکاری یەکدی بکەن.)

٦ـ دەبێت وەک ئەرک، کەناڵەکانی تەلەفزیۆن پێش پێشاندانی فیلم و ڕیپۆرتاژ و هەواڵ، بینەر لەوە ئاگادار بکەنەوە کە وێنە و هەواڵ و ڕێپۆرتاژەکە دیمەنی خوێناوی و کاولکاری تێدایە، تا منداڵ لەو شوێنەی تەلەفزیۆنی لێیە، دوور بخرێنەوە.

ئەم شێوازە بۆ زۆر لە گەورەساڵانیش بەسوودە، چونکە هەندێک کەس هەن نایانەوێت یان ناتوانن دیمەنی کوشتن و خوێن و کولکاری ببینن.




ئەم خاڵانە کارێکی هێندە زەحمەت نین کە لە کردن نەیەن، بەڵام دەبێت دەستەڵات هەوڵی جددی بۆ بدات و ئەرکی خۆشیەتی.

ئۆسلۆ
٢٠٠٥/٩/١٨

سەرچاوەکان:

1. UNICEF - NORGE.
2. FILOSOFI, LIVSSYN OG ETIKK, ERIK BRORBVEIT OG KNUT DUSEUND, FAGFORLAG, BERGEN-NORGE 2002.
WWW.FAGFORLAGET.NO

ڕوونکردنەوە:

١ـ وەک ئەو دیمەنانەی کەناڵی جەزیرە لە کاتی سەربڕینی دیلەکان لەلایەن تیرۆریستە ئیسلامییەکانەوە و دیمەنەکانی CNN لە کاتی کوشتنی دیلێکی عیراقی لەلایەن سەربازێکی ئەمریکاییەوە لە فەلوجە.

٢ـ ئارتیکڵی یەک (١) لە کۆنڤێنشیۆنی مافی منداڵ لەلایەن UNICEF لە ساڵی ١٩٨٩ لە UN دەرچووە.

٣ـ ئارتیکڵی سیانزە (١٣) لە هەمان مافنامە.

٤ـ ئەم هێڵکارییە لە کتێبی FILOSOFI, LIVSSYN OG ETIKK لاپەڕەی ٣٤٣ وەرگیراوە.

٥ـ بەپێی ئاماری (ستاتیستیک سینترال بیرۆ)ی نەرویج ساڵی ٢٠٠٤

× ئەو ١٠ سەعاتە بە مەزندەی تایبەتی خۆمە، بەهاری ٢٠٠٤ ماوەی مانگێک لە سلێمانی بووم و لە ئەنجامی سەرنجدانم بۆ سەرقاڵیی خەڵک بۆ تەماشاکردنی تەلەفزیۆن ئەو سەرنجەم لا دروست بوو.

× هەر لەو سەفەرەمدا بینیم کە ٤ لە خوشکەزا و برازاکانم سی دی و دی ڤی دی هەندێک لەو بەناو هونەرمەندانەیان بە ڕۆژانەی (خەرجی) خۆیان کڕیبوو، زۆر لەلایان خۆش/هەزەلی بوو. بەڵام ئەو کارانە نەک هەر هونەری نەبوون، بەڵکو زەوقتێکدەر و ڕەوشتتێکدەریش بوون، چونکەی بەئاشکرا و ڕاستەوخۆ گاڵتە بە کەمئەندام و ژنان و خەڵکی هەژار دەکرا. ئەوەشی کە جێگەی داخ و کەسەر بوو لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی هونەرمەند باسم کرد کە بۆچی دژ بەو کارانە هەڵنادەنێ، چونکە ئەوانە لە بەهای هونەر کەم دەکەنەوە و ڕەوشت و زەوقی گشتی دەشێوێنن، کەچی بەداخەوە وەڵامەکەیان ئەمە بوو «ئەو کارانە زۆر بێمستەوا و منداڵانەن، هەر بۆ منداڵ باشن!"

وەک ئەوەی هەر کاتێک بێبەها و ناپەسەند بوو، با بۆ منداڵ بێت!

# شەڕەکانی دژی سەددام

## نووسینی: جۆن سمپسن
## وەرگێڕانی: ئەنوەر سوڵتانی

بەشی چوارەم و کۆتایی
لاپەڕە ٣٢٤ تا ٣٣٦

### ٥٦ ــ کارەسات

عێراقییەکان لە باکووریش تێکشکابوون. زیاد لە دوو هەفتە بوو ئێمە لەگەڵ هێزەکانی کورد لە هێڵێکی بەرەی پێشەوە بۆ هێڵێکی پێشەوەتر دەچووین و عێراقییەکان دەکشانەوە. سەرنجڕاکێش و هەندێ جاریش مەترسیدار بوو، بەڵام گرنگایەتیی عەمەلیاتی باشووری نەبوو. جیا لە هەموو شتێکی تر، شەڕی ئێمە بە چەکی سووک و زۆر بەدەگمەنیش بە تۆپ دەکرا، لە کاتێکدا ئەمریکایی و بریتانییەکان نوێترین چەکیان بە کار دەهێنا...

ئێوارەی ڕۆژی شەممە، ٥ی ئاپریل، ڕۆژێک کە ئەمریکاییەکان سەرەتا بە هەڵکەوت و پاشان بە عەمد، ڕێگەیان بەرەو بەغدا دەبڕی، من و تیمەکەم خۆمان لە گوندی بچووکی «شەمامەر»، لە بەرەی باکووری ڕۆژئاوای کەرکووکدا بینییەوە. بەرەی پێشەوەی عێراقییەکان کەمتر لە کیلۆمەترێک لێمانەوە دوور بوو و پەنجا پێشمەرگەی کوردی ناو گوندەکە لە لایەن هەشت سەربازی هێزی تایبەتی ئەمریکاوە پشتیوانی دەکران... ئۆتێلەکەمان تەنیا بە ترومبێل ٤٠ چرکەیەک لە هەولێرەوە دوور بوو...

بەیانی ڕۆژی دواتر، یەکشەممە ٦ی ئەپریل، ڕۆژێک بوو کە دەبوایە «کاوەی گوڵستان» لە تاران بنێژرایە، من بەیانیی زوو لە خەو هەستام و پێش سەعات ٧ گەڕامەوە ناو گوندەکە... لە کاتێکدا ئەوانی تر خەریکی خۆڕێکخستن بوون، من بە دەوری گوندەکەدا پیاسەم کرد کە تا ڕۆژی پێشتر بە دەست عێراقییەکانەوە بوو... دەسپێکی بەرەوپێشچوونێکی دیکە بوو و عێراقییەکان لە ماوەی شەودا لە هێڵی پێشەوەی خۆیان ــ ڕاست بەرانبەر بە ئێمە، کشابوونە دواوە. ئێمە بازمان دا ناو ترۆمبیلەکانمانەوە... بەرەو گوندی هەوێرە چووین. لەوێ، خەڵکی خۆجێیی دائیرەی سەرەکی حزبی بەعسیان ڕووخاندبوو و هەندێکیان خەریکی هەڵکردنی ئاڵای



**ئەنوەر سوڵتانی**

کوردستان بوون و لە جێی ئاڵای عێراق و ئەوانی تر دەگەڕان وێنەی سەددامیان دەدایە بەر گوللە و وێنەی قارەمانانی کوردیان لە شوێن دادەنان... قۆماندان نەریمان لە گوندی پیرداود بەوەوە خەریک بوو چ لەو هەموو زیندانییە عێراقییانە بکات وا لە شوێنی دیکەوە نێررابوونە ئەوێ... هەواڵمان پێ گەیشت کە کوردەکان گوندی «دێبەرجان»یان گرتووە. دێبەرجان لەناو ڕێیانی موسڵ و کەرکووکدا بوو و وا دەردەکەوت کە شوێنی دەسپێکی هێرشی کورد بێت بۆ گرتنی هەرکام لەو دوو شارە... بەرەو ئەوێ ئاژواین... ئێمە لەپێشەوە دەڕۆیشتین. جادەکە چۆڵ بوو. کەوتبوونە گومانەوە بڕۆین یان نەڕۆین، لێخوڕی سەیارەکە خێرایی کەمتر کردەوە. لەو کاتەدا دەنگی گوڕەی ماتۆڕ، دوور لە پشت سەرمانەوە هات و هەورێکی تۆز و خۆڵ بەرزبووەوە. لێخوڕی ترومبێلەکەی ئێمە بەرەو تەنیشتی ڕێگاکە چوو. دەوروبەری ١٦ لەندکرووز بوون، هەموویان

نوێ و هەندێکیان بریقەدار. دووانی پێشەوەیان ئاڵای پارتیی دیموکراتی کوردستانیان بە سەرەوە بوو. دوای تێپەڕبوونی کاروانی کورد، چەندین ترومبێلی ئەمریکایی بە ئاڵای ئەستێرە و هێڵەوە، هێزی تایبەتی ئەمریکاییان دەبرد.

کامەران[ی تەرجومان] گوتی: ئەوە «وەجی»یە.

وەجی بارزانی کەسایەتییەکی سەرنجڕاکێش بوو، برای بچووکتری سەرۆکی پارتیی دیموکراتی کوردستان و ڕێبەری هێزی تایبەتی پێشمەرگە. ئێمە دوو ڕۆژ پێشتر چاوپێکەوتنمان لەگەڵ کردبوو. ئەوە گرووپێکی گەلێک پایەبەرز بوو و بۆ ئێمە دەرفەتێکی مەزن بوو لەگەڵیان بکەوین. لێخوڕەکەمان کەوتە شوێنیان... سەرنجم دایە دوو فڕۆکەی ئەمریکایی کە بە ژوور سەرمانەوە دەخولانەوە.

ترومبێلی ئەمریکاییەکان ئاڵای زۆر گەورەی هێڵ و ئەستێرەی ئەمریکایان پێوە بوو. ئەوانی تریش کە دە دوازدەیەک دەبوون کووتاڵێکی نارنجییان بەسەردا درابوو، کە لە هەواوە بە هاسانی دەبینرا. ترومبێلەکانی ئێمە هەمان شتیان بە سەرەوە بوو. وا بڵێم کە ئەگەر تۆ پایلۆتێکی ئەمریکایی بوایەی و لە مەسافەیەکی مەعقوولی ژوور سەرەوە بتڕوانیایەتە خوارەوە، ئەوانەت لەگەڵ دوژمن لێ تێک نەدەچوو...

ئێمە لەوێ بە دەوری وەجی بارزانییەوە کۆ بووبووینەوە... ویزەیەکی گەورەمان گوێ لێ بوو و تەقینەوەیەکی ترسێنەری بە شوێندا هات. دەنگی هاوار و ناڵەی بریندار ڕوو لە مردن لە هەموو لایەک بەرز بووەوە... من و فرێد چاومان لە ساروخەکان بوو دەکەوتنە زەوی... یەکیان لە ١٠ یاردی من کەوتە زەوی... سەرجەم چواردە پارچە لە لەشی من دران و کەوتمە سەر زەوییەکە. زۆریان بچووک بوون و لەوانە، ئەو یەکەی وا لە سەرم کەوت. بەڵام

دووانیان بە قەدرایی گوللەیەک دەبوون و دەکرا بمکوژن. یەکیان لە لاقی چەپم و ئەوی تر بەشی پلاستیکی گوللەبەندەکەم لەسەر سینگم درا... وێدەچوو پەردەی گوێی چەپیشم دڕابێت... بانگم لە ئەمریکاییەکانی سەر زەوی کرد و گوتم: "بە هاوڕێ لەعنەتییەکانتان بڵێن دەست هەڵبگرن." بەڵام ئەوان پێشتر وایان کردبوو «کرەیگ» خۆی لەناو دووکەڵ و دوومانەوە کێشایە دەر و گوتی: "کامەران؟ کوا کامەران؟" ئەو ناوەکەی وەک «کامیرۆن» حونجە دەکرد.

تا ئەودەم کامەران دۆزرابووەوە... لاقێکی وێدەچوو لەبەر یەک چووبێت... تەقەڵلای زۆری دەکرد و ئەوەش دەبووە هۆی ئەوەی خوێنی زیاتر لەبەر بڕوات... دەمویست لای ئەو بمێنمەوە لەبەر ئەوەی تاوانی من بوو کامەران هاتبووە ئەوێ. من کێشابوومە ئەو شوێنە و نەمدەتوانی بە جێی بهێڵم... دەمزانی بە زیندوویی ناگاتە هەولێر. «درەیگن» و یەک لە کوردەکان لەشی قورسی کامەرانیان هەڵگرت و خستیانە پشت ترومبێلێکەوە. هێشتا زیندوو بوو، بەڵام تەنیا ڕۆحێکی تێدا مابوو. «ئۆگی» گوتی: "کاتێ گەیشتینە هەولێر، کامەرانیان بە مردوو ڕاگەیاند. بۆم هاسان نەبوو قەبووڵی مردنەکەی بکەم، لەبەر ئەوەی پاشماوەی ئێمە هەموومان بە هەندێ برینی سووکەوە زیندوو مابووینەوە... لەگەڵ «تۆم» و «ئۆگی» چووینە چاوپێکەوتنی دایکی کامەران... حەوشی ماڵەکەیان پڕ بوو لە خزم و کەسوکار. زۆریان دەگریان. دایکی کامەران کە وا هەبوو پەنجا ساڵی زیاتر تەمەن نەبێت، لە پیرێژنێک دەچوو و ئەوەندە گریابوو کە فرمێسکی بۆ نەمابوو. لام وابوو وەک چۆن من خۆم بە تاوانبار دەزانی، ئەویش لۆمەم بکات و بە تاوانبارم بناسێت کە بە کوشتم دابێت. دانیشتم و دەستیم گرتە دەستم. تەنیا لێی پرسیم بۆچی کارەساتەکە ڕوویدا و گوتی: "ئەو پێی گوتبووم ناچێتە هێڵی پێشەوە، بۆچی چوو؟" هەروەها ئەوی کە: "ئەمریکاییەکان هەموو شت دەزانن، چۆن نەیانزانی هێرش دەکەنە سەر ئێوە؟" وەڵامی پرسیارەکانیم نەبوو بیدەمەوە...

[بە شوێن ئەم دێڕانەدا، جۆن سمپسن باسی سەفەری خۆی بۆ بەغدا و تکریت دەکات و لە هەڵوەشانی دەسەڵاتی سەددام و حزبی بەعس دەدوێت، ئەمجا هەڵسەنگاندنێکی بێلایەن و پسپۆڕانە لە بارودۆخی سیاسیی ئەمریکا و عیراق ئاڕاستە دەکات و جیاوازییەکانی سیاسەتی ئەمریکا و بەڕێوەبەرایەتیی بوشی باوک و کوڕ دەخاتە ڕوو ـ هەڵسەنگاندنێکی ڕەخنەگرانە لە سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.]



وێنە: جەمال پێنجوێنی

**ڕانانی کتێب: جوان بۆکانی**

# جیهانی تەماویی شیعری بەڕۆژ ئاکرەیی

بەڕۆژ ئاکرەیی، "بەتەما بووم لە تەم بدوێم"، (٢٠٠٢-١٩٩٩)، *Bokförlaget Aura*، ستۆکهۆڵم ٢٠٠٤، ١٠٨ لاپەڕە.

کۆمەڵەشیعری ئەم دواییانەی بەڕۆژ ئاکرەیی دەخوێنمەوە. هەردوو لایەن «من» و «ئەو»، واتە شاعیر خۆی و کچی ناو شیعرەکان لە تەمومژێکی سووریئال ئالاون و زەقی و بەرچاویی کەسایەتیی شیعری نەریتییان لێ سەنراوەتەوە. شیعرەکان بەم تەعبیرە، لە تابلۆ هونەرییەکانی «ترنر» دەچن. بەبێ لادانی پەردەی ئەو تەمە هەمەگیرە، هیچ شتێک بە چاو ناکرێت. پێوانە و پێناسی ئاسایی لە ڕۆستی فەزای سووریئالی شیعرەکان نایەن و هەربۆیەش بۆ تێگەیشتن لە دەروونی شاعیر، کورتی دێنن.

من بە چاویلکەی "لایەنگرانی هونەری بەرپرس" و "خوازیارانی هونەر بۆ هونەر" شیعرەکان دەخوێنمەوە. ئای چ کارێکی ئەستەم و چ ڕێبازێکی پڕ کەند و کڵۆ! چەندە تووشی بەرزی و نزمی دێم؛ چەندە ڕەنگ دەگۆڕم و جێگۆڕکێ بە ڕووگرژی و ئێسکسووکی دەکەم؛ گەز و ڕبەی هەڵسەنگاندنەکانم چەندە لە کورتی دەدەن! لە پشت وشە نەفرەت لێکراوەکاندا ناچرالیسمی سەدەی نۆزدەیەمی فەڕەنسا دەبینم زیندوو دەبنەوە و خۆ دەهاوێنە کوردستانی سەدەی بیستویەک:


"من دێوم
قەحبەگوڵ بڕوانە لەم گوڵانەی لە ئێسقانەکانمدا ڕواون
کە تۆ بانگی ناوت کردووم بۆ ڕوانین لە کزۆڵەبوونی مانگ لە گۆماوی
ژێر پردێکدا کە تەم لە خەیاڵی ئالاوە...
ئالای چی!؟
گشتیان بدە بە دەم دڕانەوە
ئەو جیهانە خەوخنکێنە لە خەونمدا بخنکێنە
کە کردوومیەتی بە دێو..."

درێژە بە خوێندنەوە دەدەم:

"ڕوو لە هەرلایەک دەکەم" تۆ لەوێ ڕووتیت
پەنجە بە زمانت تەڕ دەبێ:
"وەرە!"
ڕوو وەردەگێڕم تۆ لەوێ ڕووتیت
سەری پەنجەی چمکێ لا دەدا
"گوڵەکەم تەڕە!"
چرا کوێر دەکەم
تاریکییەکی تەڕ دەگرمە باوەش"

کتێب بە شاعیر و شیعرەکانییەوە تووڕ هەڵدەدەم و بەجێیان دەهێڵم.

وا ئەمجارە بە چاوی خۆم و بەبێ چاویلکەی خوازراو، شیعری بەڕۆژ ئاکرەیی دەخوێنمەوە. پاڵم لێ داوەتەوە. نە تووڕەم، نە شادمان. نە چەقۆی ملبڕینم بە دەستەوەیە، نە مەڵحەمی برین. نە کەس دەگەیێنمە عەرش و نە کەس لەسەر فەڕش دادەنێم. هێدی و لەسەرخۆ شیعر دەخوێنمەوە، کەوتوومەتە زەریای بیرەوە. بەسەر شەپۆلەوە باڵم گرتووە. هەڵدەکشێم و دادەگەڕێم. گوێم لە هیچ دەنگێک نییە، جگە لە دەنگی پێی شیعر. لەو زەریا بەرینەدا لە گەوهەر دەگەڕێم، گرنگ نییە سوور و شین، درشت و ورد، تەنانەت سەدەف و گوێماسی، بەردی چەخماخ بۆ داگیرسانی جگەرەیەکی دوای سەرخۆشی، ئەویش نا، هەندێ




چەو بۆ ناو گوڵدانی ناو ژوورەکەم، ئەویش نا، هیچ! بۆ من بازرگانم؟ من هاتووم لە زەریای شیعردا مەلە بکەم، مەلە خۆی ئامانجە! هۆ شیعرە بێناوەکانی بەڕۆژ ئاکرەیی، ئەوە منم خۆ لە زەریاتان دەخەم، مەلەباسکە دەکەم، مەلەسەگانە، خۆ کورد مەلەی چەشنی تر نازانێت دەنا دەمکرد. با، با، مەلەپێیە، مەلەپشتە، ئەمیان بۆ کاتێ کە شەکەت و دوورەڕۆخی.

گرنگ نییە چۆن و بەرەو کوێ. نا، نا، گرنگە! یەک شت گرنگە: گۆمەکەتان قووڵ بێت. من گۆمی شیعرم بە قووڵی دەوێت، نامەوێت لاقم لە زەوی ناسیاو بدرێت. چ ڕەنگن، خۆتان دەزانن. چی دەڵێن، خۆتان دەزانن. ڕوو لە کامە قیبلەن، خۆتان دەزانن؛ بەڵام دەبێ قووڵ بن! قووڵ نەبن، لێتان دەتۆرێم، دەڕۆم و چیتر نایەمەوە ناوتان. من دڵم ناسکە، لە تەسکی و تەنکی دەتۆرێم. ئێوە دەبێت قووڵ بن، دەبێت بێبن بن. ئەوەتان

بەسەردا فەرز دەکەم! من زۆر دیموکرات نیم، لە قووڵایی مێشکمدا سەددامێک خەوتووە. ئالان سوڵتانی و ئالان سەددامی هەردووکیانم. ئەم ئەوینی قووڵی و بێبنییە لەکوێوە هاتووە؟ نازانم! واهەیە دووانەیەک بێت و لەگەڵم خوڵقا بێت. حەوزەکەی بۆکانیشم بۆیە خۆش دەویست، قووڵ و بێبن بوو؛ نەک لەبەر ماسییە خاڵڵەگەردنەکانی. خاڵی چی و مێڵی چی؟ هەر ماسی چی؟ ئاو، ئاو، ئاو، من توونییەتیم بە ئاو دەشکێت. زەریا، زەریا!

وا کەوتوومەتەوە مەلە. ئیتر دەبێت قسە نەکەم، دەنا دەخنکێم. دەڕۆم، دەڕۆم، جارێک خۆر و جارێک ساو، جارێک کرژ و جارێک خاو، بەڵام هەر ئاو، ئاو. هۆی بەڕۆژ گوێت لێمە؟ لەگەڵمدایت؟ دێی؟ باشە تۆش وەرە، چش! خۆ من هەرگیز خەڵوەتێکم نەبوو، نە لە ماڵ، نە لە زیندان، نە لە تاراوگە، من هەرگیز خۆم نەبووم و بۆ خۆم نەبووم. با بڕۆین، با مەلە بکەین:

"حەزم لە چڕینی گریانی خۆمە

لە ڕاکردن بەرەو نازانم کوێ

کە هیچکەس لەوێ

پێم نالێ بۆ کوێ..."

مەلەیەکی خۆش! وا نییە؟ بەڵام ئای! ئەوە چ دەکەی بەڕۆژ؟ وێدەچێت باتدابێتەوە، بەرەو ڕۆخی چەپ دەڕۆی، سەیرکە!

"تۆ...

ئەی وڵاتی شەهیدپەروەر!

ئەی وڵاتی غەریبپەروەر!

جەردەپەروەر!

جەردەسەروەر!

تاقەشتێك تەنیا تۆ بوویت بیرم لێی کردەوە..."

گوێت لێیە؟ ئەوە دەنگی چەپڵەڕێزانی ئاپۆرەیە. گوێت کرکە! چەپڵەی تۆ نییە، بۆ تۆش نییە، بۆ خۆیانی لێ دەدەن، هانت دەدەن، پاڵت پێوە دەنێن، بەرەو خۆیانت دەکێشن، دەتکەنە شایەری خۆیان، شاباشت دەدەنێ. نەتەوێت، دەتکڕن، بە هەرزان، بە دوو پوولیش نا، بە دوو چەپڵە، تەق، تەق، تەواو! بەڕۆژیان کڕی، نەکەی، نەهێڵیت، تێکی دەوە، بگەڕێوە... ئێ باشە، چاکت کرد، لات لێ لادان، گەڕایەوە، حەیف نەبوو؟ فرۆشران بە ئاپۆرە ئەویش بە تەق تەق و نیوێک! وەرەوە، دەتکەمەوە هاوسەفەری خۆم، با بڕۆین، با بخوێنینەوە:

"بهێڵە تاوێ نەتوێمەوە

لەم تینەی گەرەکیەتی

بەرۆکم بکاتە چاڵ

هەستم دەڵێ هەستە   بۆ کێ دەنووسی؟

بۆ خۆم

تا نەهێڵم نیوە تاوێ بتوێمەوە

لەم چاڵەدا کە تینی تۆی کردۆتە ماڵ"

بەڵام، ئەوە چ بوو؟ چیت کرد بەڕۆژ؟ خۆ دیسانەکە لاتدا، خێرت نەنووسێت! ئەمجارە بە ڕاستدا باتدایەوە. گوێت لێیە؟ دەنگی ئەمانیشت گوێ لێیە؟ "اللهم..." ئەمان چەپڵە لێ نادەن، دەبۆڵێنن؛ بەڵام هەمان شت دەڵێن، هەمان شتیان دەوێت. دەیانەوێت هی ئەوان بیت، دژ بە ناحەزیان بیت. شایەریان ناوێت، بانگدەریان دەوێت. ئەمان مەترسیدارترن، خواروخێچترن، مار بە دەستی دوژمن دەگرن، مارت پێ دەگرن، دوژمنن، نەچیت! نەکەیت! لادە، لادە! خێراتر! بگەڕێوە! ببەوە خۆت، خۆت بە! شیعر تۆی دەوێت، ئەوانی ناوێت... ئێ باشە، چاکت کرد هاتیەوە، با بڕۆین، بە هەڵێین، با مەلە بکەین:

"گڕ لێرەدایە

لێرە...

لەم لای سینەم کە ناوی چەپە

دەنا من چیم داوە لە خۆشویستنی خۆشەویستی!

مەگەر نەتگوت:

تنۆکێك و تنۆکێکی تر نابن بە دوو؟

هەنووکە من   دڵۆپی گەورەم گەرەکە

بۆیە پیتەکان یەك یەك هەڵدەگرم

ڕیزیان دەکەم


تێکیان دەدەم

تووڕیان دەدەم

دواتر دەبینم

لەپی لەرزۆکم لەرەی خستۆتە هەوای بەردەمت

تۆش لێرە نیت"



بەڕۆژ ئاکرەیی

شیعری بەڕۆژ ئاکرەیی نەفەسی درێژیان نییە. هەر هەموویان وێنەی بچووکی ناو ئاوێنەی هەست یاخود هەستی «ئانی» ئیشراقاتی ئەویندارییەتین. بە شەقامێکی بەرتەسکدا دەتبەن بە ماڵی ڕازاوەی ڕەنگاوڕەنگەوە. ڕەنگەکان زۆربەیان گەرم و شادن، ڕەنگی سارد و ڕووگرژ لە چاویلکەی شاعیرەوە دەدرێتە ماڵەکان، ئەویش هەندێ جار، ئەو کاتانەی کە لە ئەوینە هەمیشەییەکەیدا تووشی شکان و ناکامی دێت.

کات، شەوە. چرای ماڵەکان کوژاونەتەوە. شاعیر ڕێگا دەبڕێت، دەگاتە بەردەم هەر ماڵێک، چرای پەنجەرەیەکی بچووک هەڵدەبێت. دڵدارێک لە سەدان دڵدارەکانی بۆ چرکەیەک لە پەنجەرەوە خۆی دەنوێنێت، جوان، هەستبزوێن، شەهوانی و خوازیار. ئەمجا چرا دەکوژێتەوە و کیژۆڵە لە چاو ون دەبێت، بەڵام دەستبەجێ پەنجەرەیەکی تر دەکرێتەوە بە کچۆڵەیەکی جوانترەوە. شاعیر ئەمشەو ژوانی هەیە، نە یەک، نە دوو، لەگەڵ هەموو کچێکی ناو هەموو ماڵێکی سەر هەموو

شەقامێک. شار «قۆرغ»ی خۆیەتی! دەڕوانێتە ئەمیان، ئەویان دەدوێنێت، چاو لەمیان دەقرتێنێت، مەمکی ئەوی تر دەگوشێت و لەگەڵ هەرە جوانترەکەیاندا دەنوێت.
ئەم ئۆدیسەیەی شاعیر کۆتایی بۆ نییە. ڕوون نییە «ئاسینا»ی شاعیر کوێیە! ئاکرە، تاران، ستۆکهۆڵم؟ شاعیر بانگاشە بۆ «هەرکوێ» دەکات. قیتاری ئەویندارییەکەی سەرەتا و کۆتایی نازانێت، لە ئەزەلی و ئەبەدی دەکات. تۆی هاوئیشراقی ئەویش لەو گەڕان و ژوان و دەستەملانییە بەشێکت پێ دەبڕێت، چاو و گوێت بە ڕەنگ و دەنگی جوانی دەئاخنرێت و دڵت بە ئۆخەی سارێژ دەبێت. قیتاری ئەوینی شاعیر بەردەوام دەئاژوێت، ئیتر تۆی کە لە کوێ خۆی پێوە هەڵدەواسیت و لە کوێ وازی لێ دێنیت.
ئەوە حیکایەتی بەڕۆژ ئاکرەییە لە کۆمەڵەشیعری تازەیدا.
زمانی شیعرەکان پاراو، وشەکان بێ گرێ و گۆڵ و «تەعبیر»ەکان کەمتر خوازراوە و زیاتر خۆماڵین. پاراویی زمان لایەنی سەرکەوتووی شیعری بەڕۆژن، هەستەکان بە وشەی کەمتر و ڕستەی کورتتر دەردەبڕێن، بەڵام فۆرمالیسم بەسەریاندا زاڵە:

**"لە سەرەتای ئەم ڕستەیەدا**
**هەنگاوی چاوت بکە بە باز**
**تاکو پەیڤەکان ببنە بەردەباز**
**ئەوسا دەست لە گشت شتێ کە بەردە**
**بەردە!**

**ناوی من لە زاری تۆدا جوان دەبێ و**
**بە ناوت زارم**
**گەر بانگم نەکەی**
**نزارم"**

یا:
**"بێدارت ناکەم! تۆ بێزاریت.**
**بێدارم مەکە! من بێزارم."**

یا:
**"دەستت دەڕوا**
**بەرەوە قژ نا...**
**ڕوومەتت نا...**
**قوڕگت ئا!**
**کە دەڵێ: نا!"**

بەڕۆژ ئاکرەیی لەناو شاعیرانی نوێخوازی کورددا ئەگەر تاکەکەس نەبێت، یەک لەو دەگمەن شاعیرانەیە وا شیعری فارسی و نەک هەر شیعریش، زمانی فارسی دەناسێت. ئەم ناسیاوییە بەڵام، سەربەخۆیی لێ نەستاندوە و شوێنی نەرێیی لەسەر زمان و ڤوکابیولەری شاعیرانەی دانەناوە. بەڕۆژ، کە سەردەمێک شوێنی فروغ و شاملوی هەڵگرتبوو، ئێستا لەگەڵ پێشڕەوتی شیعری فارسیدا بەرەو سەردەمێکی نوێتر ڕۆیشتووە، بێ ئەوەی کەوتبێتە شوێن مۆدەی نەگریسی ڕەچاوکراوی شاعیرانی پلە حەوت و هەشت، کە بێ پەروا و ڕۆژانە دەیان وشەی ناپێویستی فارسی دێننە ناو زمانی نەتەوایەتیمانەوە و ئەگەر وا بڕوات، دوای ماوەیەکی تر، سلێمانی دەبێتە سمنان و کاشان!
بەڕۆژ ئەگەر تەعبیرێکی فارسییش وەردەگرێت یا بیرۆکەیەکی لێ دەخوازێتەوە، وای دەکوردێنێت کە هەست بە «استیراد» نەکەی. بڕوانە شیعرە درێژ، بەڵام کورتەکەی کۆتایی کتێبەکە:

**"تۆ؟...**
**لە دنیادا یەکێ وەک تۆ**
**ئەویش من شێت..."**

بەراوردی بکە لەگەڵ:
**"در دهر چو من یکی و انهم کافر..."** خیام نیشابوری
ڕەخنەگری و هەڵسەنگاندنی شیعری شاعیران وەک پێشوو ساکار و بێ گرێ و گۆڵ نییە. واهەیە هۆیەکی مەسەلە ئەوە بێت کە شیعر خۆی و هونەر بەگشتی و سەردەمیش بەتەواوەتی، وەک جاران ساکار و بێ گرێ و گۆل نین.
لە ڕابوردوودا، هێڵی جیاکەرەوەی چاک و خراپ ڕوون زەق بوون. پێناسە و پێوەریش هەروا. دەتزانی مەولەوی سۆفییە، نالی فۆرمالیستە، گۆران کۆمۆنیستە، هەژار ناسیونالیستە، هێمن جوانپەرستە و شێخ ڕەزا بێ دەربەستە. تۆی ڕەخنەگریش جامێکی چل کلیل بە دەستەوە، ئاوی حەیاتت بە شاعیرێک دەبەخشی یا قوڕت بەسەر ئەوی تردا دەکرد. مەیدان بەتاڵ و تۆش بێ پەروا. پێوەریشت چوارچێوەدار و نەگۆڕ!
چوارچێوەی نەریتی بۆ هەڵسەنگاندی هونەر، لە سەدەی نۆزدەهەمەوە چ کاریگەری نەماوە، لانی کەم لەو کاتەوە کە «کاندینسکی»ی ڕووس خاڵێکی ڕەشی لەسەر لاپەڕەیەکی سپی دانا و بەم تابلۆیەوە چووە ناو مێژووی وێنەگەریی جیهانەوە. ئەمجا کۆتری کوبیستیکی پیکاسۆ دوا بزماری لە تابووتی ڕەخنەگریی کۆن دا! ئەو وێنەیەی کە سەرەتا کەوتە بەر هێرشی ستالینیستەکان و دواتر هەر ئەوان وەک سمبولی ئاشتی بەرزیان کردەوە؛ گەرچی پیکاسۆ پێویستی بە هەڵکێشانی ئەوان نەبوو.
هونەری نوێ پێناسەی نوێی دەوێت، ئەوە یاسایەکی جیهانییە بە کوردستانیشەوە! دوورەپەرێزی لەو یاسا جیهانییە گەمژەیی نەبێت، هیچی تر نییە. تۆ ناتوانیت بە پێوانەی دوو سەدە پێش ئێستا، تەنانەت بە شێوازی مێژووەکەی عەلائەدین سەجادی، شاعیری ئەمڕۆ هەڵسەنگێنیت!
وشەی قەبە و نازناوی گەورە دەروازە نین بۆ ناو قەڵای بیرکردنەوەی هونەرمەندانی ئەمڕۆ: نە گۆران بە «مامۆستا»گوتنی ئێمە گەورە دەبێت، نە عەبدوڵڵا پەشێو بە نازناوی «دوکتۆر»! ڕەخنەگر دەبێت بتوانێت ناخی دەروونی هونەرمەندەکە بناسێت و بۆ خوێنەری بدرکێنێت.
بەڕۆژ ئاکرەیی لە جیهانێکی هەڵواسراوی تەماویدا دەژی. پێی لەسەر زەمینێکی قورس و ڕەق قایم نەکراوە. «با» ئاشنایەکی هەمیشەییەتی، بەربەرەکانی «با» ناکات و جەستەی ڕۆحی داوەتە دەست شنەیەکی بزوێنەر ـ خۆ ئەگەر تۆفانی لە ڕیشە دەرهێنەر نەبێت، کوردە، بەرپرسی کۆمەڵایەتییە، بەگوێرەی ئەزموونی ژیانی ڕۆژانەش بێت، لە گەلێک کانیاوی هونەری ئاوی هەڵمژیوە و لە زۆر باخچەی شیعر گوڵی چنیوە، مرخی شیعری هەیە و... ئەوانە هەموویان لای کەم لە شیعردا کردوونیە شاعیرێکی بێ سنووری گوێ بە داب و یاساکان نەدەر. هەوای تازەی شیعری گەلانی دیکەی هەڵمژیوە و شیلەیانی کردۆتە کووپەی شیعرەکانی خۆیەوە ـ کووپەی هەنگوین!
من شیعری بەڕۆژ ئاکرەییم لا شیرینە!

# ئایین بۆ دەسەڵات

هاشم کەریمی، «ئایین و دەسەڵات لە پرۆسەی مێژووی ڕۆحانیەتی شیعەدا»، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیر و هۆشیاری (ی.ن.ک.)، سلێمانی، ٢٠٠٥، ٣٣٦ لاپەڕە، بە پێشەکی د. کەمال «میراودەلی»یەوە.


ناتەواویی بەرچاوی کتێبخانەی کوردی، بواری بنەمایی وەک زانست و فەلسەفەن. دەگمەن کتێبی کوردی لەسەر فەلسەفە نووسراون، جا چ تەرجەمە بن، چ دانراو. کارەکە تەنانەت لە ڕادەیەکدایە کە بگوترێت کورد فەیلەسوفی نییە و ئەو بیر و بۆچوونانەش وا لە بواری سۆفیایەتیدا دەربڕاون، زیاد لە هزر و بیری دەستی سێ و چوار یا دووپاتکردنەوەی وتەی هۆشمەندانی بێگانە نین! یەک لە هۆکارەکانی چۆڵبوونی گۆڕەپانی فەلسەفە و زانست لەناو ڕووناکبیرانی کورددا واهەیە ئەوە بێت کە هەر لە کۆنەوە تا ئێستا بیرمەندانی کورد بە زمانی داگیرکەرانی خاکی کوردیان نووسیوە و زمانی کوردییان «قابیل» بەوە نەزانیوە ببێتە شۆڕەسواری گۆڕەپانێکی ئەوتۆ.

واهەیە شیعری کوردی وەک دیاردە، لە بەرانبەر بۆچوونێکی وادا قوت بکرێتەوە و دەستنیشانی هەندێ شاعیری وەک مەلای جزیری و مەولانا خالید و مەحوی و وەفایی بکرێت.

هەڵوێستگرتنێکی وا، باسەکەمان شیرینتر دەکات و ئێمە دەکەوینە دەمەقاڵەیەکی ئەوتۆوە کە ئایا کورد بە گشتی دەوری لە پێشرەوتی مێژووی فەلسەفە و بیرمەندیی جیهاندا بینیوە و شتێکی لێ زیاد کردووە یاخود تەنیا مەسرەفی کردووە و جواوی جوەتەوە؟

مەسەلەکە بێگومان لایەنی سەلبیشی دەبێت و واهەیە هەستی نەتەوایەتیمان بریندار بکات، بەڵام ئەرێ یان نەرێ، دامەزرانی باسەکە خۆی دەتوانێت یارمەتیمان بدات بیر لەوە بکەینەوە ئایا بۆچی لە بواری ژیانی ڕۆژانەدا سەرکەوتوو نین و بۆ نموونە لە سیاسەتدا کە بەشی گرنگی توانای گەلەکەمانی پێوە خەریکە، تووشی هەڵەی گەورەی وەک شەڕی براکوژی دەبین و هێڵی سوورمان بۆ دژایەتیکردنی یەکتر بۆ ناکێشرێت، یا بۆچی لە سەدەی بیستویەکەمدا گەلێک نۆرمی دارزاوی ژیانی خێڵەکیی سەدەکانی ناوەڕاست ڕەچاو دەکەین، یا لەجیاتی بەرەوپێشبردنی هونەر و هەڵمژینی هەوای تازە، بۆچی لە قوڕی خەستی فۆلکلۆر چەقیوین و قودسییەت و پیرۆزی بە ناوەڕۆک و فۆرمی شیعر و گۆرانی و هەڵپەڕکێی کۆن دەبەخشین و بەم شێوەیە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لە سەردەم دوا دەکەوین و وردە وردە لەناو کۆمەڵانی خەڵکی جیهاندا دەبینە هاوبەشی بەدوییەکانی سەحرا و ئابورجینەکانی ئوسترالیا، کە هەموو ژیانی فەرهەنگییان لە «ڕابوردوو»دا واتا دەکرێتەوە و پەیامێکی زیندوویان بۆ «ئێستا» و «داهاتوو»ی مرۆڤایەتی پێ نییە.

بۆنەی ئەم گازندە خۆمانەیە، بڵاوبوونەوەی کتێبی «ئایین و دەسەڵات...»ی کاک هاشم کەریمییە لە سلێمانی. کتێبەکە، شۆڕبوونەوەیەکە بە قووڵایی کێشەی دەسەڵاتی ڕۆحانیەتی شیعە و مێژووی ئەو هەوڵانەدا کە شیعایەتی وەک کەمایەسییەکی دەرەوەی دەسەڵاتی سیاسی لە هەموو ماوەی خەلافەتی ئەمەوی و عەباسی و عوسمانی و هەروەها لەناو حکوومەتە عەرەب و موسوڵمانەکان بۆ بەدەستەوەگرتنی سوککانی ڕێبەرایەتی و دەسەڵات داونی.



لە کتێبەکەدا، نووسەر نەچۆتە باسی فەلسەفەی سیاسییەوە، بەڵام مێژوولکەیەکی کورت لە ئایین، فەلسەفە و عیرفانی ئیسلامی داوە بە دەستەوە، ئەمجا مێژووی چەند سەدەی حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی ئێران ـ بەتایبەت سەردەمی سەفەوی و قاجار و شۆڕشی مەشرووتە و حکوومەتی پەهلەوی لە پێوەندی پەرەسەندنی دەسەڵاتی ڕۆحانییەتی شیعەدا شی کردۆتەوە و ئەو پرۆسە درێژخایەنەی لە قۆناغی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا گەیاندۆتە جوڕڕەپۆپەی خۆی واتە کۆماری ئیسلامی و مەلاشاهیەتی.

واهەیە باشترین ناساندنی کتێبەکە، ئەو دێڕانە بێت کە نووسەر خۆی لەسەری نووسیون: "مەبەستی نووسەری ئەم باسە، تەنیا لێکۆڵینەوەی ئەو دیاردە نوێباوەیە بە ناوی «ویلایەتی فەقیه» کە لەم ئاخرانەدا لەنێو پەیرەوانی مەزهەبی شیعەی دوازدە ئیمامی جەعفەری، هاتۆتە گۆڕێ و لایەنگرانی ئەم بیرۆکە نوێیە، بەو ناوەوە دەسەڵاتی سیاسی ئێرانیان گرتۆتە دەست."(ل١٥)


شێوازی داڕشتنی کتێبەکە بەم شێوەیەیە کە نووسەر سەرەتا مێژوولکەیەکی کورت و لیستەئاسا لە ڕەوتە فیکرییەکان و بیرمەندانی کۆنی یۆنان و ڕۆم ئاراستە دەکات، ئەمجا لە ڕێگەی نیئۆئەفلاتوونییەکانی ئەسکەندەرییەوە بەرەو ڕۆژهەڵات دێت و دەگاتە فەلسەفەی ئیسلامی، عیرفان و ئەمجا جووڵانەوە ئایینی و جەماوەرییەکان.

ئەم بزاڤە جەماوەرییانە، بە جووڵانەوەی خەواریج و ئەبوومووسلیم و بابەک دەست پێ دەکەن و دەگەنە ڕاپەڕینی زەنگی و قەرمەتییەکان.

لە قۆناغی دواتردا، نووسەر چۆتە سۆراغی حکوومەتەکانی شیعە و دوای کورتەباسێک لە سەردەمی پێش سەفەوییەکان، لاپەڕەیەکی زۆر تەرخانی دەوری ڕۆحانیەتی شیعە لە سەردەمی سەفەوی و قاجار کردووە و لە هەندێ بزووتنەوەی وەک شێخیە و بابیە و وەهابیە دواوە.

بەشی سەرکەوتووی کاری نووسەر واهەیە ئەو باسە بێت وا لەمەڕ مەشروتە و مەشرووعەخوازیی دوای ساڵانی ١٩٠٥ی ئێران و دەوری ڕووناکبیرانی وەک ملکم خان و طالبۆف لە پێناو هێنانە ئارای نوێخوازی و بیری پێشکەوتووی ڕۆژئاوا ئاراستەی کردووە ـ ئەو بیرەی کە ڕووبەڕووی دژایەتیی توندوتیژی بەشی بەرچاوی ڕۆحانییەتی شیعە بووەوە.

بەشی کۆتایی کتێبەکە، سەردەمی ڕەزاشا و حەمەڕەزاشای پەهلەوی گرتۆتە



**هاشمی کەریمی**

بەر، کە تێیدا باسی پێوەندییەکانی باوک و کوڕ لەگەڵ ئاخوندە خاوەندەسەڵاتەکانی شیعە کراوە. لەم بەشەدا نووسەر لە سیاسەتی ڕەوتە سیاسییەکانی ئێران (چەپ، دیموکرات و مەزهەبی) و چۆنیەتیی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕژێم لەگەڵیان دەدوێت، کە بەگوێرەی بۆچوونی ئەو، گەیشتە ئەنجامی لێدرانی بزووتنەوەی پێشکەوتنخوازەکان و پەرەسەندنی ڕەوتە مەزهەبییەکان و لە ئەنجامدا، سەرهەڵدانی خومەینی، زیندووبوونەوەی بیرۆکەی ویلایەتی فەقیه و دامەزرانی کۆماری ئیسلامی لە ئێرانی بە شوێندا هات.

کتێبەکە شێوازێکی بەڵگەنامەیی بە خۆیەوە گرتووە بە هۆی ئەو ڕاستییەوە کە دێڕ بە دێڕی نووسراوەکان پشتئەستوورن بە بیر و بۆچوونی مێژوونووسان و پسپۆران. نووسەر، لەم مەسەلەیە ئەوەندە چۆتە پێشەوە کە خوێنەر هەندێ جار هەست دەکات بواری «ئیجتیهاد» و ڕادەربڕینی خۆی گەلێک بەر تەنگ بۆتەوە و جێگە زیاتر بۆ بیر و بۆچوونی خەڵکانی تر چۆڵ کراوە.

**"... ئێمە دەکەوینە دەمەقاڵەیەکی ئەوتۆوە کە ئایا کورد بە گشتی دەوری لە پێشڕەوتی مێژووی فەلسەفە و بیرمەندیی جیهاندا بینیوە و شتێکی لێ زیاد کردووە یاخود تەنیا مەسرەفی کردووە و جواوی جوەتەوە؟**

**"کتێبی ئایین و دەسەڵات... گەلێک بەکاکڵ و ناوەڕۆکە. زانیاریی ناو کتێبەکە بۆ من، کە پێش چاپبوون، دەقی سەرەتاییم خوێندبووەوە، بەسوود و پڕزانیاری بوو وهەردوو جار گەلێک شتی لێ فێربووم."**

هەر چۆنێک بێت، زانیاریی ناو کتێبەکە لە ڕەوتی بەردەوامی هەوڵی ڕۆحانییەتی شیعە بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی بە ڕادەیەک زۆر و بەبەڵگەن، کە تەنانەت بۆ ئەو کەسانەی وا قوتابیی بواری مێژوون جێگەی کەڵکوەرگرتنە و ئەوانەش وا دامەزرانی دەسەڵاتی سیاسیی مەلاکانی ئێران بە «هەڵکەوتی سیاسی» دەزانن و دەوری حکوومەتە لاوەکییەکانیان لەم بوارەدا گەورە دەکەنەوە، تێدەگەن کە کۆماری ئیسلامی و ڕژێمی ویلایەتی فەقیهی تشیع، دیاردەیەکە ڕەگی لە مێژوودایە، ڕۆحانییەتی شیعە ـ وەک کەمایەسییەکی بە هێن وەرنەگیراوی چەندەها سەدەی مێژووی ئیسلامەتی، هەمیشە خەونی پێوە بینیوە، هەوڵی لە پێناو داوە و لە باری فیکرییەوە کلاسەی کردووە، نەک هەر ئەوانەش، بەڵکو "بەشی دادوەریی دەسەڵاتی هەمیشە هەر لە دەستدا بوە"(ل٢٧) نووسەر بۆ چەسپاندنی ئەم باسە، کەڵک لە قسەیەکی «عەلی دەشتی» وەردەگرێت کە دەڵێت: "ئیسلام جگە لە هەوڵدان بۆ گەیشتن بە دەسەڵات شتێکی تر نییە، تەقەللایەکی بەردەوامی دەسەڵاتخوازانە بۆ گەیشتن بە ئیمارەت و سەڵتەنەت، واتە ئیسلام کەرەسە بوە نەک ئامانج."(ل٧٠)

بابەتە گشتی و سەرەتاییەکان لە لاپەڕە ٧٩دا کۆتاییان پێ دێت. ئەمجا نووسەر دەرگای باسی سەرەکیی خۆی دەکاتەوە بەوەی کە بابەتی «حکوومەتەکانی شیعە لە مێژوودا» دێنێتە گۆڕێ و دوو شێوە دابەشکردن بۆ مێژووی شیعایەتی ڕادەگەیێنێت کە یەکیان بریتییە لەم قۆناغانە:

ـ لە سەرەتای ئیسلامەوە تا حکوومەتی سەفەوی؛

ـ دەورەی سەفەوی؛

ـ دوای سەفەوی تا سەردەمی مەشرووتە؛

ـ سەردەمی مەشرووتە؛

ـ دەورەی پەهلەوی تا شۆڕشی ئیسلامیی ئێران؛ و

ـ دەوری کۆماری ئیسلامی.(ل٨١)

دیارە ئەم دابەشکردنە، بەگوێرەی مێژووی ئێرانە و لە سەرچاوە ئێرانییەکان وەرگیراوە، واتە مێژووی بزووتنەوەی ناوچەیی و جیهانی ئایینزای شیعە ناگرێتە بەر. ئەم شێوە بۆچوونە دەیتوانی ناتەواوییەکی گەورەی کاری نووسەر بێت، ئەگەر کتێبەکە تایبەت بە ئێران نەکرایە و ئێمە تەنیا لەسەر ئەساسی ناوی کتێبەکە داوەریمان بکردایە کە باس لە «مێژووی ڕۆحانیەتی شیعە» بە گشتی دەکات نەک لە وڵاتێکی تایبەتدا. بەڵام هەر چۆنێک بێت، کاری نووسەر تەرخان بە ئێران کراوە و واهەیە هۆی کارەکەش ئەوە بێت کە کۆماری ئیسلامی لەسەر بنەمای ویلایەتی فەقیهی شیعایەتی لە سەردەمی نوێدا، تەنیا لە ئێران دامەزراوە و ئەستەمە بەو شێوەیە لە شوێنێکی دیکەی جیهان بێتە کایەوە.

نووسەر لەم بەشە و بەشەکانی دواتردا، دەوری ڕۆحانیەتی شیعە لە سەرکوتکردن و لێدانی سوننییەکانی ئێران و بەشیعەکردنیان دەردەخات و ئەوەی کە شاهانی سەفەوی بۆ بەربەرەکانیکردنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی سوننیی مەزهەب کەڵکیان لە دەمارگرژی هەندێ ئاخوندی شیعە وەرگرت و بۆ نموونە شاه ئیسماعیل لە پێتەختی خۆی ــ تەورێز، کەوتە سوننی کوشتن و ٢٠ هەزار سوننی قەتڵی عام کرد(ل٨٦) و هەروەها ئەوەی کە: «محقق کورکی» یەکەمین کەس بوو، کە جنێودان و بەلەعنەتکردنی سێ خەلیفەی یەکەمی داهێنا.(ل٩١)

نووسەر، کە ئەو بۆچوونە و زۆربەی زۆری بۆچوونەکانی دیکەی بە سەرچاوەی نووسراو و بەڵگەنامە پشتئەستوورن، لە درێژەدا کەڵک لە نووسینێکی ڕەفیق سابیر وەردەگرێت بۆ ئەوەی بڵێت: "ئەگەر بزاڤی شیعەگەری لەچاو خەلافەتی ڕەسمیی ئیسلام، بزاڤێکی ڕادیکاڵ و عەداڵەتخواز بوو، کاتێ کە لە ڕێگەی خێڵە تورکە بەدووەکانەوە فۆرمی ئایدیۆلۆژیای دەوڵەتیی وەرگرت، نەک هەر بوو بە ئایدیۆلۆژیای بزاڤێکی ڕاست و عەداڵەتخواز، بەڵکە وەک مەزهەبی سوننی بوو بە ئامرازێکی ئیمپراتۆریای ستەم و داگیرکردن و لەناوبردن."(١٠٣)

بابەتی سەرەکیی کتێبەکە، ویلایەتی فەقیهە و بەشێکی بەرچاوی کاری نووسەر تەرخانی ڕابوردوو و ئێستای ئێران لەژێر سایەی ویلایەتی فەقیهدا کردووە. وەک بناغەداری بیرۆکەی ویلایەتی فەقیهیش نووسەر ناو لە «محقق کورکی» دەبات کە لە سەردەمی سەفەویدا

**ئەگەر قسە لە ناتەواوی بکرێت، واهەیە بگوترێت نووسەر مێژووی شیعایەتی لە دەرەوەی چوارچێوەی جوگرافیایی ئێران نەگرتۆتە بەرچاو، لەکاتێکدا شیعایەتی لە شبەجزیرەی عەرەب و عیراق و لوبنان و هەندێ وڵاتی تر، ژیانێکی گەلێک بەرز و نزمی هەبووە و دەکرا ئەو لایەنەش بکرابایەتە بابەتی فەسڵێکی کتێبەکە.**

ژیاوە، ئەمجا دەڵێت مەلا ئەحمەدی نەراقی لە سەردەمی قاجاردا بابەتەکەی سەرلەنوێ هێناوە گۆڕێ و سەید محمد باقری شەفتی لە ئیسفەهان ویستی بیرۆکە نەزەرییەکەی نەراقی جێبەجێ بکات؛ شەفتی لە ١٢١٤ی کۆچی ــ ١٨٩٩ی زایینی مردووە.(لل١٣٥ و ٢٦٩) بەڵام ڕووداوە سیاسییەکانی ئێران و ناوچە، بەتایبەت شۆڕشی مەشرووتە (١٩٠٧) و ڕاپەڕینەکانی ساڵی ١٩٤٦ و ١٩٥٣ مەیدانی خۆدەرخستنی بە لایەنگرانی ویلایەتی فەقیه نەداوە و دەرکەوتنی فیدائیانی ئیسلام لە سەردەمی پەهلەویدا، ڕاپەڕینێک بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسیی ئێران نەبووە.

بەپێچەوانەوە، ئایەتوڵڵا خومەینی، هەڵگری بیر و هەوڵدەری دامەزرانی سیستەمی سیاسی لەسەر ئەو بناغەیە بوو. خومەینی بەگوێرەی نووسینی کاک هاشم، دوای شاربەدەرکران لە ئێران و گێرسانەوەی لە نەجەف، "گەڵاڵەی حکوومەتی ئیسلامی و ویلایەتی فەقیهی لێکدایەوە و لە ساڵی ١٩٦٩دا کتێبی «ویلایەتی فەقیه»ی بڵاو کردەوە."(ل٢٦٧) خومەینی، لە لاپەڕەی ٤٧ی کتێبەکەدا، ویلایەتی فەقیه بەم شێوەیەی خوارەوە دەناسێنێت: "ویلایەتی فەقیه لەسەر ئەم ئەسڵەیە: حکوومەتی ئیسلام، حکوومەتی قانوونە، کە تێیدا دەسەڵات تەنیا هی خوایە و قانوون حوکم و فەرمانی خوایە"(هەمان لاپەڕە). بۆچوونی خومەینی لەمەڕ ویلایەتی فەقیه، لە درێژەی خۆیدا واتای ڕوونتر و زەقتر پەیدا دەکات و خواستی ئاخوندی شیعە بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی شەفافتر دەردەکەوێت. خومەینی

دەنووسێت: "دوای ئیمامی زەمان حاکمییەت بە هیچ دەسەڵاتدار و پادشایەک ناگات و هەموو دەسەڵاتدارانی ئیسلام دوای ئیمامی زەمان ناشەرعین و ئەو مافە تەنیا بۆ موجتەهیدانی سەردەم ڕەوا بوە."(ل٢٦٧)

کتێبی ئایین و دەسەڵات... گەلێک بەکاکڵ و ناوەڕۆکە. زانیاریی ناو کتێبەکە بۆ من، کە پێش چاپبوون، دەقی سەرەتاییم خوێندبووەوە، بەسوود و پڕزانیاری بوو وەهەردوو جار گەلێک شتی لێ فێربووم.


ئەگەر قسە لە ناتەواوی بکرێت، واهەیە بگوترێت نووسەر مێژووی شیعایەتی لە دەرەوەی چوارچێوەی جوگرافیایی ئێران نەگرتۆتە بەرچاو، لەکاتێکدا شیعایەتی لە شبەجزیرەی عەرەب و عیراق و لوبنان و هەندێ وڵاتی تر، ژیانێکی گەلێک بەرز و نزمی هەبووە و دەکرا ئەو لایەنەش بکرابایەتە بابەتی فەسڵێکی کتێبەکە.


بەڵام ئەوە بێگومان ناتەواوییەکی بەرچاوە کە کاک هاشم باسی لە شیعایەتی لەناو کۆمەڵگای کورددا نەکردووە و ئەوە لە کاتێکدایە کە بەشێک لە هاونیشتمانییەکانی ئێمە لە تورکیا و عیراق شیعەی عەلەوی و دوازدەئیمامی، یان ئەهلی حەق (کاکەیی)ن. هیوادارم کاک هاشم بەرگی دووەمی کتێبەکەی بۆ کوردستان تەرخان بکات، جا لە پێوەندی دەسەڵاتدار بێت ــ کە زۆرێک لە موجتەهید و ڕێبەرە ئایینییەکان، بەتایبەت لە ناوچەی کرماشان وا بوون، یا نەبێت.

با پێشنیارێکیش ئاڕاستەی کاک هاشم و هەموو ئەو کەسانە بکەم کە بە کوردی یان لەسەر کوردستان خەریکی توێژینەوەن. ئێستا کە کوردێکی زۆر لە دەرەوەی وڵات دەژین و جیلی دووەمی دوای ئێمە لەم وڵاتانە پێگەیشتوون، پێویستە هەوڵ بدرێت لێکۆڵینەوە و کتێبەکان بە ئینگلیزی بنووسرین یاخود دوای نووسران تەرجەمە بکرێن. من دڵنیام هەر ئەم کتێبە بە ناوەڕۆکەی کاک هاشم ئەگەر وەربگێڕدرێتە سەر زمانی ئینگلیزی، هەم بنکەی بڵاوکەرەوەی بۆ پەیدا دەبێت و هەم خوێنەرێکی گەلێک زۆری دەبێت. کە دەڵێم ئینگلیزی لەبەرئەوەی کاک هاشم لە وڵاتێکی ئینگلیزیزمان دەژی، بەڵام پێشنیارەکە، کوردی دانیشتووی وڵاتانی تر بەگشتی هەموویان دەگرێتەوە. با نەترسین و بەرەو ئەو کارە پێویستە بڕۆین.

# دوو فەرهەنگی بەنرخ

## دوو کاری مەزن




ئەم چەند دێڕە بۆ دانەوەی قەرزێکی کۆن، بەڵام نەفەوتاوە بە نووسەرانی بەڕێزی دوو قامووسی بەنرخی کوردی کە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابوردوودا کەوتوونەتە کتێبخانەی کوردییەوە، بەڵام بە شێوەی پێویست باسیان لێوە نەکراوە و ڕێزیان لێ نەگیراوە، یاخود لای کەم ئێمە ئاوڕمان لێ نەداونەتەوە.

هەردوو فەرهەنگەکە لە باری داڕشتن و دەستنیشانکردنی «صیغە»ی وشە کوردییەکانەوە لەچاو فەرهەنگە نەریتییەکانمان هەنگاوێک بۆ پێشەوەن.

ئەم دێڕانە بۆ هەڵسەنگاندنی هیچکام لەو دوو قامووسە نەنووسراون و ئاشکرایە کاری ئەوتۆ، بینی درێژ و وردبوونەوەی زۆری پێویستە و ئەرکێکی زۆر و بە وردەڕیشاڵی دەوێت. ئامانج تەنیا ناساندنی سەرپێیی فەرهەنگەکان و ڕێزگرن لە دانەرەکانیانە، کە بەگوێرەی سەرەتای نووسراو و هەروەها ناوەڕۆکی دەوڵەمەندی کارەکان، دەردەکەوێت ڕەنجیان لەسەر کێشرابێت و بەرهەمی ماندووبوونێکی چەندین ساڵە بن.

لەگەڵ هیوای سەرکەوتن بۆ دوکتۆر شەفیق قەزاز و کاک مایکڵ شایەت، با ئاواتی ئەوەش بخوازین کە لە داهاتوویەکی نزیکدا قامووسی ئینگلیزی ـ کوردییەکی بە ناوەڕۆکیش بڵاو بکەنەوە، کە ئەمیان جێگەی پێداویستییەکی گەلێک زیاتری کۆمەڵگای کورد، بەتایبەت خوێندکار و وەرگێڕ و توێژینەرانە و لە بواری ژیانی ڕۆژانەدا خاوەنی گرنگایەتیی زیاترە.

هەروەها پێشکەوتنی ئامرازەکانی پێوەندی جیهانی ئەو دەرەتانەی خوڵقاندووە کە ئەو کوردانەی وا لە وڵاتانی جیاوازدا خەریکی کاری نوێ لەسەر وشە و فەرهەنگن، لێک نزیک ببنەوە و ئەرک و کار و تین و تەوژمیان یەک بخەن بۆ ئەوەی سەرەتا قامووسێکی گەورەی کوردی بۆ هەر سێ دیالێکتە سەرەکییەکانی زمانی کوردی پێک بهێنن، ئەمجا لەسەر بنەمای ئەو قامووسە، فەرهەنگی هاوبەشی زمانی کوردی و زمانە بێگانەکان دابنرێت. بە هیوای ئەو ڕۆژە ڕووناکە.


1. Michael L. Chyet, Kurdish-English Dictionary, Farhanga Kurmancî-Inglîzî, with selected etymologies.by Martin Shwartz, Yale University Press, New Haken and London, 2003, 847 pp. (Kurdish-English Dictionary, pp. 1-700, English-Kurdish Vocabulary pp.847-903).

2. Shafiq Qazzaz, The Sharezoor- Kurdish-English Dictionary, Aras Press and Publishers, Erbil, Kurdistan, 2000, 601pp.

فەرهەنگی شارەزوور کوردی ـ ئینگلیزی، دانەر: شەفیق قەزاز، دەستگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، کوردستان، ساڵی ٢٠٠٠، ٦٠١ لاپەڕە.


# ڕانانی کتێب

## ئامادەکردنی: مەڵبەند





### هەرێم

ژمارە ٣٣٨ی گۆڤاری هەرێم گەیشتە ئەرشیڤی مەڵبەند.
هەرێم، گۆڤارێکی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی گشتییە، لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیریی کوردستان ـ ئیدارەی هەولێرەوە ـ دەردەچێت.
خاوەنی ئیمتیازی ئەم گۆڤارە، وەکو هەموو گۆڤارەکانی تری وەزارەتەکە، بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیرییە و بە سەرپەرشتی بەڕێزان فوئاد سدیق، محەمەد وەسمان و بێستون نورییە.
لەم ژمارەیەدا ١٠ بابەتی هەمەجۆری سوودبەخش بڵاو کراوەتەوە، وەکو:
ـ توندوتیژی دژی پیاو، ئامادەکردنی محەمەدسەعید کوردە.
ـ ئاوارە گەڕاوەکانی کەرکووک بێ ئومێدن، ڕیپۆرتاژێکە گزنگ ئامادەی کردووە.
ـ هەنگاوە بەپەلەکانی دوای هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، قادری ئەلیاسی.
ـ غازی حەسەن لە ئەمریکاوە وتاری: "عیراق و پێشکەوتنەکانی نێو تۆقان و تیرۆر".
ـ کاوە شێروانی لە ئینگلیزییەوە بابەتێکی بڵاو کردۆتەوە بە ناونیشانی: "مرۆڤ لە بەرامبەر جوانیدا".
ـ کەریم کاکە، وتاری: "چی بکەم تا نەبمە تیرۆریست؟"
ـ گفتوگۆ لەگەڵ هاوڕێ کەریم ئەحمەد ماندوونەناسی ٦٠ ساڵ خەباتی چینایەتی و نەتەوایەتیی کورد، یەکەم سکرتێری حیزبی شیوعی کوردستان.
ـ هەروەها هەندێ بابەتی کۆمەڵایەتی سەبارەت بە ئافرەت، ئامۆژگاریی تەندروستی، خۆراک و سروشتی و بابەتی تەندروستی.
هەرێم، یەکێکە لە گۆڤارە بەردەوامەکانی ڕۆژنامەگەریی ئەمڕۆی باشووری کوردستان، هەر لە سەرەتاشەوە دەنگ و دەنگدانەوەی حکوومەتی هەرێمی فیدڕالی کوردستان بووە.
گۆڤاری هەرێم، ژمارە ٣٣٨، ئابی ٢٠٠٥، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.
بۆ خوێندنەوەی وتارەکانی ژمارەکانی ئەم گۆڤارە دەتوانن تەماشای: www.w-roshnbiri.org بکەن.




### هونەری نوێ

گۆڤارێکی هونەرییە، وەزارەتی ڕۆشنبیریی کوردستان، ئیدارەی هەولێر، دەریدەکات.
لەم ژمارەیەدا جگە لە وتاری سەرنووسەر فەرزین کەریم و کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیی بەڕێز سامی شۆڕش؛ وەزیری ڕۆشنبیری، کۆمەڵێ وتار و لێکۆڵینەوە و زانیاریی زۆر بەنرخ بڵاو کراونەتەوە سەبارەت بە سینەما، شانۆ، مۆسیقا و شێوەکاری. وتارە هەرەگرنگەکانیان ئەمانەی خوارەوەن:
ـ ئەو فیلمەی قەدەغەیە، شاهۆ تەیب.
ـ وێناکردنی مێژووی ڕابردوو، ئەرکی سەرشانی سینەماکارانە، نووسینی ئیبراهیم سەعیدی.
ـ ڕۆڵی کەرتی تایبەت لە بزاڤی سینەمادا، وەرگێڕانی نیاز عەبدوڵڵا.
لە بابەتەکانی سینەمادا:
ـ حەیدەر عەبدولڕەحمان: وتارێکی ڕەخنەیی نووسیوە بە ناونیشانی: "چۆن بتوانین شانۆی کورد لەو تەنگژەیەی ئەمڕۆی خۆیدا ڕزگار بکەین؟"
لە تەوەری مۆسیقا و گۆرانیدا:
ـ دیدارێک لەگەڵ مامۆستا سەلاح ڕەئووف، ئامادەکردنی زانیار سەردار.
ـ وتارێک سەبارەت بە هونەرمەندی نەمر ڕەسوڵ بێزار گەردی، نووسینی هەندرێن ئەسعەد.
لە تەوەری شێوەکاریدا:
ـ قاسم یاسین، وتارێکی شێوەکاری بە ناونیشانی: "کولتوور و هونەری شێوەکاری وەک دوو میتۆدی دیار لە مێژوودا".
ـ نامەکانی ڤان کۆخ کە لە فارسییەوە ئازاد ئەرگۆش تەرجەمەی کردوون.
هونەری نوێ، ژمارە ٥، تەمموزی ٢٠٠٥، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.




### کاروان

کە گۆڤارێکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە و وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکوومەتی کوردستان ـ ئیدارەی هەولێر ـ دەریدەکات، ژمارەی ١٩٦ی کەوتە بازاڕەوە و نوسخەیەکی گەیشتە ئەرشیڤی کتێبخانەی «کوردستان»ی مەڵبەند.
لەم ژمارەیەدا کۆمەڵێ بابەتی هەمەڕەنگی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و هونەری لەم تەوەرانەدا بڵاو کراونەتەوە:
ـ لە تەوەری وتاردا، بەهزاد حەوێزی لەسەر فیدڕالیزم و عەلی بوداغی لەسەر ئەدەبیاتی

منداڵان لە کوردستان و هاوژین عومەر سەبارەت بە یادی سەدساڵەی شۆڵۆخۆڤ، یان نووسیوە و...هتد.

ـ لە تەوەری هزردا: ئازاد وەڵەدبەگی، بابەتێکی سەبارەت بە میشێل فۆکۆ دەربارەی دەسەڵات، لە فارسییەوە تەرجەمە کردووە و...هتد.

ـ لەتەوەری شیعردا، سێ شیعری نامیق هەورامی و سمکۆ محەمەد و فەرمان هەیواز و هەروەها دوو شیعری تەرجەمەکراو بڵاو کراونەتەوە.

ـ لە تەوەری چیرۆکدا، دوو چیرۆکی وەرگێڕدراوی جاک لەندەن و عەزیز نەسینی تێدایە.


ـ لە تەوەری گفتوگۆدا، فەریدون سامان، عەبدولموتەلیب و نەریمان عەبدوڵڵا و کەریم هەرتەلی و ڕەسوڵ سوڵتانی، حسام بەرزنجی، هەندرێن، عەبدولڕەزاق بیمار، مامۆستا مەلا سەلام و شاپور جەورکیش، یان بە سەر کردۆتەوە.

ـ لە تەوەری مێژوودا، دوو وتار بڵاو کراونەتەوە. وتاری "سەرهەڵدانی بیری کوردناسی لە فەرەنسا"ی د. فەرهاد پیرباڵ و "مێژووا شۆڕەشێن کورد"ی وەرگێڕانی محەمەدسەدیق ئاکرەیی.

هەروەها کۆمەڵێ وتاری تر لە تەوەرەکانی هونەر، خوێندنەوەی کتێب، دەروونناسی، ئابووری، ڕۆژنامەوانی و...هتد.

شایانی باسە سەرنووسەری ئەم گۆڤارە کە ئەمەیان ژمارە ١٩٦ـە، بەڕێز کاروان عەبدوڵڵایە و بەڕێوەبەری نووسینیش: سەلاح عومەرە.

کاروان، ژمارە ١٩٦، ساڵی ٢٠٠٥، چاپخانەی منارە، هەولێر.



## ئاسۆی فۆلکلۆر

گۆڤارێکی وەرزی فۆلکلۆرە، لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری ـ ئیدارەی هەولێرەوە ـ دەردەچێت.

ئەم گۆڤارە کۆمەڵێ پسپۆری فۆلکلۆر، وەک بەڕێزان پیرداود مەخموری، جەعفەر بەرزنجی و عوسمان پیرداود، ئەرکی دەرکردنیان لە ئەستۆ گرتووە.

ژمارە یانزدەی ئەم گۆڤارە، هەڵگری کۆمەڵێ بابەتی فۆلکلۆری وەک: لێکۆڵینەوەی فۆلکلۆری، داب و نەریت، ژیانی کوردەواری، یادەوەریی کوردەواری، یادی جارانی کوردەواری، مەتەڵ، شیعری فۆلکلۆری، سترانی فۆلکلۆری، بەیت و ئەفسانە و هەقایەت...

لەو نووسەرە ناودارانەی بواری فۆلکلۆر، کە لەم ژمارەیەدا بەشداریان هەیە، بەڕێزان: مامۆستا خالید جووتیار، نەجات حەمید، عەبدولواحید دیبەگەیی، جەلال خدر، جەلال سنجاوی و...هتد.

ـ مامۆستا خالید جووتیار، سەبارەت بە دێو و کێشەکانی ژیان لێکۆڵینەوەی خۆی پێشکەش کردووە.

ـ محەمەدسەعید کوردە، سەبارەت قەیسەریی هەولێر نووسینێکی بەپێزی ئامادە کردووە.

لە یادەوەرییەکاندا، یادێک لە فەقێ سمایلی حەیرانبێژ، ئایشەشان و... بڵاو کراونەتەوە.

لە بەیتەکاندا، بەینی هێرشی لەشکرێ ڕەش، بەینی میر بەدرخان و بەیتی سینەم خانێ، گۆڤارەکەیان ڕازاندۆتەوە:


لە بەشی هەقایەت و ئەفسانەدا: چل کەزی، تیرهاوێژ، ئەفسانەی گیانداران، بەهمەن و گوڵناز، زەمبیل فرۆش، مەندێ کورچ و مەلای خۆنەشۆری، کۆمەڵێ نووسەری هۆگری فۆلکلۆری دەشتی هەولێر بەشدارییان کردووە.

جێی خۆیەتی لێرەدا حەیرانی ڕزگارکردنی کاکل ئاغای گەردی کە لە حەیرانە بەناوبانگەکانی فەقێ سمایلە، پێشکەش بە خوێنەرانمان بکەین:

دەرێم ئەورۆکە بەوێ سبیانێ
زەینێ خۆتان بدەنە بەستۆرە
دەرێم بەستۆرەی گۆرانان گەڵە شیرنە
بابە لەبەر بیانێ
ئەوا ئەسمەر گاز دەکا دەرێ دایە
ئەتوو زەینی خۆ بدە بەحرکەی جاران
دەرێن شین دەگەڕێ لەبەر دوکەرێ پیرە کارخانێ
ئەوجا دەرێ خوام بکا بە خورامی کوڕە کوردێ گەردیان
وەکی دەستی خۆیان دەداوە دارەکەی جامبێزارێ
دەیان گرت قەراتەکەی پیرە هەولێرێ
وەکی دەیان کوشت «ڕەشیدی باش چاوەش»
دەریان دەینا «کاک»ی بابێ «جەمیلی»
لەگەڵ کۆمەرەکی قاتیلان
بە زەبری خەنجەرێ... لە بەندیخانێ..."

شایانی باسە نووسەرانی هەولێر و دەشتی هەولێر لەمێژە، گرنگییەکی لە ڕادەبەدەریان بە فۆلکلۆر و لێکۆڵینەوەی فۆلکلۆری داوە و تا ڕادەیەکی زۆریش سەرکەوتنیان بە دەست هێناوە.

گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆر، ژمارە ١١، ساڵی ٢٠٠٥، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.



## کۆمپیوتەر

گۆڤارێکی مانگانەی تایبەتە بە بواری کۆمپیوتەر و زانیارییەکانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت، لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیریی کوردستان، ئیدارەی هەولێرەوە، دەردەکرێت.

گۆڤارەکە لەلایەن ئاراز مەولود ڕەشید و فاخر مەحمود میرزا و یاسین عاصم و دەستەیەکی نووسەرانەوە ئامادە دەکرێت.

لەم ژمارەیەدا، کە ژمارە ٤ـە، کۆمەڵێ بابەتی بەسوودی ئەو بوارە بڵاو کراوەتەوە، کە بابەتە هەرەگرنگەکانیان ئەمانەن:

ـ بەرنامەی PC ANYWERE بۆ پێکبەستن بە کۆمپیوتەرێکی تر لە ڕێگەی هێڵی تەلەفۆنەوە، ئامادەکردنی ئەژی عەزیز.

ـ چەند جێبەجێکارییەکی ژمێریاری لە مایکرۆسۆفت ئەکسلدا، ئامادەکردنی دڵبەند ئیبراهیم.

ـ چۆنیەتی زیادکردنی دەنگدانەوە لە بەرنامەی COOL EDIT PCO، ئامادەکردنی سلێمان.


ـ چۆنیەتی دانانی جوانکاری لەنێوان پەڕەکانی AUTORUM لە کاتی پەڕەهەڵدانەوەدا، ئامادەکردنی باوکی ئالا.

ـ ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی و تایبەتمەندییەکانی، وەرگێڕانی: ڕێناز حەوێزی.

ـ دروستکردنی فایلی زیپ بەبێ هەبوونی بەرنامەی زیپ. ئامادەکردنی زامدار قادر.


ـ کۆمەڵێ وتاری ئامادەکراوی تر.

کۆمپیوتەر، ژمارە ٤، ئەیلوولی ٢٠٠٥، چاپخانەی پەروەردە، هەولێر.




## هزرین


ژمارەی ٢ی هزرین کە گۆڤارێکی هزریی وەرزییە و لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیریی کوردستان، ئیدارەی هەولێرەوە، دەردەکرێت، گەیشتە ئەرشیفی مەڵبەند.
ئەم گۆڤارە کە بە سەرپەرشتیی عومەر سەیدزادە و میکائیل ئیبراهیم و زنار تەها دەردەچێت، یەکێکە لە گۆڤارە فیکرییەکانی کوردستانی ئەمڕۆ.
لەم ژمارەیەدا، لەم تەوەرانەی خوارەوەدا، کۆمەڵێ وتاری بەکەڵک و بەنرخ بڵاو کراونەتەوە:
ــ تەوەری دیموکراسیەت.
ــ تەوەری توێژینەوە.
ــ تەوەری وەرگێران.
ــ وتار و گۆشەنیگا.
لە تەوەری دیموکراسیەتدا، کۆمەڵێ لێکۆڵینەوەی تێدایە کە هەرەگرنگەکانیان ئەمانەن:
ــ قەیرانی خوێن و سیاسەت، نووسینی سامی شۆڕش.
ــ دیموکراسیەت و کێشەکانی و گرفتەکانی، د. شێرزاد نەجار.
ــ وەزیفەی یاسا لە سیستەمی دیموکراسی لیبریالدا، د. نەجدەت ئاکرەیی.
لە توێژینەوەکاندا:
ــ د. ئازاد نەقشبەندی، توێژینەوەی "سیما سەرەکییەکانی ڕووبارەکانی هەرێمی کوردستان و ئاسۆی بەکارهێنانیان"ی پێشکەش کردووە، کە بابەتێکی گرنگی ئاییندەی ئابووریی کوردستانە.
ــ د. هیمداد حوسێن، بابەتی کوردناسی لە دیدی گەڕۆکە ئینگلیزەکانەوەی ئامادە کردووە.
ــ ئەحمەد حەمەئەمین، توێژینەوەیەکی سەبارەت بە کۆماری کوردستان لەنێوان دوو جەمسەرەکەی جەنگی سارددا، پێشکەش کردووە.
ــ ئاشتی ساڵح، سەبارەت بە "بیری سیاسی ئافرەت لە ڕۆژنامەی ژناندا"ی نووسیوە.
لەگەڵ کۆمەڵێ وتاری تر سەبارەت بە:
ــ فیرقەی خەواریج و کورد.
ــ کورد و دەستووری هەمیشەیی.
ــ سانسۆر چەپەڵترین میرات و...هتد.
ئەوەی جێگەی نیگەرانییە ئەوەیە گۆڤارێک کە جێی هزرین و تێفکرین بێت، چۆن دەبێت بە تیراژی ٥٠٠ دانە بێت، لەکاتێکدا ئەم قۆناغەی ژیانی کوردەواریمان لە باشووری کوردستان پێویست بە فراوانبوونەوەی هزر و تێفکرین دەکات.
گۆڤاری هزرین، ژمارە ٢، هاوینی ٢٠٠٥، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.




## سروە

گۆڤارێکی فەرهەنگی، ئەدەبی و کۆمەڵایەتییە، لەلایەن ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی بڵاو دەکرێتەوە. سەرنووسەری ئەم گۆڤارە بەنرخە، بەڕێز مامۆستا ئەحمەدی قازییە.
ژمارە ٢٢٩ی ئەم گۆڤارەی کوردستانی ڕۆژهەڵات، گەیشتە کتێبخانەی «کوردستان»ی مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کوردی، لەندەن.
لەم ژمارەیەدا چەندین وتاری ئەدەبی و لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بڵاو کراوەتەوە، کە بابەتە هەرەگرنگەکانیان ئەمانەی خوارەوەن:
ــ شیعر و فەلسەفە، نووسینی دارا مەحمود.
ــ چیرۆکی عەتری تیرۆژ و بیانوویەکی ناسۆری عەلی غولامعەلی.
ــ ڕێچکەی عەشق و بزاڤی بوون لە هەرێمی سیاچەمانەدا، نووسینی ڕەوف مەحمودپور.
هەروەها کۆمەڵێک وتار و شیعر و چیرۆکی تەرجەمەکراو لە زمانەکانی ترەوە ئەم ژمارەیەی ڕازاندۆتەوە، وەکو:
ــ شاعیران و هزرڤانان، ی. جان گلێن و تەرجەمەی عبدالخالق یەعقووبی.
ــ سێیەمین بەیاننامەی شانۆی وێنەی کیمیای نمایش، نووسینی: د. سەلاح القصب و تەرجەمەی دڵشاد مستەفا.
ــ چیرۆکی: من شارۆچکەیەکم کڕی، نووسینی: دۆناڵد بارتلمی و وەرگێڕانی کەژاڵ صاڵحی و...هتد

سروە، ژمارە ٢٢٩، گەلاوێژ ١٣٨٤، اورمیە، ایران.





## ئەندازیاری خانووبەرەی لادێکانی کوردستان

نووسینێکی نوێی پسپۆری ئەندازیاریی تەلارسازیی کورد مامۆستا «جەبار باخەوان»ە. جەبار باخەوان یەکێکە لە شاگردانی مامۆستا «عبدالرقیب یوسف»ی شەیدای کولتووری خانوبەرەی کوردی.
مامۆستا باخەوان، بە شێوەیەکی زانستییانە ماوەیەکی زۆرە خەریکی بیرۆکەی ئەندازیاریی لادێکانی کوردستان و بنیاتنانی خانووی کوردەوارییە بە کەرەسەی خۆماڵی و بە هەرزانترین نرخ و بەها.
باخەوان بە هۆی ئەوەی ساڵانێکی زۆرە لە ئیتالیادا ژیاوە و خوێندنی تەلارسازی تێیدا تەواو کردووە، ڕۆڵێکی سیاسیی گرنگی هەبووە لە هێنانەئارای بیرۆکەی بە دووانەکردنی شار و شارۆچکەکانی کوردستان و ئیتالیا ــ هەر بۆ نموونە ئەو یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی یەکەم بە دووانەکردنی شارۆچکەیەکی کوردستان و شارێکی بیانیی ئەورووپایی. مەبەست بە دووانەکردنی دوو شاری ئیڤرەیا و قەڵادزێیە.
مامۆستا باخەوان، لێکۆڵینەوەی ئەم کتێبەی جگە لە سەرەتایەکی پێویست و پێشەکی، کتێبەکەی بە چوار بەشی جۆراوجۆر پێشکەش کردووە.


له بەشی یەکەمدا، وەکو دیراسەکردنی بارودۆخی خـــۆیی هەر بابەتێک، کورتەمێژوویەکی کوردستانی پێشکەش کردووە و ئەوجا لایەنە جوگرافیاییەکانی ناوچەکەی شیتەڵ کردۆتەوە.
له بەشی دووەمدا، هاتۆتە سەر باسی کۆمەڵگە و ژینگە سەرەتاییەکانی ناوچەکە ـ مەبەست ژیانی ئەشکەوتە. بەتایبەتی ئەشکەوتەکانی شانەدەر، هەزارمێرد، زەرزێ و نیشتەجێیەکانی زاری چەمی و چەرمۆ و... هتد.
له بەشی سێیەمدا، تەوەری لێکۆڵینەوەکەی لەسەر بابەتی گوند لە کوردستاندا، دابەستووە.
بە شێوەیەکی گشتی باسی کاریگەریی کەشوهەوا، کاریگەریی مرۆڤ، کاریگەریی کۆمەڵایەتی و ئایینی و... لەسەر شێوازی گوند له کوردستاندا کردووە. هەروەها شێوازی هەریەک له گوند و شوێنی شاخاوی، نیمچەشاخاوی و پێدەشتەکان یەکالا کردووە. جیاوازییەکانی نێوان خانووی جووتیاری لادێی و خانووی ئەرستۆکراتی گوندەکانی ڕوون کردووەتەوە.
له بەشی چوارەمدا: بە گشتی چەختی لەسەر بیرۆکەی نوێی نۆژەنکردنەوەی لادێکانی کوردستان کردووە، بە ڕەچاوکردنی بارودۆخی ئەمڕۆی ناوچەکە و کوردستان.
مامۆستا باخەوان، لەم کتێبەدا پشتی بەستووە بە کۆمەڵێ سەرچاوەی کوردی، عەرەبی، ئیتالیایی، فەرەنسایی و ئینگلیزی، کە بە گشتی ژمارەیان لە سەرووی سەد سەرچاوەیە. ئەم کارەی مامۆستا باخەوان، کەلێنێکی باش له کتێبخانەی کوردی پڕ دەکاتەوە.
عبدالجبار مستەفا باخەوان، ئەندازیاریی خانووبەرەی دێکانی کوردستان، چاپخانەی ئەوین، ١٠٥ لاپەڕە، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٥

## دوورگەی ئارام و چوار شانۆنامە

ئەم کتێبە هونەرییە لە پێنج شانۆنامەی هونەرمەندی هێژا کاکە محەمەد عەزیزی ئەکتەر و دەرهێنەر پێک هاتووە: دوورگەی ئارام، ٢٠٠١، فرمێسکی بیابان ٢٠٠٠، گەشتێک بۆ بەهەشت، ٢٠٠٣، سەمای مەرگ ١٩٩٨ و خەونە دۆزەخییەکان، ١٩٩٦
ـ شانۆنامەی دوورگەی ئارام، ٢٠٠١، لە نووسین و دەرهێنانی حەمەعەزیز خۆیەتی. شایانی باسە ئەم شانۆنامەیە چ لە پیرمەنگهام و چ له لەندەن، مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد، لەلایەن حەمەعەزیز و برادەرانی هونەرمەندی پێشکەش کراون.
ـ فرمێسکی بیابان، ٢٠٠٢، له نووسینی حەمەعەزیز.
ـ گەشتێک بۆ بەهەشت، نووسینی حەمەعەزیز
ـ سەمای مەرگ، ١٩٩٨، لە نووسینی بەڕێز مەجید و ئامادەکردنی حەمەعەزیز.
ـ خەونە دۆزەخییەکان، ١٩٩٦، لە نووسینی عبدالفتاح ڕواسی، وەرگێڕانی دڵشاد




ئەحمەد قادر و ئامادەکردنی حەمەعەزیز لەو کۆمەڵە شانۆنامەیدا، بەتایبەتی ئەوانەی حەمەعەزیز خۆی نووسیونی، هەمیشە هەست و دەروونی قـووڵی مـرۆڤی تاک تێکەڵاوە بە خەمە کۆمەڵایەتی و تەوەر و چوخز و باسێکی گەورەتر کە لە هەندێک جاردا میللەتە، یان کۆمەڵگەی شارێکە، یاخود کۆمەڵێ خەڵکی ئاوارە و پەنابەری تاک و تەنیای دواڕۆژ نادیارە.
نامۆیی بە کۆمەڵگەی نوێ، گەڕان بە دوای ڕووبەرێکی ئارامی بێدەنگ، بەهەشتێکی دوورەدەست، بەڵام ئێستگەی مەبەست، سەرجەمی خولیا و ئەندێشەکانی دێڕ بە دێڕی شانۆنامەکانی نووسەرە.
لەلای نووسەری ئەم شانۆنامانەی ـ مەبەستم نووسینەکانی حەمە عەزیزە ـ، هەڵفڕین و ڕۆح ئازادکردن، ڕەهابوون لەم زەوییە پڕ دڕکە، تەنیا ڕێگەی ڕزگاربوونە!
خزمەتکار: ناتوانم ڕۆحم ئازاد بێ و دەرەوەش پیسی، دەرەوە شەڕ و براکوژی و خوێن و خیانەت، ئەمانە هیچ شتێ نابەخشێ ناتوانم ڕۆحم ئازاد بکەم.
نازدار: من ئەمەوێ ڕۆحم ئازاد بکەم، هەموو ئازادییەکان لە ڕۆحدا ئەبینم.
خزمەتکار: ناتوانم سەما بکەم، ئەم زەوییە هەمووی دڕکە... قاچەکانم هێزی بەرگرییان نییە، ئەم ماڵەش بۆ من بۆتە زیندان.
نازدار: گەر ئەتەوێ ئازاد بی... ڕۆحت ئازاد بکە.
(دیمەنی سیانزە، فرمێسکی بیابان)
شایانی باسە کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد، مەڵبەندی گشتی، سلێمانی، ئەرکی چاپکردنیان گرتۆتە ئەستۆ، بەڵام بەداخەوە وەکو زۆربەی کتێبە کوردییەکانی تر، جگە لە هەڵەی دیزاین، بڕێک هەڵەی زمانەوانی و هەڵەی تەرجەمەی تێدایە.
محەمەد عەزیز، دوورگەی ئارام و چوار شانۆنامە، سلێمانی ٢٠٠٤، ١٧٦ لاپەڕە.




## شێرپەنجەی مەمك

شێرپەنجەی مەمک: ئەو کتێبەیە کە بەڕێز دڵخواز حاجی ڕەشید وەریگێڕاوە و ئامادەی کردووە.
شێرپەنجەی مەمک، ئەو نەخۆشییە کە لە سەرتاسەری دونیادا تووشی ئافرەتان دەبێت و بووەتە مایەی نیگەرانی و خەم و پەژارەی کۆمەڵێ خوشک و دایک و ناسیاوی ئێمەش.
بۆیە خاتوو دڵخواز بە گرنگی زانیوە تا بکرێت لەم بەرهەمەیدا زانیاری و ڕێنمایی بەجێ، پێشکەش بە هەموو ژنانی کورد بکات.
خاتوو دڵخواز، لەم هیلاکییە زانستییەیدا، بەرهەمەکەی بەسەر ئەم باسانەی خوارەوە دابەش کردووە:
ـ نەخۆشیی شێرپەنجەی (سەرەتان) چییە؟
ـ نەخۆشیی شێرپەنجەی مەمک چییە؟
ـ چی ئەبێتە هۆی نەخۆشیی شێرپەنجەی مەمک؟
ـ نیشانەکانی نەخۆشیی شێرپەنجەی مەمک چین؟
ـ چۆن نەخۆشیی شێرەپەنجەی مەمک دەستنیشان دەکرێت؟
ـ جۆرەکانی چارەسەرکردنی نەخۆشیی شێرپەنجەی مەمک؟
ـ بەدواچوونی نەخۆشیی شێرپەنجەی مەمک پاش تەواوبوونی جۆرەکانی چارەسەرکردنی.
ـ پشتگیری و خزمەتگوزاری بۆ نەخۆشیی شێرپەنجە.
شایانی باسە کە ئەم بەرهەمە بە کۆمەک و هاوکاریی دەستگاکانی (MEDICAL MILLENNIUM) و (FOUNDATION AWAR)، پشتیوانی .K.D.O و بە تایپ و هێڵکاریی بەڕێز سەرکەوت مەحمود هاتۆتە بەرهەم.
شێرپەنجەی مەمک: دڵخواز حاجی ڕەشید، لەندەن، ٢٠٠٤، ٢٠ لاپەڕە.

# ئازادیی ڕۆژنامەگەری، یاخود ڕۆژنامەی سەربەخۆ
# لە چوارچێوەی کۆڕێکی کاك "ئاسۆس هەردی"ی ڕۆژنامەنووسدا

## ئامادەکردنی: هەڵەت هەمەوەندی



ڤینۆس فایەق و بەشدارانی کۆڕەکە



ئاسۆس هەردی و سەربەست کەرکووکی

ڕۆژنامەگەری وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی باو و بەرچاو لە نێوەندی زۆربەی زۆری کۆمەڵگاکاندا ڕۆڵی سەرەکی و کاریگەری هەیە و بگرە هەر لەم میانەیەشەوە نازناوی دەسەڵاتی چوارەمی هەیە، کە لە دوای دەسەڵاتەکانی یاسادانان، جێبەجێکردن و قەزائیەوە دێت و لەگەڵ کێشمەکێشەکانی دوای بەرپابوونی شۆڕشی پیشەسازیی فرەنسا و ڕێنێسانس و لە دوای داهێنانە تەکنۆلۆژیاییە دیار و بەرچاوەکانی سەدەکانی ڕابردوودا شێوازێکی تری لە خۆ گرت.

دوای زاڵبوونی وڵاتە هاوپەیمانەکان بەسەر هێزە نازییەکاندا و لە دوای ساڵەکانی ١٩٤٥ و لە سەرەتاکانی ١٩٤٦دا دۆزینەوە و کارپێکردنی کۆمپیوتەر و دواتر گەشەپێکردنی و بەکارهێنانی لە بوارەکانی ماسمیدیادا و بەتایبەتی لە بواری ڕۆژنامەگەریدا تەکانێکی گەورە بوو بە برەودانی کاری ڕۆژنامەگەریتی، کە هەروەکو سەرکەوتنە تەکنۆلۆژیاییەکان ئەوەیان سەلماند کە زانیاری و پێگەیاندنی هەواڵ دەکرێت لە ماوەیەکی کورت و لە جوگرافیایەکی فراواندا بە دەست بکەوێت و لەوپەڕی دنیاشەوە مرۆڤ دەتوانێت بە دوای ڕووداو و گۆڕانکارییەکانی وڵاتان و جیهاندا بڕوات و بە ئاگا بێت لە ڕەوتی زانستی و داهێنانەکانی سەردەم.

جا بۆیە لە هەموو ئەمانە گرنگتر سەرهەڵدانی دیاردەی بەجیهانیبوونە کە ئەم دیاردەیە ڕێگەخۆشکەر بوو بۆ سەربەستکردنی ڕۆژنامە بیانی و ئەوروپاییەکان کە سەرەڕای بوونی دیموکراتی و ئازادی لە ڕادەربڕینیاندا، دەرفەتێکی باشترین بۆ هاتە کایەوە، ئەویش بە ئاسانی گەیاندنی پەیامەکانیان بوو بۆ وڵاتانی جیهانی سێیەم لە ڕێگەی وێبسایتەکان و تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە.

ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ دەرگایەکی واڵا بوو بە ڕووی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا کرایەوە، کە دروستبوونی تێگەی فرەحیزبی و هەمەچەشنیی ڕێکخراوەیی کارێکی وای کرد گەلی کوردیش لە بگرە و بێنەی بەدواداچوونی هەواڵ و گۆڕانکارییەکاندا لە برەودا بێت، هەربۆیە تێگەی ئازادیی ڕادەربڕین و سەربەخۆیی لە کاری ڕۆژنامەوانیدا تا ڕادەیەک سەری هەڵدا، کە دروستبوونی یەکەم ڕۆژنامەی ئەهلیی ئازاد، یاخود نیمچەئازاد و سەربەخۆ بە ناوی (هاوڵاتی) لەسەر دەستی چەند ڕۆژنامەنووسێکی شاری سلێمانی نموونەیەک بوون.

ئەمڕۆش ٢٠٠٥/٧/٣٠، ڕێکەوتی ڕۆژی شەممە، کاک ئاسۆس هەردی کە سەرنووسەری هەفتەنامەی (هاوڵاتی)یە لە دوای پێنج ساڵ بەسەر دروستبوونی ڕۆژنامەکەیدا لە هۆڵی کوردستان، مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد لە لەندەن، کۆڕێک سەبارەت بە ئازادیی ڕۆژنامەگەریی کوردی دەگێڕێت.

ئەم کۆڕەش کە لەلایەن کاک «سەربەست کەرکووکی»یەوە بەڕێوەچوو و بەشداریی ژمارەیەکی دیار و بەرچاوی نووسەران و ڕووناکبیرانی لە خۆ دەگرت، کە سەرەتا ئاسۆس باسی لەچەند بەربەست و ئاڵۆزییەکی بواری ڕۆژنامەگەریتیی کوردی کرد کە پێی وابوو ئەو بەربەست و گرژییانە ڕێگەگرن لە بەردەم ئازادبوونی ڕۆژنامەگەریتیی کوردیدا. کە زاڵبوونی ڕۆژنامەگەریی حیزبیی ئاراستەکراو و بوونی فیلتەرێکی بەهێز لە بەرانبەر هەواڵەکاندا و خۆشەویستیی بۆ ئینتمابوون بۆ حیزب و گیروگرفتی بواری ئابووری، دیارترین هۆکارن لە بەرانبەر سەربەخۆبوون و ئازادیی ڕۆژنامەگەریتیدا.

کە سەرباری ئەمەیش نەبوونی ڕۆژنامەی ئازاد پێوەندییەکی زۆری بە خودی ڕۆژنامەنووسییەوە هەیە کە نەبوونی کادیری




**بەشێك لە ئامادەبووانی کۆڕەکە**

ئەکادیمیایی و دیسانەوە کەمدەرامەتی و دەستکورتیی ڕۆژنامەنووسان دوو هۆکاری تری گرنگی ئەو بابەتەن.
دوابەدوای ئەمەش بەڕێز سەرنووسەری هاوڵاتی باسی چەند کێشە و گیروگرفتێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و یاسایی کرد، وەکو ڕێگەگرێک لە بەردەم ئازادیی ڕۆژنامەگەرییدا، لەوانەش پەسەندنەکردنی هزری سیاسی و دەسەڵاتی سیاسی بە بوونی هێزێک لە دەرەوەی خۆی کە گوێی لێ بگرێت، کە ئەم دەسەڵاتە کاریگەرییەکی توند و بەهێزی لەسەر کۆمەڵگا دروست کردووە، بە جۆرێک ڕەنگدانەوەشی لەسەر بابەتە کولتوورییەکانیش هەیە. هەر بۆ نموونە زۆر بابەتی هەنوکەیی وەکو ئافرەت، جنس، پەیوەندیی عەشایەری و...تاد هەیە شایانی گفتوگۆ و بڵاوکردنەوە نییە. دواتر بەڕێزیان باسی کێشەی یاسایی کرد وەکو مەسەلەیەکی گەورە و کاریگەر کە نەبوونی یاسایی چاپخانەی بە گرفتێک لە قەڵەم دا و پێی وابوو کە یاسای چاپەمەنی نییە، بەڵکو بەشێک لە یاسای سزادان هەیە ناوی یاسای چاپەمەنییە و دەسەڵات و توانایەکی زۆر بە دادوەر و دەسەڵاتداران دەدات، کە بۆیان هەیە لەسەر سادەترین بابەت کە ڕۆژنامەنووس نوسیویەتی بڕیاری گرتنی بدەن، کە دوای ئەوەش ڕۆژنامەنووسەکە بێ تاوان دەردەچێت لە دادگا، یاسایەک نییە قەرەبووی بۆ بکاتەوە. ئەمانەش هەموویان دەگەڕێنەوە بۆ ئەوەی کە هێشتا بە یاسا کۆنەکەی زەمانی بەعس کار دەکرێت.
دوابەدوای ئەمە دەرگای گفتوگۆ لەگەڵ ئامادەبوواندا کرایەوە و سەرەتا ئاسۆس هەردی لە وەڵامی پرسیارێکی «سەباحی



**د. جەبار قادر**



**شوان محەمەد**



**د. کەمال میراودەلی**



**بەشێك لە ئامادەبووانی کۆڕەکە**

**وێنەکان: ئەکی بابەمیری**

غالب»دا کە بریتی بوو لە دابەشکردنی ڕێبازی ڕۆژنامەنووسی، ژمارەی ڕۆژنامەی ئازاد و کاریگەری ڕۆژنامەی سەربەخۆ لەسەر دەسەڵات؟ وتی: ڕۆژنامە بە دوو شێواز پۆلێن دەکرێت، ئاڕاستەکراو وەکو ڕۆژنامە حیزبییەکان و نائاڕاستەکراو وەکو ڕۆژنامەیەکی ئازاد. هەروەها پێی وابوو کە ژمارەی ڕۆژنامەی ئازاد لە کوردستاندا کەمە، کە هەروەکو لە ڕووی کاریگەرییەتیشەوە پێی وابوو زۆر کەمە، چونکە ئەستەمە ڕۆژنامەی بچووک کار لەسەر دەسەڵاتی حیزبێکی گەورە بکات.

دواتر د. کەمال میراودەلی کۆمەڵێک ڕوونکردنەوە و ڕای دەربڕی سەبارەت بە بارودۆخی سیاسیی ئێستای کوردستان و کاریگەریی دەسەڵاتی سیاسیی کوردی لەسەر گۆڕەپانی سیاسی، کە پێی وابوو حیزبەکان کاریگەریی زۆر نێگەتیڤانەیان دروست کردووە لەسەر میللەت بە جۆرێک کە نەک تەنیا ڕۆژنامە ئازاد نییە، بەڵکو مرۆڤەکانیش ئازاد نین و خاکی کوردستانیش ئازاد نییە، بە جۆرێک کە دەسەڵات و بەرژەوەندیی تاکەکەسی و حیزبی لە سەرووی هەموو شتێکەوەیە و ئاگایان لە میللەت نەماوە. دواتر د. کەمال لە وەڵامی پرسیارێکی خاتوو ڤینۆس فایەق کە سەبارەت ڕۆژنامەی سەربەخۆ و ئازادیی ڕۆژنامەگەریی کرد لە بەڕێز ئاسۆس هەردی، پێی وابوو کە سەربەخۆیی ڕۆژنامە ئەوەیە کە ڕۆژنامەکە سەربەخۆ و دوور لە حیزب دەردەچێت، بەڵام لەژێرەوە سەر بە حیزبن؟! کە ئەمەش شێواندنی سەربەخۆییە. بەڵام بە نیسبەت ئازادیی ڕۆژنامەگەرییەوە ئەوا نووسینە بە ئازادی کە ئەمەش تاڕادەیەک شێواوە، چونکە ئەگەر حیزب بزانێت ڕۆژنامەکانی تر بابەتی ئازاد بڵاو دەکەنەوە، ئەوا ئەویش لاپەڕەی ئازاد بۆ بابەتی ئازاد تەرخان دەکات، وەکو ئەو نووسینەی بەندە کە هەرچەندە هێرشی تێدا بوو دژی حیزبەکان، بەڵام لە لاپەڕەی ئازادی کوردستانی نوێدا بڵاو کرایەوە.

پاشان بەڕێز د. جەبار قادر پرسیاری بواری تەکنیکی و زمانەوانی ڕۆژنامەی هاوڵاتی ئاڕاستەی بەڕێز کاک ئاسۆس کرد و لە وەڵامدا بەڕێزیان وتیان: دیارترین کێشەی ڕۆژنامەکان کێشەی زمانە، چونکە زۆر هەوڵمان داوە بۆ ئەوەی بە دیالێکتەکانی تریش بڵاوکراوە و هەواڵ بڵاو بکرینەوە، بەڵام بەداخەوە تەنانەت دوو نوێنەری هەمیشەییمان هەیە لە ئاکرێ و دهۆک ئەوانیش نووسراوەکان لە بادینییەوە دەکەن بە سۆرانی و ئەوجا ڕەوانەی دەکەن؛ بۆیە پێی وابوو کە سەرەڕای ئەمە کەمتەرخەمییەکیش هەیە لەلایەن نووسەرانی دیالێکتەکانی دیکەوە کە نووسراو نانێرن بۆ ڕۆژنامەکە.

سەبارەت بە کاری تەکنیکی، بەڕێزیان باسی چەند جۆرە نوێکارییەکی کرد لە جۆری نەخشەسازی و سایتی هاوڵاتیدا کە پێی وابوو بەم زووانە بەنیازن شێوازێکی تازە بۆ سایتی هاوڵاتی دروست بکەن.

لەکۆتاییدا بەڕێز سەرنووسەری هاوڵاتی لە وەڵامی پرسیارێکی هەڵەت هەمەوەندیدا سەبارەت بە کاریگەریی دابەشکردن لەسەر ئاست و مەودای ڕۆژنامەگەریی کوردی پێی وابوو کە دابەشکردن گرفتێکی هەمیشەیی و گەورەی بواری ڕۆژنامەگەرییە کە بە جۆرێک لاوازی و ناپێویستی شێوازەکانی دابەشکردن و لاوازیی هۆکارەکانی گواستنەوە کارێکی گەورەی کردۆتە سەر بوارەکانی ڕۆژنامەگەری لە ڕووی چەندێتی و چۆنێتییەوە، چونکە زۆرجار هەیە کە ژمارەکانی گۆڤارەکان دوو ڕۆژ یاخود زیاتر درەنگتر دەگەنە شار و شارۆچکەکانی تری وەکو دهۆک، زاخۆ، ئاکرێ و...تاد، چونکە هەندێ جار بەفربارین و بارانبارین کار لە درەنگگەیشتنی ژمارەی گۆڤارەکان و ڕۆژنامەکان دەکەن، کە سەرباری ئەمەش نەبوونی کۆمپانیای ئەهلی و دامەزراوەیی بۆ کارئاسانکردنی بواری دابەشکردن لایەنێکی تری نێگەتیڤی بواری دابەشکردنی گۆڤار و ڕۆژنامەکان، چ لەسەر ئاستی ناوخۆ و چ دەرەوە.

# کۆنفرانسی کەرکووك لە لەندەن

## لەژێر ناونیشانی "ڕاستییە مێژووییەکان، باشترین چارەسەرن بۆ کێشەی کەرکووك"

**مەڵبەند**




**لە ڕاستەوە: شۆڕش حاجی، فاروق رضاعە، د. نوری تاڵەبانی، عەبدالمنعم الاعسم، د. جەبار قادر، زهیر کاظم عبود، ئارام محەمەد و کاظم حبیب**

نزیکەی دوو ساڵ لەمەوبەر کۆمەڵێک ڕۆشنبیر و خەمخۆری لەدایکبووی شاری کەرکووک، بۆ گۆڕینەوەی بیر و بۆچوون لە چارەی کێشەی شارەکەیان بیریان لە پێکهێنانی دەستەی پشتیوانی کەرکووک کردەوە.

بە درێژایی تەمەنی ئەو دەستەیە، چەندان کۆڕ و کۆبوونەوەیان لەنێوان خۆیاندا ئەنجام داوە، بە نامە و بڵاوکراوە و چاوپێکەوتن سەرنجی خەڵکانی کورد و غەیرەکوردیان بە لای خۆیاندا ڕاکێشاوە.

بۆ ئەو مەبەستە پەیوەندییان بە مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد لە لەندەن کرد تا یارمەتییان بدرێت.

لە زاری خۆیانەوە مەڵبەند دەرگای بۆ ئاواڵەکردن تا سەرپشک چییان دەوێت بۆیان بکەن.

لە دەرئەنجامی چالاکییەکانیان ئەوەیان بە بیردا هات تا کۆنفرانسێک بۆ کێشەی کەرکووک لە لەندەن ببەستن، لەژێر ناونیشانی ڕاستییە مێژووییەکان، باشترین چارەسەرن بۆ کێشەی کەرکووک.

بۆ سەرکەوتنی ئەو کۆنفرانسە دەستەی ئامادەکاری خۆیان لە یازدە ئەندام پێکهێنا، تا ئامادەکاری بۆ بکەن. بۆ ئەم مەبەستە مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کوردیان کردە بنکەی خۆیان و دەستیان بە پەیوەندیکردن بە سەرکردایەتیی کوردەوە بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەستەکەیان و داوای یارمەتیکردن کرد. لە وەڵامی ئەو پەیوەندییەیان مەکتەبی سەرەککۆماری عیراق بە دە هەزار دۆلار یارمەتیی پشتگیریی خۆی پێشان دا و بۆی ڕەوانە کردن.

بە دوای وەڵام و پشتیوانی سەرۆککۆماری عیراق مام جەلال ئەوان گوڕ و تینێکی ماددی و مەعنەوییان لە لا پەیدا بوو، بۆیە چالاکانەتر کەوتنە بانگاشەی بیرۆکەکەیان، کۆمەڵێک خەڵکی ڕۆشنبیر، مێژووناس، سیاسەتمەدار، ڕۆژنامەنووسی کورد و عەرەب لەگەڵ کلدوئاشوورییان بە ئامادەبوونی کەناڵە ئاسمانییەکان بانگهێشتن کردبوو، تا لە ڕۆژی شەممە ٢٠٠٥/٩/٢٥ لە شاری لەندەن کۆنفرانسەکەیان ئەنجام بدەن.

کۆنفرانس ڕۆژێکی تەواوی بۆ تەرخان کرا، بەسەر سێ تەوەردا بۆ کۆڵینەوە و پرسیار و وەڵام بۆ دەرئەنجامێکی باشی ڕێگەچارە لە فۆرمێکی جواندا خۆی نواند.

سەرەتا بە خوولەکێک وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدان کۆنفرانس لە کاتی خۆیدا دەستی پێکرد. کاک ئارام محەمەد کە سەرپەرشتی تەوەری بەیانی دەکرد، کار و بەرنامەی کۆنفرانسی بۆ ئامادەبووان ڕوون کردەوە.

پاشان د. شێرزاد تاڵەبانی ئەندامی کارای دەستەی پشتیوانی کەرکووک بە زمانی عەرەبی بەخێرهاتنی میوان و ئامادەبووان کرد.



ئەنوەر محەمەد و بەشێك لە ئامادەبووانی کۆڕەکە



بێریڤان دۆسکی

بە دوای تەواوبوونی وتارەکەی دۆکیومێنتری بە فیلمی ڤیدیۆ ئەو چاوپێکەوتنەی کە لە دۆڵی بەردەقارەمان لەگەڵ د. حسێن شەهرستانی و د. موحسین ئەلجابر ئەنجامیان دابوو، پێشانی دانیشتووان درا. تا خەڵکی دەڤەرەکە بۆ خۆیان لە ڕاستیی ڕووداو و ئازارەکانیان بۆ بەشداربووان بدوێن، وێنەکانیان گەواهیی ڕاستییەکان بسەلمێنن.
کورتەی وتەکانی ناو ئەو فیلمە ئەوەیان پێشان دەدا کە چۆن لەسەر ئەوەی کە ئەوان کورد بوون و ڕەگەزی خۆیان نەگۆڕیوە بە عەرەب هەموو زەوی و خانوویان لێ زەوت کراوە. بێگومان ئەوە هەر کوردی نەگرتۆتەوە، بەڵکو تورکومانیش هەمان کێشەیان هەبووە.
دوابەدوای ئەوە ئەندامێکی کارای دیکەی دەستەکە کاک ئەنوەر محەمەد بە زمانی ئینگلیزی وتەی خۆی پێشکەش کرد، تیایدا ڕوونی کردەوە ئەوان پێویستیان بە یارمەتی هەموو دۆستانە و ئەوان مەبەستیان لەم کار و چالاکییەیان دۆزینەوەی چارەسەرێکی ئاشتی و برایانەیە و هەوڵدانە بۆ ئەوەی پشتگیری لە خەڵکی ئەو شارە بکەن.

پاشان باڵوێزی عیراق لە بریتانیا کە بانگهێشتن کرابوو بۆ ئامادەبوون بە نامەیەک سەرنج و تێبینییەکانی خۆی ئاراستەی کۆنفرانس کرد و داوای لێبووردنی کرد کە بە هۆی سەرقاڵییەوە نەیتوانیوە ئامادە بێت.
بە دوای ئەو نامەیەدا وتاری یەکێتیی نیشتمانی لەلایەن هاوار حاجی و وتاری پارتیی دیموکراتی کوردستان لەلایەن پشتیوان مەلازادەوە خوێنرایەوە و پشتگیریی خۆیان بۆ سەرکەوتنی کۆنفرانس پێشان دا.
پارێزگاری کەرکووک کە خودی خۆی لەبەر کاروباری زۆری نەیتوانیبوو



تارا جاف



عەدنان کەریم




دڵخۆش عومەر



هاوار حاجی



پشتیوان مەلازادە



عەدنان حسێن

ئامادە بێت بە وتەیەکی درێژ سەرنج و کتێبەکانی خۆی بۆ کێشە و چارەی ئاشتییانەی ئەو شارە لەسەر زمانی کاک هەڵەت هەمەوەندییەوە پێشکەش کرد.

لە کۆتایی وتارەکەی پارێزگاردا، کاک عەدنان کەریمی هونەرمەند و ڕۆشنبیر لەدایکبووی ئەو شارە دێرینەی کورد، بە دەنگە زوڵاڵەکەی بە دوو گۆرانی: "کەرکووک ئەی تیشکی منداڵییم" بۆ ساتێکی کەم زیاتر دڵی بەشداربووانی هوروژاند. هەر بەوەشەوە نەوەستا، باسێکی کورتی دەربارەی ڕەسەنایەتیی گۆرانیی کوردی کرد. بە ڕای ئەو دەتوانرێت ئەو ڕەسەنایەتییە لە ناوچەی کەرکووک و گەرمیاندا بسەلمێندرێت. بۆ ئەوەش نموونەیەکی لەسەر مەقامی ئەلاوەیسی هێنایەوە و بە دەنگە خۆشەکەی ئاوازێکی چڕی.

بە تەواوبوونی ئەو ساتە سۆزاوییە، د. جەبار قادر واتە لە مۆسیقاوە بۆ مێژوو سەختە دانیشتووان گوێڕایەڵی بێت، بەڵام توانا و سەرقاڵیی ئەو کەڵەپیاوە، ئەو کەڵەڕۆشنبیرەی لەدایکبووی هەمان شار، سەرنجی هەمووانی بەلای خۆیدا ڕاکێشا و بە زمانی عەرەبی مێژووی پێنج هەزار ساڵ لەوەوبەری بە بەڵگە و فاکتەوە بۆ دانیشتووان ڕوون کردەوە، بەڕاستی جێی ڕەزامەندیی هەموو لایەک بوو.

بە دوای ئەودا پیاوی دیاری ڕۆژنامەنووس و کەسایەتیی عەرەبی پێشکەوتنخواز بەڕێز عەدنان حسێن بیر و بۆچوونەکانی بە دانیشتووان پێشکەش کرد، زیاتر سەرنجی بەشداربووانی بۆ پەیمانی سیڤەر ڕاکێشا، وتی ئەگەر ئەو پەیمانە جێبەجێ بکرایە ئێستا کێشەی کەرکووک نەدەبوو چۆن لەوێدا دان نراوە بە کوردستانییەتی کەرکووک دا.

ئەو بەلایەوە سەیر بوو کە لەم چەرخەدا کە تاک مافی چارەنووسی هەیە، ناهێڵن خەڵکی ئەو شارە مافی چارەی خۆنووسیان هەبێت.

پێشنیاری ئەوەی کرد و بە پێویستی زانی کە بارودۆخی ئەو شارە و هەموو ئەو شارانەی تریش کە کێشەی هاوجۆریان هەیە، پێویستە ئاسایی بکرێتەوە. پاشان ئەو خەڵکانەی کە ڕاگوێزراون بگێڕدرێنەوە و ئەو هاوردانەش لەو ناوچانە بگوێزرێنەوە بۆ ناوچە ئەسڵییەکانی خۆیان، پاشان پرسیار لە خەڵکی ڕەسەنی ئەو ناوچانە بکرێت تا بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن.

لە وەڵامی پرسیارێکدا ڕوونی کردەوە ئەگەر بڕیار بێت ئەو عەرەبە هاوردانە بمێننەوە ئەوسا دەبێت قبووڵ بکرێت کە جوولەکە هاوردەکانی ئیسرائیلیش هەقیان بدرێتێ لە شوێنی خۆیان بمێننەوە.

لە کۆتایی سەرنجەکانی ئەو بەڕێزەدا خاتوو تارا جاف بە پارچە مۆسیقایەک کۆتایی بە تەوەری سەر لە بەیانی هێنا.

هەروەها هونەرمەند دڵخۆش عومەریش بە چەند گۆرانییەک بەشداریی کۆڕەکەی کرد.

لە ژمارەی داهاتووی «مەڵبەند»دا چەند بابەتێک سەبارەت بە کۆنفراسەکە بڵاو دەکەینەوە.



د. نوری تاڵەبانی



د. شێرزاد تاڵەبانی

### لە هەگبەوە

# عەلوەکە



## شێرزاد شێخانی

> "...هەڵبەت لە هەموو دونیاشدا دەستوور لە دژی پۆلیس و ڕێگەپێدراوەکانی دەردەچێت، ئەگینا ئەسڵەن هەموو کەس ماف و ئەرکەکانی خۆی دەزانی ئەگەر پۆلیس پێشێلیان نەکات."

دوای سێ مانگ لە شەڕێکی دەستەویەخەی سەرکردایەتیی کورد لەگەڵ لایەنەکانی تری عیراقدا، ئەخیرەن دەستوورەکە نووسرا و، بۆ یەکەم جار لە مێژووی عیراقدا بوونی کورد سێ بەشی مافەکانی لە دەستووردا جێگیر بوو، بەمەش بە نیسبەت کوردەوە شەڕەکە کۆتایی هات، ئەوا جارێکی تریش سەرکردایەتیی کورد ئیشیان پێمان کەوتەوە. بۆیە زۆر ئاسایی بوو کە لەم ڕۆژانەدا دیسان گوێم لە لێدوانەکانی دەستگای کارەبا بووەوە کە گوایە ئەمجارە کارەباکە ڕۆژانە دەبێتە ١٢ سەعات بە تەماشن بیکەن بە ٢٤ سەعات. جا خۆشییەکەی لەوەدایە کاتێ گوێم لەو مژدە خۆشە بوو بە مولیدە بچووکەکەی ماڵەوەم تەلەفزیۆنەکەم ئیشی دەکرد، ئەو مولیدە نەبوایە ئەوا لێدوانە مژدەبەخشەکانی مودیری دەستگای کارەبام لە کیس دەچوو. جا کارەبا زیاد بکات یا نەکات ئەوە ناچارین مل شۆڕ بکەین و سەد جار بڵێین (بەڵێ!) بۆ دەستووری عیراق.

لەم ڕۆژانەدا خزمێکی خۆم موفەوەزی پۆلیسە، واتە وەکو بنکە پۆلیسەکان پێیان دەڵێن: "ڕێگەپێدراو"، لێی پرسیم "ئەرێ کاکە دەستوور چییە؟" ئەو ڕێگەپێدراوە واتە کاکی موفەوەزە، ٣٨ ساڵی ڕێک خزمەتی هەیە و داڵێکی سپیشی لە یەخەی گرتووە. لەڕاستیدا نەمزانی چی پێ بڵێم. جارێکی تریش هەمان ئەو ڕێگەپێدراوە، واتە ئەو موفەوەزە بەیەکەوە سەیری تەلەفزیۆنمان دەکرد، لەو کاتەدا وێنەی «کەعبە» هاتە سەر شاشە، لێی پرسیم "کاکە ئەوە ماڵی شەیتان نییە ئەوەی حاجییەکان بەردی تێدەگرن؟" دیسان نەمزانی چی پێ بڵێم. بە هەرحاڵ با لە ئەسڵی مەوزوعەکە دەرنەچم، پێم وایە تەنیا پێشنووسەکەی دەستوور پانزە ساڵی ئەوێ تا لەو برا ڕێگەپێدراوە، واتە (موفەوەزە) بگەیەنم، ١٥٠ ساڵی تریشی ئەوێ تا برگەکانی تری دەستووری بۆ شی بکەمەوە، ١٥٠٠ ساڵیشی ئەوێ تا وای لێ دێت ئەو برا ڕێگەپێدراوە دەستوورەکە باش هەزم دەکات و ئەرک و مافەکانی هاووڵاتییان دەزانێت لە دەستووردا. جا وەرە دەستوور بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی ئەو برا ڕێگەپێدراوە جێبەجێی بکات، هەڵبەت لە هەموو دونیاشدا دەستوور لە دژی پۆلیس و ڕێگەپێدراوەکانی دەردەچێت، ئەگینا ئەسڵەن هەموو کەس ماف و ئەرکەکانی خۆی دەزانی ئەگەر پۆلیس پێشێلیان نەکات.

بۆ نموونە وا تێ نەگەن کە خەڵکی هەولێر دوای پانزە ساڵ لە ڕزگاربوونیان لە دەست سەددام حوسێن نازانن مافی ئەوەیان هەیە لە دژی پچڕانی کارەبا خۆپێشاندان ساز بکەن. ئەوان دەزانن کە خۆپێشاندان مافێکی دیموکراسی و سروشتییە، بەڵام کە نایکەن چونکە دەزانن ئەو برە کارەبایەی لە کوردستانی باشووردا هەیە کە زۆری نەماوە ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ بەپێی پێشنووسی دەستووری عیراقەوە، دەزانن ئەو کارەبایە تەنیا بەشی هەندێ لێپرسراو و ڕێگەپێدراوەکانیان دەکات، ئەوەی کە دەشمێنێتەوە جا سەعاتێک بێت یا سەعاتونیوێک، سەرو زیادەیە، جا بۆچی حکوومەت مەشغوڵ بکەن بەو شتە پڕوپووچانەوە، ئەسڵەن گوناهیشە حکوومەتێکی ساوای وەک ئەوەی لەمەڕ خۆمان بەو شتانەوە مەشغوڵ بکەین کە ئەو ڕۆژانە خەریکی دابەشکردنی نەوت و بەنزینە تا نەختێ لە نرخی بەنزین لە دەهەزار دینارەوە بێنێتە خوارەوە. ئێمە دەزانین بەپێی ئەو دەستوورەی کە بە شەق دەبێت بە (بەڵێ) دەنگی بۆ بدەین، مافی ئەوەمان هەیە هیچ ڕێگەپێدراوێک بە شەق مامەڵەمان لەگەڵدا نەکات، بەڵام برا، ملی ئەستوور بۆ شەق نەبێت بۆچی باشە. کاکە گیان ئێمە دەزانین بەپێی برگەکانی دەستوور هەقمان بەسەر حکوومەتەوە هەیە لە وەزیفەیەک دامانمەزرێنێت، بەڵام ئەی ئەو چاوبەخومار و لەنجەولارانەی بە دوای وەزیفەدا دگەڕێن بۆ کوێ بچن، خۆ ئەوانیش بەپێی دەستوور مافی یەکسانییان هەیە و نابێت لە ماڵەوە بەرانبەر بە زنجیرە مەکسیکییەکان دانیشن. ئێمە دەزانین بەگوێرەی دەستووری کوردستانەکەمان یەکپارچەیە و زەمانی دوو حکوومەتی ئەملا و ئەولا بەسەر چوو، هیچیشی نەماوە هەردوو حکوومەتەکە ببن بە یەک حکوومەتی یەکگرتوو، هیچ گومانی تێدا نییە بەم زووانە دەبن بە یەک، بەڵام برام حکوومەتی سلێمانی هەقی خۆیەتی تاکسی ژمارە هەولێر لە سلێمانی قەدەغە بکات، هەقی حکوومەتی هەولێریشە ڕێگە نەدات حکوومەتی سلێمانی پارە بۆ پرۆژەکانی ناوچەی باڵەکایەتی سەرف بکات!!

# هەڵەبجە ٢٠٠٥

دایک و باوکێک دوو ڕۆڵەیان لە کیمیابارانەکەی
هەڵەبجەدا شەهید بوون و خۆشیان چاوەکانیان کوێر بووە، دەڵێن:
"تراژیدیا و کیمیاباران، خۆشەویستیمان لێ ون ناکا"

وێنە: جەمال پێنجوێنی



# DIAMOND AUTO

Years' Experience

MOT Undertaken

## REPAIRS TO MOST MAKES OF VEHICLES

**FREE COLLECTION AND DELIVERY**

**FREE VACUUM AND CLEANING IN & OUT FOR ANY SERVICE AT ANY TIME**




**FREE ESTIMATES**

**ALL WORK GUARANTEED**

- WELDING & CRASH REPAIRS
- BODY WORK AND SPRAYS
- SAME DAY SERVICING
- ELECTRICAL REPAIRS
- MECHANICAL REPAIRS
- MOT UNDER TAKE







WE ARE HERE

Accident Management

ARCH 58 BARD ROAD LONDON W10 6TP
Mob: 07737373116 Tel: 0208 964 5667 Fax: 0208 964 5664

OPENING HOURS: *MON-FRI: 8.30am 6.30PM *SAT: 8.30AM-1.30pm

# نووسینگەی «سۆما»

## باشترین نووسینگەی کوردی بۆ وەدەستهێنانی بلیتی فڕۆکە بۆ کوردستان و وڵاتانی تری جیهان

فرۆشتنی بلیتی فڕۆکە و ئاسانکاری ڤیزا بۆ کوردستان و
هەموو وڵاتانی تری جیهان




Tel: 020 7262 3222
Fax: 020 7180 1975
Mob: 079 6736 7647

بۆ زانیاریی زیاتر، تکایە پەیوەندیی بکەن
بە بەڕێز کاک "**کامەران حەوزێزی**"یەوە

# نووسینگەی «سۆما»



فرۆشتنی بلیتی فڕۆکە و
ئاسانکاری ڤیزا بۆ کوردستان و
هەموو وڵاتانی تری جیهان





**باشترین نووسینگەی کوردی بۆ وەدەستهێنانی بلیتی
فڕۆکە بۆ کوردستان و وڵاتانی تری جیهان**






## نووسینگەی «سۆما»

بۆ کڕین و فرۆشتنی هەموو جۆرە
دراوێک، هەروەها بۆ ناردنەوەی
دراو بۆ کوردستان و هەموو وڵاتانی تر

**لە ماوەی ١٠ خوولەکدا**

**Soma Exchange**
121 Edgware Road
London W2 2HX

Tel: 020 7262 3222
Fax: 020 7180 1975
Mob: 079 6736 7647

**SOMA**

بە کرێدانی خانوو، فلات،
هەروەها بۆ وەدەستهێنانی هەموو
پێداویستییەکانی خانووبەرە

PHOTO AND DESIGN: AKI BABAMIRI

بۆ زانیاریی زیاتر، تکایە پەیوەندیی بکەن بە بەڕێز کاک **"کامەران حەوێزی"** یەوە

# 08712151215

## بۆ پەیوەندییکردن
## بە کوردستان و هەموو جیهانەوە

# ++44 (0) 70992

**بۆ پەیوەندییکردن بە مۆبایلی هەولێر . دهۆک،**
**ئەم ژمارەیە 70992 (0) 44++ لێ بدە لەگەڵ**
**پێنج ژمارەی کۆتایی ئەو مۆبایلەی کە داوای دەکەیت**



## کۆمپانیای ئەسعەدی